# کارتی کەرکوک لەهەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

بەدڵنیاییەوە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کاریگەریی زۆری لەسەر کێشەی کەرکوک و ناوچە جیناکۆکەکان دەبێ. ئەگەرچی هێشتا زووە وێنایەکی وردی ئەنجامەکان گەلاڵە بکرێ، بەڵام هەرچییەک بێ ئەنجامەکان، دەبێ لەئێستاوە پێشبینیی ئەوە بکەین کەئەو لایەنانەی لەچوار ساڵی رابردوودا هەوڵیان داوە کەرکوک لەدەرەوەی هەرێم بهێڵنەوە، لەخولی چوار ساڵی داهاتوشدا زۆرترو کاراترو سیستماتیکتر هەوڵی بۆ دەدەن.

بەشێك لەو لایەنانە کەرکوك وەك کارتێك بۆ پەیداکردنی دەنگ لەهەڵبژاردنی داهاتوودا بەکار دێنن و وای لێك دەدەنەوە کە لەم بوارەدا چەند توندڕەوتر هەڵوێست بنوێنن، دەنگێکی زۆرتر بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. هاوینی رابردوو، یەکێ لەکاربەدەستە شیعەکان کەئومێدێکی زۆر لەسەر هەڵبژاردنی بەسەرەك وەزیرانی داهاتوی عێراق هەڵدەچنێ، لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ تورکیا، لەئەنکەرە لەگەڵ هەندێ لەخوێندکارە تورکمانەکان کۆبۆوەو زۆر بەروونی و بەوپەڕی راشکاوییەوە جۆری بیرکردنەوەو تێڕوانینی خۆی سەبارەت بەمەسەلەی کەرکوک خستە بەرچاوو لیبڕاوانە بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییە کرد کەهێشتنەوەی کەرکوک وەك شارێکی عێراقی، دەستەواژەیەك کە بەمانای هێشتنەوەی کەرکوک لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی هەرێم دێ، ئەرکی هەمووانە.

لەهەوڵێکیشدا بۆ بەکارهێنانی رەوانبێژییەکی دەم پاراو وتی "لەبەردەمی هەمووتان رایدەگەیەنم کە شانازیم بەوەوە دەکرد کەتورکمان بومایە". کەس ناتوانێ گەرەنتیی رادەی کاریگەریی ئەم رستەیە لەسەر خوێندکارە تورکمانەکان بکات، بەڵام وتنی ئەم رستەیە وا دەکا پێویست نەکا باسی ئەو بەڵێنانە بکەین کە بەتورکمانی داوە.

کاتێك مەسەلەکە دێتە سەر کەرکوك، ئەم کابرایەو کەسانی وەکو ئەو، لەتورکمان تورکمانترن، بەڕادەیەك کە لەدیدارەکەیدا لەگەڵ عەبدوڵڵا گولی سەرکۆماری تورکیا، ئەوەندە بەگەرم و گوڕی باسی کەرکوك و تورکمانی کرد، گول بەپێکەنینەوە پێی وت "بەرێز، تۆ وا باسی تورکمان دەکەیت وەك ئەوە وایە جەنابت تورکمان بێت". بەدڵنیاییەوە پێکەنینەکەی گول مانای خۆی هەیە.

کرۆکی مەسەلەکە پەیوەندیی بەتورکمانەوە نییە چونکە تورکمانەکان چ سەر بەهەرێم بن چ لەدەرەوەی هەرێم بمێننەوە، مافیان پارێزراوو مسۆگەرە. مەسەلەکە هەوڵدانە بۆ بەکارهێنانی هەموو کارتەکان، تەنانەت کارتە بچوکەکانیش، بۆ هێشتنەوەی کەرکوك لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی هەرێم.

لەعێراقدا تورکمان بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ رێژەی ١,١٥٪ی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن و بەم رێژەیە ژمارەیان لەژمارەی مەسیحییەکان کەمترە کەرێژەیان بەپێی هەمان سەرژمێر دەگاتە ٢,١٤٪. ئەم رێژە کەمە، ئەگەر مەسەلەی کەرکوك نەبێ، ئەوە ناهێنێ سیاسەتمەدارەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەو ئەندازەیە خۆیانی پێ سەرقاڵ بکەن. لەرۆژئاوادا، بەتایبەتی لەئەمریکا، هەندێ لەکەمینەکان، لەسەرووی هەمویانەوە جولەکە، سەرەڕای بچوکیی قەوارەیان لەکۆمەڵدا، لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە دەسترۆیشتون و لەم سۆنگەیەوە لەهەموو بانگەشەیەکی هەڵبژاردندا هیچ پاڵێوراوێکی سەرۆکایەتی ناتوانێ نەیانخاتە ئەجندەکەیەوە. لێرە مەسەلەکە جیاوازە. ئەم خۆ نزیککردنەوەیە لەتورکمان لەو سۆنگەیەوە نییە کەتورکمان دەسترۆیشتون، بەڵکو لەو روانگەیەوەیە کەبتوانرێ بەشێوەیەك بەکار بهێنرێن کەزیان لەکورد بدا.

کەواتە رەوشەکە پێویستی بەوریاییەکی زۆرتر هەیە، چونکە چوارساڵی داهاتو وەکو چوار ساڵی رابردوو نابن.




# کە دەوڵەتی بەزۆر دروستکراو بوو بەدەوڵەتی فاشیل دەبێت زەمینەی یاسایی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەرکەتوو سازبکرێت

ڕێکخراوی سندوقی ئاشتی جیهانی کە بەهاوکاری گۆڤاری بەناوبانگی فۆرین پۆلیسی لەساڵی ٢٠٠٧ دەوڵەتەکانی جیهانی لە فاشیلەوە بۆ سەرکەتوو پۆلێن کردبوو، دەوڵەتی عێراق لەدوای دەولەتی مینمار دووەمین دەوڵەتی فاشیل بوو لە جیهاندا، دوای سەرکەوتنی پرۆسەی زیادکردنی لەناکاوی هێزەکانی ئەمریکا((Surge)) و باشبوونی ڕێژەیی باری ئەمنی لە بەغدا تارادەیەك تێروانینی جیهان بەرامبەر بەعێراق باشتر بوو بۆیە بە پێی ئاماری فۆرین پۆلیسی سندوقی ئاشتی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ عێراق (واتە بەشە عەرەبیەکەی عێراق) لە ریزبەندی دوومی دەوڵەت فاشیلەکان هاتە ریزبەندی شەشەم بەمجۆرە ((سۆماڵ، زیمبابۆی، سۆدان، چاد، کۆنگۆ، عێراق)) بێگومان ئەم ڕێزبەندەی ئێستای عێراقیش کە تارادەیەك پیش ئەو چەند دەوڵەتە کەتووە بەڵام هەر ٦ دەوڵەتەکە لە هیچ روویەکەوە هیچیان لەوی دیکەیان باشتر نابێت و وەك ڕاپرۆتەکەش ئاماژەی پێکردووە، هێشتا ئەم باردۆخە لە عێراقدا سەقامگیر نەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەهەموو کاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە عێراق ببێتەوە بە یەکەمی ریزبەندی

**ڕێکخراوی سندوقی ئاشتی جیهان لە راپۆرتی حەوتەمیدا ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووە (ڕێگەچارە: یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق)ە ( A WAY OUT: THE UNION OF IRAQI STATES)، ئەمە مانای ئەوەیە تەنانەت فیدرالیزمیش ناتوانێت کێشەی عێراق چارەسەر بکات**

دەوڵەتە فاشیلەکان لە جیهاندا، بەتایبەتی کە ڕووداوەکانی ئەم دواییە سەلماندنی کە باری ئەمنی زۆر شلۆقە و هەروەها لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیش ئەوە وتوێژەکان لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق و ڤیتۆکردنی ڕۆژانەی لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە ئەوە پیشاندەدەن، کە عێراق بارە سیاسیەکەی لە بارە ئەمنیەکەی باشتر نیە، بێگومان لەم راپۆرتە کە باسی عێراق دەکرێت مەبەست لە عێراقی عەرەبیە بێجگە لە هەرێمی کوردستان و پۆلێنکە لەسەر فاشیلی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق کە ئەم دامەزراوانە تەنها لە بەغدای پایتەختی عێراقن.

ڕێکخراوی سندوقی ئاشتی جیهان کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە ساڵانە راپۆرتێك لەسەر باری عێراق ئامادە دەکات، لە راپۆرتی حەوتەمیدا ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووە (ڕێگەچارە: یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق) ( A WAY OUT: THE UNION OF IRAQI STATES)، ئەمە مانای ئەوەیە تەنانەت فیدرالیزمیش ناتوانێت کێشەی عێراق چارەسەر بکات، لەبەر ئەوەی عێراقیەکان ناتوانن پێکەوە بژین و گیانی پێکەوە ژیانیان لەسەر ئاستی سیاسیی و کلتوری و ئیتنی و مەزهەبی تێدانیە، بۆیە زۆر بەراشکاوانە دوا دەکات عێراق بکرێتە ٣ دەوڵەتی سەربەخۆی (کوردستان، سونەستان،شیعەستان)بەڵام پشت بە دەستوورێك وەك دەستوورەکەی یەکێتی ئەورپا، یەکێتیەکی تازە دروستبکرێتەوە بە ناوی یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق، ئیدارەی ئێستای ئەمریکا کە جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکایە و دەکرێت پێشی بگوترێت سەرۆکی سێبەری ئەمریکا، پێش ئەوەی ببێتە جێگری سەرۆکی ئەمریکا، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بوو، ئەوکات لە ساڵانی ٢٠٠٦ و٢٠٠٧ سەرقاڵی دارشتنی پلانی B بوو بۆ عێراق، ئەم پلانە دوای دیراسەتێکی زۆر و وەك پرۆفیسۆر لیسلی گلب سەرۆکی فەخری ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە(CFR) کە یەکێك بووە ڕاستەوخۆ بەشداری لە پلانەکەی بایدن کردووە لە دیمانەیەکدا بە گوڵانی راگەیاند کە زۆر ماندووبووە هەتا جۆزیف بایدنی بە بیرۆکەی فیدرالیزم بۆ عێراق رازیکردووە، گلب لە دیمانە تایبەتەکەی گوڵاندا ئەوەی لێ نەشاردینەوە کە هۆکاری سەرەکی بۆ ترسی کۆنگریسمانەکان لە فیدرالیزمەکردنی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی لۆبی عەرەبستانی سعودی لە ناو کۆنگرێسدا، بەڵام وێرای ئەوەش لەبەر ئەوەی چارەسەری فیدرالیزم تەنها چارەسەر کە ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە، بۆیە کۆنگریسمانەکانی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە و بەسەرۆکەکەشیەوە کە ئەو کات جۆزیف بایدن بوو، پاشتر بەوە رازیبوون کە فیدرالیزمەکردنی عێراق بکەن بەشێك لە پلانی Bبۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، بۆ زیاتر دڵنیابوون لەسەر ئەم پرسە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان راشکاوانە ئەم پرسیارەشمان ئاراستەی بەرێز جۆزیف بایدن کرد، کە ئەو کات جۆزیف بایدن لەگەڵ باراك ئۆباما پێکەوە لە دانیشتەنەکانی گوێگرتن لە کۆنگرێس بۆ رایان کرۆکەری باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق و ژەنراڵ پەتریۆس پێکەوە پرسیاریان لەسەر باردوخی عێراق لێدەکردن، لە لێدوانێکی تایبەتی جۆزیف بایدن بۆ گوڵان بەراستی دڵنیای کردینەوە، کە ئەو لەگەڵ ئەوەیە فیدرالیزمی عێراق بەوشیوەیە بێت کە حکومەتە هەرێمیەکان بەهێزبن و حکومەتی فیدرالی بەغدا بێجگە لە دەسەڵاتە حەسریەکان دەسەڵاتێکی دیکەی نەبێت،ئەمەش واتە هەرێمەکان دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیانەی دەبێت کە راپۆرتەکەی سندوقی ئاشتی جیهان ئاماژەی پێکردووە، بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان خاتوو پاولینا باکەر سەرۆکی سندوقی ئاشتی جیهان و نووسەری ئەو راپۆرتە بەشداری کردوین و بە تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتە قسەیکردووە، بۆیە لەناو راپۆرتەکە کەمتر لەسەر ووردەکاری ئەو راپۆرتە و زەمینە سازی یاسایی بۆ دروستکردنی دەوڵەت قسە دەکەین، دەقی قسەکانی پرۆفیسۆر پاولینا وەك خۆی لەم راپۆرتە بڵاو دەکەینەوە.بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن بیرۆکەی راپۆرتێك لەسەر زەمینە سازی یاسایی بۆ دروستکردنی دەوڵەتەکانی عێراق دووبارە لە گوڵان هاتە ئاراوە، بێگومان خوێنەرانی گوڵان ئاگادارن لە ژمارەی پێشووی گوڵان، پرۆفیسۆری یاسا و تایبەتمەند لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ گوڵان و تایبەت بەرەوشی کوردستان و ناهەقیەکانی ناو راپۆرتەکەی هیومان رایتس ۆوچ کە لەسەر باردۆخی موسڵ چەند رەخنەیەکی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتبوو.،ئەو راشکاوانە راسپاردەی خۆی پێ راگەیاندین کە تەنها ڕێگە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە زەمینەی یاسایی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان ئامادەبکەین و بێجگە لەم ڕێگەیەش هەرێمی کوردستان ڕێگە چارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نیە، ئێمە لە گوڵان ئەم راسپاردەیەی پرۆفیسۆر داماتۆمان کردبووە مانشێتی دیمانە بۆیە لەلایەن هەندێك خوێنەری گوڵانەوە بە تەلەفون و ئیمیل ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە کراینەوە، ئایا ئامادەکردنی زەمینەی یاسایی بۆ ئەرکە چۆن جێبەجێ دەرکرێت؟ بۆیە ئێمەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی خوینەرانمان جارێکی دیکە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئەنتۆنیۆ داماتۆ کرد و پێمان راگەیاند کە

**هۆکاری سەرەکی بۆ ترسی کۆنگریسمانەکان لە فیدرالیزمەکردنی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی لۆبی عەرەبستانی سعودی لە ناو کۆنگرێسدا**



پێشنیارەکەی بەرێزت پرسیارێکی لای خوێنەرانی ئێمە وروژاندووە و لێمان دەپرسن چۆن زەمینەی یاسایی بۆ دروستکردنی دەوڵەت ئامادەدەکرێت، بەسوپاسەوە و وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بەوەی قسەکانی جێگەی بایەخی خوێنەرانی گوڵانن وەڵامی ئەو پرسیارنەشی داینەوە، شایەنی باسە پرۆفیسۆر داماتۆ راوێژکاری یاسایی دەسەڵاتی کۆسۆڤۆ بووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ و ئێستا کۆسۆڤۆ دەوڵەتە و کۆسۆڤۆش وەك شەهید سامی عەبدولرحمان لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە کۆرێکدا ئاماژەی پێکرد، لە زۆر رووە لە هەرێمی کوردستان دەچێت و لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو وەك کوردستان ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بووە لەناو کۆماری یوگسلافیای پێشوودا و شەهید سامی عەبدولرحمان لە هەفتەکانی سەدەی رابردوو بە یاوەری شاندێکی عێراقی و کوردستانی سەردانی ناوچەی ئۆتۆنومی کۆسۆڤۆی کردووە بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی کۆسۆڤۆ وەربگرن بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە چوار چیوەی دەوڵەتی عێراقدا، هەروەها هەمووشمان لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و دوای سەرنەکەوتنی رێککەوتنی رامبۆیی بۆ چارەسەری کێشەی کۆسۆڤۆ لەگەڵ کۆماری سربیا چۆن دووچاری کۆرەوێکی هاوشێوەی کۆرەوەکەی ١٩٩١ی کوردستان بووەوە و پاشان بووە بە ناوچەیەکی ئارام کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا و ساڵی پاریش لە ریفراندۆمێکدا بریاری چارەنوسی خۆیدا و جیهانش سربیای ناچار کرد رێز لە ئیرادەی گەلی کۆسۆڤۆ بگرێت، بۆیە پرۆفیسۆر دۆماتۆ کە ئەم پێشنیارە دەخاتە بەردەم کورد خاوەنی ئەزمونێکی سەرکەوتووە، هەروەها پێشتریش کە رێککەوتنی ئەمنی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی ئەمریکا ئیمزا کراو وادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دیاری کرا، پرۆفیسۆر داماتۆ ئەم پێشنیارە خستە بەردەمی سیاسەتسازان و ئیدارەی حکومەتی ئەمریکاو لە وتارێکیدا،بەناونیشانی ( ئایا کورد لەبیر بکەین؟ ) (Are We Forgetting the Kurds?) (http://jurist.law.pitt.edu/forumy/٢٠٠٨/٠٨/are-we-forgetting-kurds.php) کە گۆڤاری (jurist) راشکاوانە ئیدارەی ئەمریکا ئاگادار دەکاتەوە کە ئیلتزامی ئەخلاقی بەرامبەر کورد ئەوەیە پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆ دابمەزرێنین،لەبەر ئەوەی دوای شەری یەکەمی جیهان بەڵێنی دەوڵەتیان پیدراو پاشان بۆ یان جێبەجی نەکرا.

### دەوڵەتە بەزۆر دروستکراوەکان هەڵەی دەستکردی هێزە گەورەکانە و هەردەبێت خۆشیان راستی بکەنەوە

هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دروستکران، وەك دەسکەوتی شەر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و بەرهەمی رێککەوتنی سایکس – بیکۆیە کە پێش رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مۆریان کردووە کە دەسکەتەکانی شەڕ چۆن لە نێو خۆیاندا دابەش بکەن، ئەمە دروست وەك دەسکەوتی ئەو شەرانەیە کە لە مێژووی عەرەبدا بوونی هەیە کە چۆن ئافرەتەکانیان لەشەردا دەگرت و پاشان بەناوی جاریە بەسەر فەرماندەی شەرەکاندا دابەش دەکران،دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقیاو تەنانەت ئەورپای رۆژهەڵات و بەشێك لە ئەورپای ناوەراستیش بەرهەمی ئەو دابەشکردنەیە، بەڵام وەك هەنگاوی یەکەم لە ئەورپا هەوڵدراوە ئەو هەڵەیە راستبکرێتەوە و لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و راگەیاندنی سیستمی نوێی جیهان بە دەیان دەوڵەتی سەربەخۆ دامەزران و بوون بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تازەترینیان دەوڵەتی کۆسۆڤۆیە، لە رۆژهەڵاتی ناوەراستیش تەنها باسکردن و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان لە کورد حەرامکراوە، ئەگەر نا ئەوەتا هەموو کات بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین باس لە چارەسەری دوو دەوڵەتی سەربەخۆ دەکرێت، بەڵام پەیدابوونی رێکخراوێکی تیرۆریستی وەك حەماس و دەرچوونی لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستیندا و شیواندنی بارودۆخی ناوچەکە وایکردووە، ئەوچارەسەرە دوور بخرێتەوە و جێبەجێ نەکرێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەگشتی و هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بیر لە رێگە چارەیەك بەو جۆرە بکرێتەوە کە کوردیش لە عێراقدا ئەو مافەی هەبێت کە بریار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات،بەتایبەتی کە ئەوە ماوەی ١٨ ساڵە هەرێمی کوردستانی عێراق وەك بارێکی دیفاکتۆ دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و دەوڵەتی ئەمری واقیعە و لەمەش زیارت نەك هەر پابەندبوونە نێودەوڵەتیەکانی جێبەجی کردووە بەڵکو بۆتە فاکتەرێك بۆ ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە و جیهان هەروەها بۆتە مۆدێلێکیش بۆ پیادەکردنی دیموکراتی و بازاری ئازاد لە ناوچەکەدا،بۆیە گرنگە وەك ئەنتۆنیۆ داماتۆ ئاماژەی پێکردووە رێز لە ئیرادەی کورد بگیرێت و لەم قۆناخە ناسکەدا لەبیر نەکرێت، ئەو زوڵمەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە کورد کراوە لەسەرەتای سەدەی بیست و یەك قەرەبووبکرێتەوە و هەڵەکە راستبکرێتەوە.

> **فیدرالیزمی عێراق بەوشێوەیە بێت کە حکومەتە هەرێمییەکان بەهێزبن و حکومەتی فیدرالی بەغدا بێجگە لە دەسەڵاتە حەسرییەکان دەسەڵاتێکی دیکەی نەبێت**

> **چۆن زەمینەی یاسایی بۆ دروستکردنی دەوڵەت ئامادە دەکرێت؟**

> **ماوەی ١٨ ساڵە هەرێمی کوردستانی عێراق وەك بارێکی دیفاکتۆ دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و دەوڵەتی ئەمری واقیعە بۆتە مۆدێلێکیش بۆ پیادەکردنی دیموکراتی و بازاری ئازاد لە ناوچەکەدا**



پاولینا باکەر سەرۆکی سندووقی ئاشتی جیهانی بۆ گوڵان:

# دواکەوتنی وتوێژە دەستوور و یاساییەکان بۆ جێبەجێکردنی فیدرالیزم لە عێراقدا بۆ ئاییندە مەترسی سەرهەڵدانی ناکۆکی لێدەکرێت

**خاتوو پاولینا بکەر سەرۆکی رێکخراوی سندووقی ئاشتی یە و یەکێکە بەو تۆژەر و ئەکادیمیانەی زۆر بەووردی لەسەر باردۆخی سیاسیی عێراق و هەنگاوەکان بۆ چارەسەری ئاییندە کاردەکات، هەروەها رێکخراوی سندووقی ئاشتی جیهان بەهاوکاری گۆڤاری فۆرین پۆلیسی ساڵانە دەوڵەتی جیهان لە فاشیلەوە بۆ سەرکەتوو پۆلێن دەکەن، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنییەتی زەمینە سازی بۆ جێبەجێکردنی فیدرالیزم یان زەمینەسازی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت پرۆفیسۆر پاولینا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**ناکرێت هەمووو گروپە ئیتنی و نەتەوەیەکان ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، چونکە ئەمەدەبێتەهۆی دابەشبوون و لەبەریەکهەڵوشانی دەوڵەتانی ئێستای جیهان**

**تەحەدداکە لە وڵاتێکی وەک عێراقدا ئەوەیە، چۆن بتوانین ناسنامەیەکی هاوبەش و حکومەتێکی مەرکەزی پێکبهێنین کە لە هەمان کاتدا بوار بە فرەیی بدات و دەرفەت بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتەکان برەخسێنێت**

*** ئایا هەمووو نەتەوەیەك شایستەی ئەوەیە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت، ئایا هەمووو نەتەوەیەك دەتوانێت لە هەر کاتێکدا کە بە گونجاوی زانی جاڕی سەربەخۆی بدات؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە و پەیوەستە بە پرسی بڕیاردان یاخود مافی بڕیاردانی چارەنوسەوە. لە ڕاستیدا چەند دەوڵەتێکی کەم لە ئارادان کە خاوەنی یەك گروپی ئیتنی یان نەتەوەیی بن، واتە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان خاوەنی فرەیی نەتەوەی و گروپی ئیتنی جیاوازن، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، ئەمەریکی ئیرلەندی هەیە، ئەمەریکی ئیتاڵی هەیە و هتد، واتە وەڵامی من بۆ پرسیارەکە ئەوەیە نەخێر ناکرێت هەمووو گروپە ئیتنی و نەتەوەیەکان ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، چونکە ئەمەدەبێتەهۆی دابەشبوون و لەبەریەکهەڵوشانی دەوڵەتانی ئێستای جیهان.

*** بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەبێت ئەوا ئەوان دابەش بوونە بەسەر دەوڵەتانی ئێران و سوریا و تورکیا و عێراقدا؟**

- ئەمە ڕاستە، بەڵام هەموو کەسێك کە لە تورکیادایە تورك نییە و هەموو کەسێك کە لە ئێراندا دەژی فارس نییە، هاوڵاتیبوون لەسەر بناغەی دڵسۆزی و ئینتیمایە بۆ دەوڵەت کە دەکرێت ئەمە لەسەر بنەمای ناسنامە بێت وەك تورکبوون، یان لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بێت بە چاوپۆشین لەوەی ناسنامەی ئیتنی و نەتەوەییت چییە. ئەو حاڵەتەش لە ئارادایە کە هەندێ لە گروپە ئیتنییەکان ئەو کاتە هەست بە سەلامەتی و پارێزرابوون دەکەن کە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان بن کە لەم



حاڵەتەدا پرسەکە دێتەسەر ئەوەی ئایا مافی بڕیاردانی چارەنووس دەدرێت بەو گروپانە یان نا.

*** یەکێك لە ئاستەنگ و کۆسپەکانی بەردەم دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی عێراقدا بریتییە لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی ناکرێت دەستکاری ئەو نەخشەیە بکرێت و سنورەکانی ئەم وڵاتانە بگۆڕدرێن، بەڵام کە باس لە ناکۆکی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل دەکرێت دروستکردنی دوو دەوڵەت بە چارەسەرێکی مومکین دادەنرێت و هەردوولا پێی ڕازین، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئایا بنەمای یاساییەکانی دروستکردنی دەوڵەتێکی فەلەستێنی چین؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئێستا ڕازیبوون و پشتیوانی و کۆدەنگییەکی ڕوو لە زیاد هەیە لە ئاست دروستکردنی دوو دەوڵەتدا، یەکێك لە هۆکارەکان ئەو هەموو جیاکاری و سەرکوتکارییە کە لە ڕابردوودا کراوە، لەگەڵ چەند هۆکارێکی دیکەدا وەك هەوڵی ئیسرائیل بۆ پاراستنی ناسنامەی جولەکەبوونی دەوڵەتەکەی، کە ئەم هۆکارانە بونەتە پاڵنەرێك بۆ ڕازیبون بەم چارەسەرە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە دەکرێت بەسەر دەوڵەتانی دیکەشدا جێبەجێبکرێت، وەك لوبنان، لەبەر ئەوەی لەو حاڵەتەدا دەبێت بەسەر وڵاتانی دیکەشدا جێبەجێ بکرێت.

*** ئێمە دەزانین نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی سایکس-بیکۆ لە سەرەتای سەدەی بیستدا، بەڵام حاڵی حازر پێویستە سنور و نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستکاری بکرێت، پریسیارەکە ئەوەیە بۆچی ڕێککەوتنی سایکس-بیکۆ لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئەورووپای ناوەڕاستدا گۆڕدرا، بەڵام مومکین نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕدرێت؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە سنوری زۆربەی دەوڵەتانی جیهان لە لایەن هێزە داگیرکار و کۆلۆنیاڵیەکانەوە کێشراون، ئەمە بۆ ئەورووپا ڕاستە بە هەمان شێوە بۆ ئاسیا و ئەفریقیاش، کە بە تێپەڕبوونی کات ئەم سنوورانە جێگیربوونە، بەڵام ئەم جێگیربوونە بە مانای چارەسەربوونی کێشە و گرفتە ناوخۆییەکان نەهاتووە، لەبەر ئەوەی لە هەندێ وڵاتدا ئەم سنورانە قبوڵکراون، بەڵام لە هەندێ وڵاتی دیکەدا بە پێچەوانەوە، کەواتە نابێت تەنها لە ڕوانگەی هەلومەرجە مێژووەکانییەوە لەم پرسە بڕوانیت، بەڵکو دەبێت بارودۆخی ئێستاش لەبەرچاو بگریت. بۆ نموونە ئێستا تەحەدداکە لە وڵاتێکی وەك عێراقدا ئەوەیە،چۆن بتوانین ناسنامەیەکی

هاوبەش و حکومەتێکی مەرکەزی پێکبهێنین کە لە هەمان کاتدا بوار بە فرەیی بدات و دەرفەت بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتەکان بڕەخسێنێت، بۆ نموونە لە وڵاتی هیندستاندا کار بە سیستمی فیدراڵی کراوە و سەرکەوتنیشی بەدەستهێناوە، ڕاستە هێشتا ناکۆکی و توندووتیژی لەو وڵاتەدا هەن، بەڵام ئەمانە نەبوونەتە ڕێگر لە بەردەم گەشەکردنی ئەو وڵاتەدا، کەچی هێشتا ئەم پرس و مەسەلانە لە عێراقدا جیگیر نەبوونە و یەکلانەکراونەتەوە. واتە هێشتا پرسێکی کراوەن.

*** تا ئێستا سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەیە کوردەکان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا بمێننەوە کە بەسەریدا دابەش بوونە، هەروەها ئەو وڵاتانە کوردەکانی تێدا دەژین ڕازی نابن بەوەی کوردەکان پەرە بە بارودۆخی خۆیان بدەن بەرەو دروستکردنی دەوڵەت، پرسیارەکە ئەوەیە بنەما و بناغە یاساییەکان چین کە کوردەکان دەتوانن کاریان لەسەر بکەن ئەگەر هاتوو هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتیاندا؟**

- ئەگەر بە ڕاکشاوی بدوێم من پێم وانییە دروستکردنی دەوڵەت و جاڕدانی سەربەخۆیی لە لایەن کوردەکانەوە چارەسەربێت، لەبەر ئەوەی کوردەکان بەسەر ٥ وڵاتدا دابەشبوونە و ئەم وڵاتانەش نیگەرانن لە دووبارە نەخشەکێشانەوەی سنورەکانیان، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە تورکیا ئامادەیە مافە کەلتورییەکان بە کورد بدات، ئەوەیی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت ئەوا هێشتا ئەم مەسەلەیە یەکلانەکراوەتەوە و هێشتا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، هەروەها پێشتر ئاماژەم پێکرد لە عێراقدا مەسەلەکە ئەوەیە ئایا دەوڵەتێکی یەکگرتووی خاوەن مەرکەزی دروست دەبێت کە لە چوارچێوەیدا کوردەکان خاوەنی ئۆتۆنۆمی بن. دوواتر من باوەڕم وانییە ئەمە مەسەلەیەك بێت پەیوەندی بە وڵاتانی ڕۆژئاواوە هەبێت، بەڵکو ئەمە بۆ خودی عێراقیەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، من لێرەدا ئاماژە بە نمونەیەك دەکەم، لە کاتی دابەشبوونی چیکسلۆ فاکیا هیچ کێشە و توندووتیژیەك ڕووینەدا و کێشەکە بە ئاشتیانە کۆتای هات، لەبەر ئەوەی دابەشبوونەکە لە ئەنجامی گفتوگۆ و ڕازیبوونی دوولایەنەوە ڕوویدا، لە ئەنجامدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هیچ ڕێگاچارەیەکی لەبەردەمدا نەما پشتگیری کردنی نەبێت، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە هەموو جارێك ئەم دابەشبوونە بەم شێوەیە کۆتای نایەت.

*** ئایا باشترین ڕێگاچارە بۆ کوردەکان چییە؟**

- من تەفزیلی مانەوەی عێراق دەکەم وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو کە خاوەن سیستمێکی جێگیری فیدراڵی بێت و لەچوارچێوەیدا کوردەکان هەم بتوانن کاروبارەکانی خۆیان هەڵسوڕێنن و لە هەمان کاتدا بەشدار و هاوبەش بن لە پرس و مەسەلە هاوبەشەکاندا، مەبەستم ئەوەیە مەسەلەکانی وەك ئابووری، سیاسەتی دەرەوە و بەرگری پێویستی بە جۆرێك لە مەرکەزییەت هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە هێشتا ئەم گفتوگۆ دەستوورییە ڕووینەداوە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسانە و مەترسی منیش ئەوەیە دوواکەوتنی ئەم گفتوگۆیە دەبێتەهۆی دروستبوون و سەرهەڵدانی ناکۆکی لە ئایندەدا.

*** زۆرێك لە چاودێران پێشبینی سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزی دەکەن لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا، بە تایبەتی کە ئەمەریکییەکان بڕیاری کشانەوەیانداوە، ئایا لە حاڵەتی ڕوودانی ئەم بارگرژیەدا ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەچن؟**

- من پێم وایە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەبێت ببێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتر لە بارەی ئەم کێشانەوە بکرێت. ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی کەرکوکەوە هەبێت، ئەوا ڕەنگە ئەم کێشەیە لە چەند ڕوویەکەوە هاوشێوەی کێشەی وڵاتێکی دیکە بێت کە چەند دەیەیەك پێش ئێستا ڕوویدا، ئەویش کاتێك میدیا هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆی دەدا لە ئەفریقیای باشوور، بەڵام ناکۆکی هەبوو لەسەر ڤینتۆك، کە میدیا داوای دەکرد و باشوری ئەفریقیا ڕەتی دەکردەوە، بەڵام دوواتر بزوتنەوە ڕزگاریخوازی میدیا لە ژێر فشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ڕایانگەیاند کە سەربەخۆی قبوڵدەکەن و یەکلاکردنەوەی چارەنوسی ڤینتۆك دوادەخەن و دوواتر دەردەکەوت ئەوە بڕیارێکی ژیرانە بوو، چونکە دووای بەدەستهێنانی سەربەخۆی بزوتنەوەی ڕزگاریخوزای ئەو هەرێمە لە پێگەیەکی بەهێزەوە و وەك دەوڵەتێکی گفتوگۆیان دەکرد و توانیان ڤینتۆك بکەنەوە بەشێك لە وڵاتەکەیان، ئەگەرچی ئەفریقیای باشوریش چەند مافێکی بازرگانی هەیە لەو شارەدا. مەبەستم ئەوەیە دەکرێت کێشەی کەرکوکیش کە مشتومڕ و ناکۆکییەکی زۆری لەسەرە دووابخرێت تاوەکو پرس و مەسەلە دەستورییە گەورەکانی دیکە یەکلادەبنەوە، مەبەستم ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراقدا دەمێنێتەوە یاخود تەرتیباتی دیکە دێتەپێشەوە، دوواتر کێشە و چارەنوسی کەرکوك لەم سیاقەدا چارەسەربکرێت، واتە حاڵی حازر هەموو لایەك باس لە کێشەی کەرکوك دەکەن بێ ئەوەی باس لەوەبکرێت ئایا کوردستان وەك بەشێك لە عێراق دەمێنێتەوە یان نا؟، لەبەر ئەوە ڕەنگە دوواخستنی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بۆ دووای یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە یەکێك بێت لە ڕێگاچارەکان.

*** ئەگەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ببێتەهۆی سەقامگیری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمەریکا پشتگیری لێدەکات؟**

- ئەمەریکا دوو دڵ دەبێت لە پشتگیریکردنی هەر جیابوونەوە و دابەشبوونێك لە عێراق. تەنها ئەو کاتە نەبێت ئەگەر ئەم دابەشبوونە و جیابوونەوە لە ئەنجامی گفتوگۆ و بە ڕازیبوونی هەردوولا و بە شێوەیەکی ئاشتیانە بێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت ئەوا دەبێتەهۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا و ئەگەری هەڵگیرسانەی شەڕی ناوخۆ و شەڕی نێوان تورکیا و عێراق لێدەکرێت لەگەڵ پێچەوانەبوونەوەی ئەو بەرەوپێشچوونانەی بەدی هاتوون بە تایبەتی لە کوردستاندا کە لە هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق ئارامتر و گەشەکردوووترە.

*** دووا وتەت چییە؟**

- عێراق لە بەردەم قۆناغێکی نوێدایە، هەروەها لە ساڵانی ڕابردوودا نەهامەتییەکی زۆری چەشتووە و چەندین کێشەی چارەسەرنەکراون ماونەتەوە، کاتی ئەوە هاتووە عێراقییەکان لە ئاستی تەحەدداکەدا بن و تەنها پشت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەبەستن، بەڵکو دەبێت ڕیزبەندی بۆ ئەولەویاتەکانیان بکەن، وەك دابەشکردنی داهات و دەسەڵات و چۆنییەتی ئیدارەکردنی سەرکەوتووی داهاتی نەوت و بەکارهێنانی بۆ بواری گەشەپێدان و دروستکردنی هەلی کار، نابێت تەنها چاوەڕێی هێزی دەرەکی بن کێشەکانیان بۆ چارەسەربکات، دەبێت بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان تێپەڕێنن و بۆ ئایندەیەکی هاوبەش بڕوانن.

**من پێم وانییە دروستکردنی دەوڵەت و جاڕدانی سەربەخۆیی لە لایەن کوردەکانەوە چارەسەربێت**

**هەموو لایەک باس لە کێشەی کەرکوک دەکەن بێ ئەوەی باس لەوەبکرێت ئایا کوردستان وەک بەشێک لە عێراق دەمێنێتەوە یان نا؟**

پرۆفیسۆر ئەنتۆنی داماتۆ لە وەڵامی خوێنەرانی گوڵاندا:

# بە جاردان دەوڵەت دروست نابێت، دەبێت لەپرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتدا شارەزایانی یاسایی سەرپەرشتی بکەن

JURIST Legal News & Research

UNIVERSITY OF PITTSBURGH
School of Law
Bernard Hibbitts, Publisher & Editor-in-Chief

NEWS COMMENTARY DOCUMENTS VIDEO TOPICS ABOUT JURIST HOME
FORUM HOTLINE DATELINE

## FORUM

Op-eds on legal news by law professors and JURIST special guests...

### Are We Forgetting the Kurds?

JURIST Guest Columnist **Anthony D'Amato** of Northwestern University School of Law says that amidst all the attention focused on security problems likely to be associated with an eventual US withdrawal from Iraq, the legal and practical impact of withdrawal on Iraq's millions of Kurds, mostly concentrated in the north of the country, needs to be considered...



Now that President George Bush of the United States and President Jalal Talabani of Iraq, together with Senators Barack Obama and John McCain, have agreed upon a speedy withdrawal of American troops from Iraq (sixteen months is the figure most often heard), we may have on our hands a case of "withdraw in haste, repent at leisure." In the rush to pull out, security issues are forefronted while other issues, which may be more important may be bypassed so long as they appear to be under control.

The main casualty of the rapid withdrawal could be Kurdistan. It would indeed be hard for Bush Administration to justify staying in Iraq a little while longer for the reason that the security of the Kurds needs to be reinforced. The public doesn't know much or care much about the Kurds. When foreign policy is run by the public, we can expect major blunders ahead.

**لە ژمارەی پێشووی گوڵاندا پرۆفیسۆر ئەنتۆنیۆ داماتۆ راوێژکاری یاسایی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا ئاماژەی بەوەکردبوو کە دەبێت کورد زەمینەیەکی یاسایی برەخسێنیت بۆ ئەوەی دوڵەتی کوردستان دابمەزرێنیت، پێشتریش لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ وتارێکی لە گۆڤاری (Jurist) بڵاوکردبووە بە ناونیشانی ئایا کورد لەبیر دەکەین؟ بڵاو کردبۆوە لەو وتارەشدا دیسان پێشنیار دەخاتە بەردەمی حکومەتی ئەمەریکا کە پشتگیری کورد بکەن بۆ دامەزراندی دەوڵەتی کوردستان، سەبارەت بەوەی چۆن ئەو زەمینە یاسایە ئامادە دەکرێت پرۆفیسۆر داماتۆ بەمجۆرە وەڵامی خوێنەرانی گوڵانی داوەتەوە:**

*** لە دیمانەکەتدا کە لە ژمارەی پێشووی گوڵان بڵاوبۆوە پیشنیاری ئەوەت بۆ کورد کردبوو کە زەمینە سازی یاسایی بکەین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئایا چۆن بتوانین سنورەکانی خۆمان لە دەستێوەردان بپارێزین؟**

- گرنگترین مافێك کە دەوڵەتێك هەیبێت بریتییە لە پیرۆزی و قابیلیەتی پێشێلنەکردنی سنورەکانی. دەوڵەتانی دیکە دەستێوەردان دەکەن بۆ ڕێگەگرتن لە هەر دەوڵەتێك لەوە سنووری دەوڵەتێکی دیکە ببڕێت. شەڕی کەنداوی فارسی ساڵی ١٩٩٠ کاردانەوەو وڵامدانەوەیەکی نێودەوڵەتی بوو بۆ ڕێزنەگرتنی عێراق لە سنورەکانی لەگەڵ کوەیتدا.

*** کەواتە بەڕای جەنابت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاریکارمان دەبێت بۆ پاراستنی سنورەکانمان لە دەستێوەردان، گریمان سنورەکانمان پاراست ئایا نابینە دەوڵەتێکی داخراو؟**

- ئەگەر بەهۆی بوونی دەوڵەتەکەوە سنورەکانت بپارێزیت، ئەوا تێکڕای خاکی چوارچێوەی سنورەکانت، لە نێویاندا مافی دەرهێنانی کانزاکان و سەروەری بەسەر ئاسمانی وڵاتەکەتەوە لە لایەن تێکڕای دەوڵەتانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە زەمانەت دەکرێن.

*** پێشنیارەکەی بەڕێزت ئێمەی دووچاری حاڵەتێکی سەرسامی کردووە لەبەر ئەوەی مەزندەی هەموو دۆستەکانمان یان ئەوانەی وەك دۆستی ئێمە خۆیان پیشاندەدەن ئەوەیە و پێمان دەڵێن ئێوە ئەگەر جاری دەوڵەتی سەربەخۆ بدەن هەڵەیەکی کوشندە دەکەن،بەڵام بۆچوونەکەی بەڕێزت جیاوازە بۆیە دەمانەوێت لێت بپرسین چۆن و لەسەر چ بنەمایەك پێشنیار بۆ کورد دەکەیت دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنن؟**

- ناتوانین تەنها بە جاڕدان و بانگەشەکردنی ئەوەی دەوڵەتێکت هەیە بتوانیت دەوڵەت بەدەست بهێنیت. دەبێت پرۆسەی بەدەستهێنانی دەوڵەت لەلایەن شارەزایەکی یاسایی نێودەوڵەتییەوە سەرپەرشتی بکرێت کە لە هەمان کاتدا ئاشنابێت بەو گرفتە سیاسیانەی هاوشان بەم هەوڵە سەرهەڵدەدەن.لەم ساڵانەی دواییدا ئێمە ئەزمونێکی سەرکەوتووی چەند قەوارەیەکمان بەدی کرد لە قۆناغی گواستنەوە بەرەو پێکهێنانی دەوڵەت لە یۆگسلافیای پێشوودا. حاڵی حازر کۆسۆڤۆ هەوڵدەدات ببێتە دەوڵەت، کە لەم ڕووەوە لە بارودۆخێکی باشدایە. فەلەستین ڕوبەڕووی دژوارییەکی زۆر بۆتەوە، هەرچەندە بە تەواوەتی ڕوون نییە ئایا سەرکردە فەلەستینیەکان بە ڕاستی خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتن یان نا . ناوچەیەکی دیکە کە گیروگرفتی هەیە تایوانە. دەتوانن وتارەکانم لەبارەی پرسی دەوڵەتی ئیسرائیل، فەلەستین و فۆرمۆزاوە لە ویب سایتەکەم دابەزێنن. لەوەش زیاتر، من ڕاوێژکاری بارودۆخی کۆسۆڤۆ بووم. هەر حاڵەتێك جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام نوسینەکانم بیرۆکەیەکتان دەدەنێ دەربارەی جیاوازی و ئاڵۆزییەکانی پرۆسەی بەدەستهێنانی دەوڵەت.

میلانی ماکلیستەر بۆ گوڵان:

# هەر نەتەوەیەک هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بدات دەبێت پێشتر پشتیوانی نێودەوڵەتی مسۆگەر کردبێت

**پرۆفیسـۆر میلانی ماکلیسـتەر ئوستادی پیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی جۆرج واشـنتۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کلتور گلۆبالیزم، بۆ قسـەکردن لەسـەر بناخە یاسایەکانی دەوڵەت لە سەردەمی گلۆبالیزمدا پرۆفیسۆر میلانی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



**بۆ دروستبوونی دەوڵەتێک، دەبێت خەڵکی ئەو وڵاتە ئینتیمایان هەبێت و کار بۆ دروستکردنی ئایندەیەکی هاوبەش بکەن**

*** ئایـا بناغە و پێداویسـتییە یاسـاییەکانی بنیاتنانی دەوڵەت چین؟**

- لە ڕاستیدا جگە لە مەسەلە و پێوەرە یاساییەکان دەبێت سـەرەتا ئەو ئایدیایە لـە ئارادابێت کە نەتەوەیـەك هەیە، واتە خەڵکانێـك لە ئارادان کە ئینتیمایان بۆ یەك هەیە و هاوچارەنووسـن و ئایندەیەکی هاوبـەش پێکەوەدەنێن. هەروەها دەکرێت لە ڕووی یاسـاییەوە بە چەندین شێوە ئەو دەوڵەتە بنیاتن بنرێت ئەویش دەوەستێتەسەر شـێوەی ئـەو دەسـتورەی جێبەجێدەکرێت لە وڵاتەکەدا، بەڵام هـەر دەبێت ئەوە لەخۆبگرێت کـە ئامانجـی خەڵکی ئەو وڵاتـە بنیاتنانی ئایندەیەکی هاوبەش بێت.

*** یەکێك لە ئاسـتەنگ و کۆسپەکانی بەردەم دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی عێراقـدا بریتیە لـە نەخشـەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، لەبەر ئەوەی ناکرێت دەسـتکاری ئەو نەخشـەیە بکرێت و سنورەکانی ئەم وڵاتانە بگۆڕدرێـن، بەڵام کە باس لـە ناکۆکی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل دەکرێت دروستکردنی دوو دەوڵەت بە چارەسـەرێکی مومکین دادەنرێت و هەردوولا پێی ڕازین، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئایا بنەمای یاساییەکانی دروستکردنی دەوڵەتێکی فەلەستێنی چین؟**

- ئێمە پێشتر ئاماژەمان پێکرد بۆ دروستبوونی دەوڵەتێـك، دەبێت خەڵکی ئەو وڵاتە ئینتیمایان هەبێت و کار بۆ دروستکردنی ئایندەیەکی هاوبەش بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی دەوڵەتەکە درێژەی هەبێت و بەردەوام بێـت دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی پێدابنێت. ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی فەلەسـتینەوە هەبێـت ئەوا ئـەم ڕازیبوونە بە دروسـتکردنی دەوڵەتێکی فەلەسـتینی دوای چەندین دەیە لە خەبات و تێکۆشـانی سیاسی و سەربازی دێت، هەروەها دوای خستنەگەڕی هەوڵی پێویست دێت لە پانتایی نێودەوڵەتیدا بۆ قەناعەتپێهێنانی دەوڵەتانی جیهانی بە زەرورەتی دروستکردنی ئەم دەوڵەتە.

*** بۆچـی ڕێککەوتنـی سـایکس-بیکۆ لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئەورووپای ناوەڕاسـتدا گۆڕدرا، بـەڵام مومکین نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕدرێت؟**

- ڕەنگە پرسـیارەکە ئێوە ئـەوە لە خۆبگرێت بۆچی ناتوانرێت سنور و نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بگۆڕدرێت بە چەشنێك ببێتەهۆی زەمینەخۆشبوون بۆ دروسـتبوونی دەوڵەتێکی کوردی. با سەرەتا لە ئەورووپاوە دەست پێبکەین، ئەو واقیعـەی کە سـنورەکان لـە ئەورووپادا گۆڕان پەیوەندی بـە هەردوو جەنگە جیهانییە کاولکارەکەوە هەبوو، دواتر هەندێ جار گۆڕینی سـنوور لە ئەنجامی ناکۆکی و ململانێیەکی سـەربازییەوە دروسـت دەبێت، مەبەستم ئەوەیە هەندێ جار گۆڕینی سـنوورەکان باجی گەورە و گرانیـان دەوێت، لەبەر ئـەوەی زۆرجار ئەو گۆڕینـە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسـەر بەرژەوەندی وڵاتێکی دیاری کراو و ئەمەش بە ئاسـانی قبوڵ ناکرێت، واتە مەسەلەکە ئەوەنیە بڵێین کارێکی باشـە و پێویستە و با سنورەکان بگۆڕین. فەلەستینیەکان دوای چەندین دەیە لە خەبات و نەهامەتی و قوربانیدان گەیشـتونەتە ئـەوەی باس لە ئەگەری دەوڵـەت بکرێت کە هێشتا دیارنییە ئەو دەوڵەتە دێتە ئاراوە یان نا.

*** تا ئێسـتا سیاسەتی وڵاتانی ئەورووپا ئەوەیە کـوردەکان لە چوارچێـوەی ئـەو دەوڵەتانەدا بمێننەوە کە بەسـەریدا دابەش بوونە، هەروەها ئەو وڵاتانـە کوردەکانی تێدا دەژین ڕازی نابن بەوەی کوردەکان پەرە بە بارودۆخی خۆیان بدەن بەرەو دروسـتکردنی دەوڵەت، پرسیارەکە ئەوەیە بنەما و بناغە یاسـاییەکان چین کە کوردەکان دەتوانن کاریان لەسەر بکەن ئەگەر هاتوو هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتیاندا؟**

- ئەوە ئاشـکرایە کە ئـەم وڵاتانە ڕازینابن بە جیابوونـە و دابڕانی کوردەکانـی وڵاتەکانیان بـۆ ئەوەی لـە کۆتاییدا دەوڵەتی کوردسـتان دروسـتبکەن، ئەگـەر خوازیاری ئـەوەش بن دەسـت لەم کەمینانە هەڵبگرن ئەوا دەست لەو سەرچاوانە هەڵناگرن کە کەوتونەتە ئەو خاکەی لێیـان جیادەبێتـەوە، ئەگەر ئەمـە واقیعەکە بێـت ئایا ڕێگاچارەی دیکە لـە ئارادایە، ئایا دەتوانرێت پەنـا ببردرێتەبەر بەکارهێنانی هێز و هەوڵبدرێـت لەم ڕێیەوە ئەو وڵاتانە ناچاربکرێن بەچارەسەری جیابوونە و دابەشبوون ڕازیبن.

*** بـەڵام ئەگەر کـوردەکان یەکلایەنە بڕیاری جیابونەوەیاندا، ئایا پێشـبینی چ دەرئەنجامێك دەکەیت؟**

**لە شەڕی ناوخۆی نایجریادا مەسیحیەکانی ئەو وڵاتە جاڕی سەربەخۆییاندا و دەوڵەتێکیان دروستکرد بە ناوی بیافراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە پشتیوانی دەوڵەتە گەورەکانی بەدەست نەهێنا، شەڕەکەی دۆڕاند و ڕووبەڕووی دەرئەنجامێکی خراپیش بۆوە**

- مـن لێرەدا نمونەیەك ئەهێنمەوە، لە شـەڕی ناوخۆی نایجریادا لە نێوان ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٧٠ مەسیحیەکانی ئەو وڵاتە جاڕی سەربەخۆییاندا و دەوڵەتێکیان دروستکرد بە ناوی بیافراوە، لەبەر ئەوەی هەسـتیاندەکرد جیاکاریان لە دژ دەکرێت و ڕوبەڕووی کۆمەڵکوژی دەبنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە پشتیوانی دەوڵەتە گەورەکانی بەدەسـتنەهێنا، هەروەها پاڵپشـتی دەوڵەتانی ئەفریقیاشی بەدەسـت نەهێنا، ئەوا شەڕەکەی دۆڕاند و ڕوبـەڕووی دەرئەنجامێکی خراپیش بۆوە، ئێسـتاش شوێنێك نییە بە ناوی بیافراوە، کەواتە ئەمە مەترس جاڕدانی سـەربەخۆیە بێ بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من دەڵێم هەر نەتەوەیەك هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەت بدات دەبێت ئەو ڕاستییەی لەبەرچاوبێت کە پێویستە پشـتگیری و هاوسۆزی وڵاتانی جیهان بەدەست بهێنێت.

# كوردو ستراتیژی دوای كشانەوەی ئەمەریكا لە عێراق



**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

وەك دیاردە سیاسییەكان دەریدەخەن، سەرۆكی ئەمریكی باراك ئۆباما، تا ئێستا، سوورە لەسەر كشاندنەوەی هێزە سەربازییەكانی وڵاتەكەی لە عێراق لە كاتە دیاریكراوەكاندا. دیارە مەبەستی سەرۆك ئۆباما لەو پابەند بوونەی بە مەبدەئی كشاندنەوەی هێز، دوو مەسەلەی گرنگە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: یەكەمیان، چڕتر كردنەوەی شەڕی دژە تیرۆرو فراوانكردنی مەیدانەكەی لە بەرامبەر رێكخراوی ئەلقاعیدە و بزووتنەوەی تالیبان لە ئەفغانستان. دووەمیان، رەها كردنی دەستی ئەمەریكا، بە تایبەتی دەستە سەربازییەكەی، لە بەرامبەر ئێران. مەعلوومە، ناكۆكییەكانی نێوان تاران و واشنتۆن لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمی و پیتاندنی یورانیۆم، رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزترو خەتەرناكتر دەبێت ئەگەرەكانی تەقینەوەی شەڕو پێكدادان تا دێت روو لە زیادی دەكات.

لەو نێوانەدا، ئۆباما دەیەوێت لە كاتە دیاریكراوەكاندا، واتە لە مانگی ئابی ساڵی داهاتوو و لە كۆتایی ساڵی ٢٠١١ دا، تەواوی هێزەكانی لە عێراق بكێشێتەوە، ئەگەرچی ئێران و سوریا، بە پێچەوانەی واشنتۆن، دەیانەوێت هەتا بكرێت بەرنامەی كشاندنەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراق بە درەنگ بخەن. بۆیە، چەندین كۆسپ و تەگەرە دروست دەكەن. دواترین نموونە كێشەی یاسای هەڵبژاردنە. لەگەڵ ئەو هەمووانەش، ئەمەریكا پێ دەچێت پەلەی بێت و بە تەنگ لەكاتی دیاریكراودا دەست بە كێشانەوەی هێزەكانی بكات.

لێرەدا پرسیار زۆرە. گرنگترینیان ئەوەیە: ئایا كورد كە بە یەك لە هاوپەیمانە نزیكەكانی ئەمریكا لە ناو عیراق لە قەڵەم دەدرێت، لە دوای كشانەوەی هێزەكان چ بەرنامەیەكی بۆ كارە نەتەوییەكەی هەیە؟ چ زەمینەیەكی سیاسی خۆش دەكات بۆ ئەوەی لەو داوارۆژەدا، كە پێ دەچێت داوارۆژێكی زۆر پڕ گرێ و ناكۆكی و هەڵلا بێت، بە نەخشەیەكی داڕێژراو بەرەنگاری قۆناغەكە ببێتەوە؟ چی دەكات لە بواری ناوەخۆ و لەسەر ئاستی ناوچەیی؟ چۆن ئەو هەموو دەستكەوتە نەتەوییە گەورانەی، بەبێ پاڵپشتی ئەمەریكا، پێ دەپارێزرێت لە ناو ئەو هەموو گورگ و دڕندانەی ناو عێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ چییە ئەو ستراتیژییەی بۆ ئەو داوارۆژەی دادەڕێژێت؟ بەر لە وەڵام، وا چاكە هێما بۆ ئەوە بكەین كە مانەوەی ئەمەریكا لە عێراق لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا، قازانجێكی ئێجگار زۆری بۆ كورد هەبوو.

لە راستیدا، كشانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە قازانجی كورد نییە. لەگەڵ ئەوەش، كورد دەبێت قبوڵی بكات و خۆی لەگەڵ ئاسەوارەكانی بگونجێنێت و بۆ ئەلتەرنەتیف بگەڕێت. عێراق دەوڵەتێكە روو لە كێشەو ئاڵۆزكانە.

زۆربەی چاودێران پێیان وایە، دوای كشانەوەی ئەمەریكا دەوڵەتی عێراق رووبەڕووی شەڕی مەزهەبی و رەنگە شەڕی نێوان كوردو عەرەبیش بێتەوە. هەر ئەو چاودێرانە نایشارنەوە كە عیراق لەو قۆناغەدا، وەك ئێستا، بە جیددی هەوڵ نادات كێشەكانی لەگەڵ كورد لە سەر بنەمای دەستوور و یاسا چارەسەر بكات. لە ئێستادا كە هێشتا هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقەو هێشتا عێراق لە ژێر بەندی حەوتی نەتەوە یەكگرتووەكان دەرنەچووە، چەندین جار خەریك بوو كوردو بەغدا تووشی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی ببنەوە. باشە، ئەی ئەگەر ئەو هێزانە كشانەوە؟ لەو حاڵەتەدا كێ زەمانەتی ئەوە دەكات كە كورد دووچاری هێرشێكی سیاسی و سەربازیی توند نەبێتەوە؟

بە هەر حاڵ، وا چاكە، تەنیا پشت بە پەیمانەكانی واشنتۆن نەبەستین كاتێك هێمای بۆ ئەوە دەكات كە بە وەفاداری دەمێنێتەوە بەرامبەر ئەو هەموو هاوكاری و چاكەو یارمەتییەی لە كوردی بینی لە ناو عێراق. بەڵكو خۆیشمان، لە تەك پەیمانەكانی واشنتۆن، ستراتیژێكی تاووتوێ كراوو تێروتەسەل، لە ئێستاوە، دابڕێژین بۆ قۆناغی دوای كشانەوەی هێزەكان. ئەمجۆرە بەرنامەیە تاكە زەمانەتی پاراستنی قەوارەی كوردە جا چ لە ناو عێراق بێت و چ بە ناچاری بكەوێتە دەرەوەی عێراق. بێگومان ستراتیژی لەم بابەتە، پێویستیی بەوەیە تا زووە كات لە بەرژەوەندیمان دایە زەمینەی بۆ دابڕێژرێت و وردەكارییەكانی ئامادە بكرێت، چونكە هەندێك لایەنی ئەو ستراتیژییە پێویستیی بە كاتێكی كەمێك درێژ هەیە بۆ پێگەیشتن و كامڵ بوون.

یەکەم هەنگاو لە بواری ئەو ستراتیژییەدا، لە سەر ئاستی ناوخۆ، ئەوەیە کە دەست بە داڕشتنی بەرنامەیەکی نەتەوەیی بکرێت بۆ ئەوەی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق لە دەوریدا کۆببنەوە. یەك لە مەترسییە گەورەکان ئەوەیە کە دوژمنان لە ئێستەوە درز بخەنە ریزەکانمان. مەبەستیشیان لەو درزە ئەوەیە لە قۆناغێکی سەخت و ئاڵۆزی وەك قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، کورد بە یەك پارچەیی نەجوڵێتەوەو بە یەك ئیرادەی کار نەکات.

ڕاستە، ئەمڕۆ هەموو حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە دەوری جەنابی سەرۆکی کوردستان ڕێزدار مەسعود بارزانی دا کۆبوونەتەوە. بەڵگەش ئەو کۆبوونەوە بەرفراوانە بوو کە پێش مانگێك زیاتر، بەرپرس و سەرۆك و سکرتێری حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ جەنابی سەرۆك دا کردیان بۆ یەکخستنی ریزەکانیان لە ئاست کێشەی کەرکوك. ئەم هەڵوێستە شانازییەکی گەورە بوو بۆ هەموو کورد. بەڵام ئەگەر بە دیققەت سەیری تابلۆکە بکەین دەردەکەوێت کە هێشتا هەندێك لایەن و تەوژمی سیاسی لەسەر چەند خاڵێکی گرنگی کاری نەتەوەیی لە حاڵەتی نەگونجاوی دان. بۆ نموونە، لە مەسەلەی یەك لیستی یان چەند لیستی لە بەغدا.

ڕاستە، دیموکراسی لەکوردستاندا ڕێگە بەوە دەدات بە چەند لیستێك لە بەغدا کار بکەین، بەڵام لە تەك ئەو ڕاستییەدا هەق وایە ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە قۆناغی دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، قۆناغێکی زۆر زەحمەت و سەخت و ئاڵۆزو چارەنووسساز دەبێت بۆ کوردو بۆ عێراقییەکان. ئەگەر عێراقییەکان ئاوڕ لەوە نەدەنەوە ستراتیژێکی ڕوونیان بۆ ئەو قۆناغە هەبێت، با کوردستان خەریکی ئەو ستراتیژە بێت بۆ خۆی.

یەك لە خاڵە گرنگەکانی ئەو ستراتیژە، پێویستە لە ئێستاوە خەریکی یەك لیستی و یەك ئیرادەیی و یەك هەڵوێستی بین، چ لە کوردستان و چ لە بەغدا. دوور نییە، لەو قۆناغەدا، کێشەی زۆر لە ئێستە گەورەترمان لەگەڵ بەغدا بۆ بێتە پێشەوە. ڕەنگە ئەو کێشانە بگەنە تەقینەوە. ڕەنگە کورد ناچار بکرێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بکشێتەوە. ڕەنگە لەو دوارۆژەدا هیچ ڕێگەیەك لەبەردەم کورد نەمێنێتەوە لە غەیری ڕێگەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

بە کورتی، یەك لە کارە نەتەوەییە گەورەکانمان ئەوەیە بە یەکگرتوویی، بە یەك لیستی، بە ڕاوەستانێکی دڵسۆزانەی گەرموگوڕ لە ژێر ئاڵای جەنابی سەرۆك بارزانی، پێ بنێینە قۆناغی دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق. وبێگومان، کارێکی لەو بابەتە پێویستیی بە بەرنامەو پەیمانێکی نووسراو هەیە کە هەموو حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە بەردەم جەنابی سەرۆك دا مۆری بکەن. بەرنامەی لەو بابەتەش نە بە ڕۆژێك و نە بەدووان دەنووسرێتەوەو مۆر دەکرێت. بەڵکو پێویستیی بە ماوەیەك هەیە تا بە شکڵێکی گونجاو کامڵ دەکرێت.

خاڵی دووەم، دیسانەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان پەلە بکات لە مەسەلەی جێبەجێ کردنی ریفراندۆم لە بارەی دەستووری کوردستانەوە. ئیقرار کردنی دەستوور شەرعییەتێکی یاسایی دەداتە هەرێم و ئیتر زۆر بە زەحمەتی لایەنێکی وەکو حکومەتی عێراق دەتوانێت گێچەڵ بە کورد بفرۆشێت. هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێمیش لە باری خۆیەوە هەوڵ بدات تا زووە سوپایەکی یەکگرتوو دابمەزرێنێت. ڕاستە، پێشمەرگە سوپایەکی مۆدێرنە، بەڵام سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی وەك سوپایەکی یەکگرتووی مۆدێرن و یاسایی بایەخێکی سیادی خۆی هەیە.

لە سەر ئاستی دەرەوەیش، پێویستە هەوڵ بدرێت، هەتا زووە، لەگەڵ ئەنقەرە پەیوەندییەکانمان ئاسایی بکەینەوە. ڕەنگە ئەمەریکاییەکان دوای کشاندنەوەی هێزەکانیان لە خاکی عێراق، ئیتر بەشێك لە چاودێری کردنی باروودۆخی کورد بخەنە ئەستۆی ئەنقەرەوە. دیارە، تورکیا بە هۆی ئەو هەموو چاکسازی و ریفۆرمانەی لە ناوخۆی و لە دەرەوەیدا دەیکات، خەریکە ببێتە دەوڵەتێکی دۆستی لەگەڵ کورد. بۆیە، ڕەنگە ئەمەریکا لەوە نەپەنگێتەوە لە داهاتوودا تورکیا، یان خاکی تورکیا، بکاتە بنکەی پارێزگاریکردنی کورد لە هەر دەستدرێژییەکی ناوچەیی. لەو حاڵەتەدا ڕەنگە تورکیا لە ستراتیژی داهاتووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخ و پێگەیەکی گرنگی هەبێت. ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای ڕێز گرتن لە یەکتری، مەسەلەیەکی ئێجگار بایەخدارە بۆ ڕاگرتنی لەنگەری نێوان هەولێرو بەغدا.

هەر لەسەر ئەو ئاستەدا، پێویستە بەشێکی دیکەی ئەو ستراتیژە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانمان بێت لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەیش بە تایبەتی ئێران و سووریاو ئوردون و سعوودی و کوێت. ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە پێکهێنانی گرووپێکی دیپلۆماسیی کوردی هەیە کە لە ژێر چاودێری جەنابی سەرۆك هەوڵی خەست و پڕ و گەرموگوڕ بدات بۆ ئەوەی پەیوەندیی ئابووری و دیپلۆماسی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە پەرە پێ بدات. ئەمجۆرە پەیوەندییانە، هەمیشە وەك ئیسفەنجێکی کاریگەر وان بۆ مژینی هەر فشارێکی سیاسی یان سەربازی، سبەی ڕۆژێ، بەغدا دەیخاتە سەر کوردستان. ڕەنگە لە دوارۆژدا دەرفەتی ئەوە هەبێت بە تەفاهومێکی سێ قۆڵی، ئەمەریکی و تورکی و کوردی ئەم کارە بکرێت.

بە هەر حاڵ، دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، هەموو ئەگەرەکان لەبەردەممان بێت. پێویستە لە ئێستەوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەو قۆناغە کە ڕەنگە گرنگترین و سەختترین قۆناغی ژیانی نەتەوەیی کورد بێت لە بیست ساڵی دواییدا.

**ئایا کورد کە بە یەک لە هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا لە ناو عیراق لە قەڵەم دەدرێت، لە دوای کشانەوەی هێزەکان چ بەرنامەیەکی بۆ کارە نەتەوەییەکەی هەیە؟**

**عێراق دەوڵەتێکە روو لە کێشەو ئاڵۆزکانە**

# بەپیشەسازیکردنی گەشتوگوزار سەرچاوەیەکی داهات دروست دەکەین کەمتر نییە لەنەوت





گوڵان
ژمارە (٧٥٩)
٢٠٠٩/١٢/٧



## گەشتوگوزار... داهاتێکی لەبیرکراو

لەم هەرێمە خاوەنی ماستەرپلانی گەشتوگوزاریی نین و تاکو ئێستا کاری لەسەرنەکراوە هۆشیاری و فەرهەنگی گەشتیاریمان لاوازە خزمەتگوزارییەکانی کەرتەکەش لەرووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لەئاستی پێویستدا نییە، تەنانەت ٧٠٠ شوێنەواری کۆن و بەسەدان ناوچەی سروشتی و مەزارگەی ئاینی هەیە کەنەتوانراوە بەگەشتوگوزاری بکەین، لەگەڵ بوونی ئەم کەموکورتییانە بەڵام هەڵکەوتەی جیوگرافیای کوردستان و بوونی ناوچەی سروشتی و ئارامی و سەقامگیری هەرێمەکەو هەرزانی نرخەکان، ژینگەیەکی لەباری لێکەوتۆتەوەو وایکردووە هەرێمەکە لەبارو گونجاو بێت بۆ گەشتوگوزاریی و راکێشانی سەدان گەشتیاری خێزانی لەناوچەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق، بەرادەیەک ژمارەی گەشتیارەکان ساڵ لەدوای ساڵ لەزیادبووندایە، ئەوەتا تەنیا لەماوەی یەک هەفتەی جەژنی رەمەزان ١٣٠ هەزار گەشتیار لەشارەکانی ناوەراست و خواروو روویان لەهەرێمی کوردستان کردبوو، لەکاتێکدا لە ٢٠٠٨ ئەم ژمارەیە تەنیا ٢٣ هەزار گەشتیار بوو، گەرهەر تاکەکەسییەک لەو ١٣٠ هەزار گەشتیارە ٥٠٠ دۆلاری خەرج کردبێت بەوپێیەی نرخی یەکشەوی حەوانەوە لەمۆتێلێکدا بە ١٠٠ دۆلار بووە ئەوا لەماوەی هەفتەیەکدا داهاتی کەرتەکە گەیشتۆتە نزیکەی ٦٥ ملیۆن دۆلار.

تەنیا لەمانگەکانی تەمووزو ئاب و رۆژانی جەژندا ٧٥،٥٨٨هەزار گەشتیار بۆ هەولێرو دهۆک و ٥٥٠٠٠ گەشتیاریش بۆ سلێمانی هاتوون و روویان لەناوچە گەشتیارییەکان کردووە، لەساڵی ٢٠٠٨ ژمارەی گەشتیاران لەسنووری پارێزگای هەولێر گەیشتۆتە ٢١١٧٨٠ گەشتیار، لەساڵی ٢٠٠٩ لەمانگی کانوونی دووەم تاکو مانگی ئاب ئەم ژمارەیە بۆ ٢٣٥١٥٥ گەشتیار زیادیکردوو، تاکو کۆتایی ساڵیش پێشبینی بەرزبوونەوەی ئەم ژمارەیە دەکرێت بۆ ٣٠٠٠٠٠ گەشتیار، داهاتی گەشتیاری تەنیا لەپارێزگای هەولێر بە نزیکەی ١٠٠ ملیار دینار مەزندە دەکرێت و لەسەرجەم کوردستان لە٢٠٠ ملیار دینار نزیک دەبێتەوە . گەر بەباشی کەرتی پیشەسازی گەشتوگوزاری وەبەرهێن بکرێت لەساڵێکدا دەگاتە ٤ ملیار دۆلار واتە بەقەد نیوەی ئەو ١٧٪ی بودجەی عێراق کە هەموو کورد شەری لەسەر دەکات و بەچەند جارێک وەکو خێر پێکردن دەدرێت بەهەرێمەکەو بەدەیان بیانوو بچڕ بچڕ دەکرێت، گرنگی زیاتری گەشتیاران لەمساڵدا لەوەدا بوو کەبە گرووپ دەهاتن و دەمانەوە دیاری و کەلوپەل و خواردەمەنی و بەرهەمی ناوچە شاخاوییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبردەوە، رێکەوتنی نێوان وەزارەتی گەشتوگوزارو دەستەی باڵای گەشتوگوزاریی بەغداش وایکرد کۆمپانیاکانی گەشتیاری لەگەڵ میوانخانەو شوێنە گشتییەکان رێک بکەون و کار ئاسانی بۆ گرووپەکانی گەشتیاری بکرێت.

### ماستەرپلانی گەشتوگوزاری پشتگوێ خرا

ئەم ژمارەو ئامارانە ئەوەمان پێ ناڵێت کەرتی گەشتوگوزاریی لەهەرێمی کوردستاندا پێشکەوتووە، لەسێ مانگی وەرزی هاوین گەشتیاران بەچڕی روو لەکوردستان دەکەن، واتە تەنیا گەشتیاری هاوینە روو لەهەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک دەکەن، وەزارەتی پێشووی گەشتوگوزار لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم نەیتوانی بەشێوەیەکی رێکوپێک ببێتە خاوەنی ماستەرپلانێ بۆ گەشتوگوزار، بگرە ئامانجی سەرەکی دامەزرانی ئەم وەزارەتە لەدووبارە بنیاتنانەوەو پێشخستنی کەرتەکە شکستی هێناو ئامانجەکانی وەزارەتەکەی جێبەجێ نەکرد، بەمەش ئومێدی بوژانەوەی کەرتەکەو بەپیشەسازیکردنی گەشتوگوزار لەم هەرێمە جێبەجێ نەکرا دوای ٤٠ ساڵ لەفەرامۆشکردن و وێرانبوون، کەلەسەر دەستی حکومەتەکانی بەغدا و جەنگەکانی دژ بەکوردو کەنداوو گەمارۆی ئابووری رووبەرووی بۆوە، تەنانەت نەتوانرا پەرە بەگەشتوگوزارکردنی ناوچە شوێنەوارەکان و کلتووری و تەرفیهی و وەرزشی و زستانە بدرێت و تەنیا گەشتیار لەبازنەی داخراوی گەشتوگوزاری هاوینە مایەوە، لەکوردستان زیاتر لە ٧٠٠ شوێنەواری کۆن هەیە و بەسەدان ناوچەی سروشتی هەیە کەنەتوانراوە بەگەشتیاری بکرێت، فەرامۆشکردنی کەرتێک کە نیوەی وەبەرهێنانی بیانی رووی لەگەشتوگوزارکردبێت و زۆرینەی گەشتیارەکان و میوانە بیانییەکان روویان لەم کەرتە کردووە، کەموکورتییەکی گەورەیە و نیشانەی نەبوونی پلان و بەرێوەبردنی باشە، گەرچی نەبوونی بودجەش دیویکی تری هۆکارەکەیە، لەساڵی ٢٠٠٨ بودجەی وەزارەتی گەشتوگوزار ١٦،٥٠٠ ملیۆن دۆلار بووە کە ٠،٢٦٪ ی بودجەی هەرێم پێك دەهێنێت و لەو برە بودجەیەش ١١،٦٦٨ وەکو بودجەی تەشغیلی بەکار هێنراوە، خەرجکردنی ٤ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمەریکی لەماوەی ساڵێکدا لەپارێزگای هەولێر بۆ پەرەپێدان و بەرێوەبردنی گەشتوگوزاری بەبڕە پارەیەکی کەم دادەنرێت، گەر بەراورد بکرێت بەپرۆژە گەورەو ستراتیژییەکانی گەشتوگوزاری، لەلایەکی ترەوە ئاستی خزمەتگوزاری لەگەشتوگوزار زۆر نزمە، گەرچی وەزیری پێشووی گەشتوگوزار لەرۆژی جیهانی گەشتوگوزار لە٢٧ ئەیلوولی ئەمساڵ دانی بەو راستییە نا کەخزمەتگوزارییەکان لەم کەرتەدا بەپێی پێویست نییە، بوونی وشکەساڵیش ئەوەندەی تر زیانی بەکەرتەکە گەیاند، ئەمە جگە لەنەبوونی زانیاری و شارەزایی لەبواری فەرهەنگی و رۆشنبیری گەشتوگوزار، بەرادەیەک هونەری پێشخستنی گەشتوگوزار لەئاستی پێشکەوتنی کەرتەکەدا نییە، هەر ئەمەش کێشەی لاوازی پەیمانگای گەشتوگوزاریی یە کە نەیتوانیوە برۆگرامەکانی خوێندن بەپێی پێوەرو ستانداردی گەشتوگوزاری جیهانی بێت و کادیرو کارمەندی وا پەروەردە بکات، کەبۆ بەرێوەچوونی هۆتێل و میوانخانەو ریستۆرانت و فرۆکخانەو ناوچە گەشتیارییەکان بەکەڵك بێت.

پێشکەوتنی گەشتیاری و گەورەبوونی ژمارەو ئامارە جیهانییەکان ئەوە دەخەنە روو، کەهەرێمی کوردستان نەیتوانیوە وەبەرهێنانی پێویست لەکەرتی گەشتوگوزاریی بکات. کەرتی گەشتوگوزار لەکوردستان نەیتوانیوە لەپانتاییەکی فراوانتردا کاروچالاکی هەبێت و رووبکاتە بەگەشتوگوزارکردنی شوێنەوارە کۆنەکان و مەزارگە ئاینییەکان و گەشتوگوزاریی زستانە، بگرە دروست کردنی پرۆژەی شاری گەشتیاری و باخچەی ئاژەڵان بوونی نییەو هۆتێل و ریستۆرانتی سەرروو سێ ئەستێرەیش بەپێی پێویست نەبووە بەتایبەت لە شوێنە گەشتیارەکان و ڤیستڤاڵ و ئاهەنگی گەورەی هونەری ئەنجام نەدرا، کە هەرهەموویان رۆڵیان لەجۆراوجۆرکردنی گەشتوگوزارو خەسڵەتەکانی کەرتەکە هەیە، سەبارەت بەدروستکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی هۆتێل و چێشتخانە و



**ژمارەی گەشتیارانی جیهان بۆساڵی ٢٠١٠ پێشبینی دەکرێت بۆ زیاتر لە(ملیارێک ) گەشتیار زیاد بێت و داهاتی دەستکەوتووی ئەم کەرتەش لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٠٠ ملیار دۆلاربەرزبێتەوە**

ریستۆرانتەکان لەکەرەستەی پاکوخاوێنی و ئامادەکردنی خۆراك لەهەرێمەکەدا لەڕێگای کارگەی پیشەسازی خۆراك یاخود کارگەکانی دروستکردنی کەرەستەی پاکوخاوێنی هەر وجودیان نییە، ئەم فەرامۆشکردنە کاریگەری لەسەر زیادنەکردنی ژمارەی گەشتیاران دەبێت.

## یەک ملیار گەشتیار لە ٢٠١٠

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی پێشبینی زیادبوونی ژمارەی گەشتیارانی لەجیهاندا لەساڵی ٢٠١٠ کردووە، بۆ زیاتر لە(ملیارێك) گەشتیار و داهاتی دەستکەوتووی ئەم کەرتەش لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٠٠ ملیار دۆلار بەرز دەبێتەوە . هەلی کاریش بۆ ٥ ملیۆن کەس لەجیهاندا دابین دەکات، ئابووری زۆر وڵات پشت بەکەرتی گەشتوگوزار دەبەستێت، پیشەسازی گەشتوگوزار دەتوانێت ببێتەهۆی بەرزکردنەوەی ئاشتی و سەقامگیریی لەوڵاتانی تازە پێشکەوتوودا بە (دەستەبەرکردنی کار، هێنانی داهات، هەمەچەشنکردنی ئابووری، پاراستنی ژینگەو تێکەڵاوبوون و ناسینی کەلتورێکی تر..) گەشتوگوزار چوارەم سەرچاوەی داهاتە لە جیهاندا، تەنانەت وڵاتە گەورە پیشەسازییەکانی دنیا پشت بەم پیشەسازییە دەبەستن، وڵاتانی ئەمەریکا چین و کەنەداو فەرەنسا و یونان و ئیتاڵیا و تورکیا بەجیاوازی کیشوەرو ژینگەو ئاستی پێشکەوتنیان ئەم کەرتە گرنگەیان پشتگوێ نەخستووە، وڵاتانی دەوروبەریشمان لەکێبرکێیەکی خێرادان بۆ پێشخستنی کەرتەکەو ڕاکێشانی گەشتیار، ئەوەتا سورییەکان ڕوویان کردۆتە ڕاکێشانی گەشتیاری کارو بیزنس کەرتی گەشتیاری ١٣٪ی داهاتی نەتەوەیی ئەو وڵاتە پێك دەهێنێت و ئوردونییەکانیش لەپێناو ڕاکێشانی گەشتیارەکان گەورەترین شوێنی گەشتیارییان لە دەریای مردوو بەندەری عەقەبە دروست کردووەو ١٠٪ی داهاتی نەتەوەییان لەم کەرتە دەست دەکەوێت، ژمارەی گەشتیارانی میسریش گەیشتۆتە ١٠ ملیۆن گەشتیارو، ساڵانەش ژمارەیەکی پێوانەیی لەگەشتیاری ئایینی ڕوویان لەسعودییە کردووە، تورکەکان و لوبنانییەکانیش بوونەتەخاوەنی وەبەرهێنانی گەورە لەبواری گەشتوگوزاری و ئەم دوو وڵاتە بوونەتە ناوەندێکی گەشتوگوزاری جیهانی، ئێرانییەکانیش سەرقاڵی ڕاکێشانی گەشتوگوزاری تەندروستین بەدروستکردنی گەورەترین نەخۆشخانەی پسپۆری تاوەکو لەوڵاتانی دەوروبەرەوە ئەو کەسانەی پێویستیان بەنەشتەرگەری و چارەسەری پزیشکی هەیە ڕوو لەم وڵاتە بکەن. گەشتوگوزار سەرچاوەی داهاتێکی نیشتمانییەو ٨٠٪ی داهاتی هەندێك وڵات پێك دەهێنێت وەکو وڵاتی نیباڵ، ئەم وڵاتە هەژارەو خاوەنی نەوت و بەندەری سەر دەریا نییە لەهەوڵی ئەوەدایە ژمارەی گەشتیارانی بۆ بەرزاییەکانی هیمالایەو لوتکەی ئەڤەرستی بکەیەنێتە نیوملیۆن کەس لە ساڵێکدا.

گەشتیارەکان بەشێکی سەرەکی لەداهاتی مانگانە یاخود ساڵانە بۆ گەشتکردن تەرخان دەکەن، بۆیە ڕاکێشانی زۆرترین ژمارە بەواتای بەدەستهێنانی داهاتێکی باش، گەشتوگوزار تەنیا بۆ بەدەستهێنانی داهات نییە، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی هەلی کارو نزیکبوونەوەو تێکەڵبوونی فەرهەنگی کلتووری نێوان گەلانە، لەم تێڕوانینەوە پێویستە هەوڵی ڕاکێشانی گەشتیارانی بیانیش بدرێت و پەیوەندی بەگەورە کۆمپانیاکانی گەشتیاری بکرێت، بۆ ڕاکێشان و مانەوەی گەشتیارانی بیانی، بەدرێژایی ئەمساڵ تەنیا دوو گروپی گەشتیاری ئەمەریکی سەردانی شوێنەوارو هاوینەهەوارەکانی کوردستانیان کرد، بەڵام لەکردنەوەی پێشانگا نێودەوڵەتییەکان توانرا ژمارەیەکی بەرچاو لەبیزنسکارو بازرگان و سەرمایەداری بیانی ڕاکێشرێنە ناو هەرێمەکەو بارودۆخە سەقامگیرییەکەی کوردستان و جیاوازی لەگەڵ عێراقی ناوەڕاست و خواروو ببینن..

## داهاتی گەشتوگوزار لەکوردستان

گەرچی داهاتی پترۆل و بازرگانی ڕاستەوخۆ دەچێتە گەنجینەی حکومەتەوە، داهاتی گەشتوگوزار ناڕاستەوخۆ لەڕێگای باج لەسەر کەرتی تایبەت بۆ حکومەت بەسوودە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری کرێکارو کارمەندانی ئەم کەرتەو وەبەرهێنەری کەرتی تایبەت سوودمەند دەبن لەم کەرتە، ئەوەتا داهاتی دەستکەوتووی گەشتوگوزار لە گەشتیارانی ناوەڕاست و خواری عێراق مەزەندە دەکرێت لەمساڵدا گەیشتبێتە ٢٠٠ ملیار دینار، ئەوەی زۆر گرنگە وادەکات کەرتی گەشتوگوزار لەکوردستان ببوژێتەوەو بگاتە ئاستی کێبرکێی وڵاتانی بیانی، بوونی ماستەرپلانی گەشتوگوزارییەو کەلەناو ئەم پلانەش دا ستراتیژییەك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی ئابووری لەخۆ بگرێت، چونکە لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری گەشتوگوزاری لەلای کەرتی تایبەت کێشەو گرفتی سەرەکی بەردەم پێشکەوتنی کەرتەکەیە، جیاوازی نێوان شەقلاوەو بیارەو هەورامان لەڕووی ڕاکێشانی گەشتیاران لەوخاڵەدا دێت کە فەرهەنگی پێشوازیکردن و ڕۆشنبیری گەشتیاریش لەلای دانیشتووانی شەقلاوە زیاترە وەك ناوچەی بیارەو تەوێڵەو هەورامان کە کلتوورو نەریتەکانی گروپێکی توندوتیژی ئاینی باڵادەستە و وای لە دانیشتوانەکە کردووە نەتوانن هانی ڕاکێشانی گەشتیار بدەن.

پێویستە ڕووبەڕووی تەحەددییەکان ببینەوە ئەگەر بمانەوێ سوود لەم کەرتە وەربگرین. ئەو تەحەددیانەش بریتین لە وەبەرهێنان لە ژێرخان و توانا مرۆییەکان، پەرەپێدانی ستراتیژیەتێکی نیشتیمانی، میکانزمێك بۆ بەهێزکردنی بەدەستهێنانی پارەی بێگانەو هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی (تاوان و گەندەڵی و توندوتیژی).

زیادبوونی ژمارەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی کەرتەکە لەڕووی جۆرایەتی و چەندایەتی وا دەکات داهاتی تاکە کەسی بەرزبێتەوە، ئەمەش دوا ئامانجە لەپرۆسەی گەشەپێدان، بەبەرزبوونەوەی داهاتی ئەفرادەکانیش ڕێگا خۆش دەکات بۆ دەرکەوتن و دروستبوونی چینی ناوەڕاست و دادپەروەریی بۆ سەرجەم هاوڵاتییان زامن دەکات، بەمەش حوکمڕانی باش دەردەکەوێت کە هەوڵی ئەوە دەدات سەرچاوەکانی داهات جۆراوجۆر بکات و زۆرینەی هاوڵاتییان لەپرۆسەی ئابووری بەشدار بن .

## چی بکرێت بۆ ئەوەی گەشتیار هانبدرێت لەبری ئەوەی ڕووبکاتە تورکیاو لوبنان و سوریا ڕوو بکاتە هەرێمی کوردستان؟

تاکو گەشتوگوزار بتوانێت خۆشگوزەرانی و سەقامگیری لەگەڵ خۆیدا بێنێت، چەند کارێکی دیاریکراو هەیە دەبێت لەلایەن سێ پێکهاتەوە جێبەجێبکرێن :(کۆمەڵگا- حکومەت -کۆمپانیا دەرەکییەکان)، کۆمەڵگا پێویستە کێبرکێ زیاد بکات، چاکسازی لە خزمەتگوزارییەکاندا بکات، هەروەها ژینگەو کەلتووری خۆی بپارێزێت. حکومەتیش پێویستە ستراتیژییەتی بەهێز دابنێت، یاسای پێویست و ڕێکوپێك



**٧٠٠ شوێنەواری کۆن و بەدەیان ناوچەی سروشتی و مەزارگەی ئایینی فەرامۆش کراوە**



شاخەکانی کوردستان و نەبوونی گەشتیاری زستانە

دەربکات،ئاستەنك و بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی کەرتەکە هەڵگرێت، هەروەها ستاندارده نێودەوڵەتییەکان لەبواری گەشتوگوزاردا پەیڕەو بکات. کۆمپانیا دەرەکییەکانیش پێویستە کەرتی گەشتوگوزار بەدامەزراوەیی و بەتایبەتکردن بکەن وەکو هێزێکی سەرکەوتووی ئابووری وەبەرهێنان لەم کەرتەدا بکەن، هەروەها زانیاری بەسوود بدەن و ئاسانکاری تەکنەلۆژی لەمبوارەدا بکەن.

ماستەر پلانی گەشتوگوزاریش دابنرێت و بەشێوەیەکی خێرا دەست بەجێبەجێکردنی بکرێت، لەمەش گرنگتر بەوپێیەی زۆربەی هۆتێل و میوانخانەکان لەسەنتەری شاری هەولێردایە، بۆیە دەبێت ڕێگاکانی هاوینەهەوارەکان باش بکرێن و بکرێنە دوو سایت و هەوڵی لێدانی تونێلیش بکرێت بۆ کەمکردنەوەی کاتەکان، دابینکردنی کارەباو ئاوی خواردنەوەو پاراستنی ژینگە، هەروەها پاکوخاوێنی و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ڕاکێشانی گەشتیار زۆر گرنگە، بەتایبەتی ڕۆڵی چاودێری تەندروستی و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو جێشتخانانەی لەسەر ڕێگاو ناوچە هاوینەهەوارەکانە کە تاچ رادەیەك مەرجی تەندروستییان تێدایە؟

ڕاگەیاندنی کوردی و هونەرمەندان بەرامبەر بەگەشتوگوزارکردنی شوێنەوارو هاوینەهەوارەکان کەمتەرخەمن، کلیپێك لەئەستەنبوڵ و ئەوروپا بەدەیان هەزار دۆلار تۆمار دەکرێت، کەچی ئامادە نین لەکوردستان ئەنجامی بدەن، ڕاگەیاندنی کوردیش زۆر کەم ڕیکلامی خێراو بەرنامەی لەسەر هاوینەهەوارو ناوچە گەشتیارەکان و شوێنەوارو ناوچە ئاینی و تەرفیهییەکانی کوردستان ئەنجام دەدەن، دابەزاندنی نرخی تێچوونی گەشتوگوزاری خاڵێکی گرنگی بەهێزی ڕاکێشانی گەشتیارییە کە ئەندامانی خێزانی عێراقی ژمارەیان زۆرە، بۆیە هەمووی توانای گەشتیارییان نییە لەوڵاتانی سوریاو ئوردن و لوبنان و تورکیا، بۆیە کەمی تێچوون و نرخەکانی گەشتیاری لەکوردستان دەتوانێت ببێتە خاڵێکی گرنگی کێبرکێ، هەر ئەم خاڵەشە وایکردووە ئەوروپییەکان روو لەناوچە گەشتیارەکانی وڵاتانی مالیزیاو تایوان لەرۆژهەڵاتی ئاسیاو میسرو مەغریب و توونس لەکیشوەری ئەفریقیاو ئوردن و لوبنان لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بکەن .

تاکو ئێستا نەمانتوانیوە وەبەرهێنانی فراوان و گەورە لەگەشتوگوزاری شوێنەوارو تەندروستی و ئاینی و تەرفیهی و رۆشنبیری بکەین، ئەمە جگە لە پشتگوێخستنی گەشتوگوزاری زستانە .

### ئەزموونی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو

ئەزموونی مالیزیاو هیندستان و کینیاو کۆستەریکا پاشان ئیکوادۆرو تەنزانیاو نیپاڵ لەبواری پێشخستنی گەشتوگوزاری زۆر پێشکەوتووە، گەر سەیری ئەزموونی هیندستان و کینیا بکەین لەبواری گەشتوگوزار ئەوا هەندێك ڕاستیمان بۆ دەردەکەوێت، **یەکەم:** ئاشتی و ئارامی و ئابوورییەکی باش مەرجن بۆ سەرکەوتن لەبواری گەشتوگوزار. **دووەم:** ڕاستە گەشتوگوزار یارمەتی دەرێکی باشی ئابووری وڵاتە، بەڵام ئەگەر بە ڕێکوپێکی و ئاگادارییەوە هەوڵی پەرەپێدانی نەدرێت زیانی دەبێت. **سێیەم:** ئەگەر بمانەوێ زۆرترین سوود وەربگرین لەگەشتوگوزار دەبێت وابکەین گەشتوگوزار ڕێز لە ژینگەو کەلتوورو دابونەریتی کۆمەڵگا بگرێت. **چوارەم:** گەشتوگوزار پێویستە بەیاسای بەهێزو ستراتیژییەتێکی نیشتیمانی ڕێك هەیە بۆ ئەوەی پەرەی پێبدرێت. گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە بۆ کینیا کە نزیکەی ٢،٢٤٪ی داهاتی ساڵانەی بووە.

لەناو ئەم وڵاتانەدا ئەزموونی مالیزیا هەڵدەبژێرین کەچۆن وڵاتێکی ٢٦ ملیۆن کەسی بە پرۆسەیەکی خێرای پێشکەوتندا دەڕوات و لەهەوڵدانیدا بۆ بوون بەوڵاتێکی پێشکەوتووی پیشەسازی تا ساڵی ٢٠٢٠. سەرەڕای چەند کێشەیەکی ئابووری کە مالیزیای پێدا تێپەڕیوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی ڕێژەیەکی بەرزی گەشەکردن تۆمار بکات کە بە ٧٪ی ساڵانە دەخەملێنرێت، کۆمەڵگای مالیزی گۆڕانی بەسەردا هات لەکۆمەڵگایەکی گوندنشینەوە بوو بەکۆمەڵگایەکی شارنشین کە ئێستا

زۆربەی راگەیاندنی کوردی و هونەرمەندان بەرامبەر بەگەشتوگوزارکردنی شوێنەوارو هاوینەهەوارەکان کەمتەرخەمن، کلیپێک لەئەستەنبوڵ و ئەوروپا بەدەیان هەزار دۆلار تۆمار دەکرێت، کەچی ئامادە نین لەکوردستان ئەنجامی بدەن



داهاتي وەبەرهێنان لە شاخاكانی لوبنان بەسەدان ملیۆن دۆلار مەزندە دەكرێت

٦٣٪ی دانیشتوانی لەشارەكان دادەنیشن و لەشارەكانیشدا كار دەكەن، مالیزیا پەرەی بە كەرتی گەشتوگوزاری خۆیدا چونكە دەزانێت بەرهەمی ئەم كەرتە سوودی چەند زۆرە بۆ ئابوورییەكەی. لەڕاستیشدا مالیزیا سوودێكی زۆری لەگەشتوگوزاری نێودەوڵەتی وەرگرت لەپرۆسەی پێشكەوتنی خۆیدا. لەمالیزیا پیشەسازی گەشتوگوزار پەرەی پێدرا وەك ستراتیژیەتێكی گرنگی ئابووری لەبەر ئەو گرنگییە زۆرەی بۆ داهات و دروستكردنی هەلی كارو هەمەچەشنكردنی پێكهاتەی ئابووری. سەرەڕای كێشە ئابوورییەكانی مالیزیا لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا كەرتی گەشتوگوزار سەرچاوەیەكی گرنگی داهاتی ئەو وڵاتە بووە، ئەمەش بۆ هەوڵی چەند لایەنێكی پەیوەندیدار دەگەڕێتەوە بەحكومەت و كەرتی تایبەتەوە. گەشەی كەرتی گەشت و گوزار لە ژمارەی گەشتیاران و زیاد بوونی چالاكی لایەنەكانی تری وەك هۆتێلەكان و چێشتخانەكان و هۆیەكانی گواستنەوەدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕێژەی گەشتیاران بەشێوەیەكی بەرچاو زیادی كردووە لە ١٠ ملیۆنەوە لەساڵی ٢٠٠٠ بۆ ١٦ ملیۆن، هەروەها چاوەڕوانیش دەكرێت ئەم ڕێژەیە بۆ ٢٥ ملیۆن بەرزببێتەوە لەساڵی ٢٠١٠دا. بۆ مانەوەی وەك وڵاتێكی بەهێز لەڕاكێشانی گەشتیاران مالیزیا زۆر یاساو ستراتیژیەتی بازاڕی دەركردووە. هەوڵی ئاسان بەدەستهێنانی زانیاریش دراوە بۆ ئەو گەشتیارە بیانیانەی دێنە وڵاتەوە. ژێرخان و هۆیەكانی پەیوەندیش پەرەیان پێدراوەو نۆژەن كراوەنەتەوە. ڕێگاوبانەكان، هێڵەكانی شەمەندەفەر، هاتووچۆی وشكانی و ئاوویش پێشكەوتنیان بەخۆوە بینیوە. جگە لەمانە حكومەتی مالیزی بودجەیەكی تایبەتیشی بۆ پێشخستنی كەرتی گەشت وگوزار دابین كردووە. مالیزیا گرنگیەكی زۆری بە شوێنەوارە كۆن و مێژووییەكانی خۆیداوە چونكە ئەو شوێنانە سەرنجی گەشتیاران ڕادەكێشن و وادەكەن گەشتیاران زیاتر بمێننەوەو بەمەش پارەیەكی زیاتر سەرف بكەن. مۆزەخانەكان و بازاڕەكانی شەوان و ڤیستیڤاڵەكان شوێنە مێژوویی و سروشتیەكانش گەشتیارانیان زۆر بەلای خۆیاندا ڕاكێشاوە، سەرەڕای ئەمانە مالیزیا دارستانی زۆرو كەناری دەریاو دیمەنی تری قەشەنگی هەیە كە زیاتریان لێ چاوەڕوان دەكرێت.

بەمەش وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بوونەتە خاوەنی ناوچەی گەشتیاری و گەیشتوونەتە ئاستی كێبركێكردن لەگەڵ وڵاتانی پێشكەوتوو، بۆنموونە لەساڵی ١٩٥٠دا ٩٨٪ی گەشتوگوزار لەكیشوەری ئەوروپا بوو، كەچی ئێستا تەنها ٥٧٪ی ئەو ڕێژەیە لەئەوروپایە، چونكە ئێستا وڵاتانی تازە پێشكەوتوو لەگەشەیەكی خێرای گەشتوگوزاردان. گەشتوگوزار ٨٣٪ی پارەی بێگانە بۆ وڵاتانی تازە پێشكەوتوو دابین دەكات،لە٤٠ وڵاتی هەژاری جیهانیش گەشتوگوزار پاش نەوت سەرچاوەی دووەمی داهاتیانە.

## كەرتی گەشتوگوزار چەند سوودێكی هەیە و وادەكات لە كەرتەكانی تر باشتر بێت:

١) بەكارهێنانی بەرهەمەكان لەهەمان شوێنی بەرهەمهێناندا ئەمەش یارمەتییەكی زۆر دەدات كە ئەو بەرهەمانە بەرهەم بێنین.

٢) سەرچاوەیەكی دیكەی داهاتە لەدوای داهاتی سامانی سروشتی وەك نەوت و گازو كشتوكاڵ ..

٣) تۆڕێكی گەورەو جیاواز لەكار بەرهەم دێنێت هەر لەهۆتێل و چێشتخانەوە بگرە تا دەگاتە وەرگێڕو چێشتلێنەرو پاككەرەوەو شوفێرو چەندەها خزمەتگوزاریی تر.

٤) هانی پێشكەوتنی زۆر بواری تر دەدات وەكو ژێرخان، كە سوودی بۆ كۆمەڵگا زۆرە وەكو ڕێگاوبان، بنكە تەندروستییەكان، مەڵبەندە وەرزشییەكان ئەمە جگە لە هۆتێل و چێشتخانەو ریستۆرانتەكان...

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم سوودانەی گەشتوگوزار پێشكەوتنی كەرتەكە سوودو بەرهەمی زیاتری دەبێت بۆ:(نەهێشتنی هەژاری، یەكسانی ئافرەت و پیاو، پاراستنی ژینگەو كەلەپوور، یەكترناسین و لێك نزیك بوونەوەی شارستانییەتەكان..).

**گەشتوگوزار تەنیا بۆ بەدەستهێنانی داهات نییە، بەڵكو بۆ دۆزینەوەی هەلی كارو نزیكبوونەوەو تێكەڵبوونی فەرهەنگی كلتووری نێوان گەلانیشە**



حزبە سیاسیەکانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە وەرچەرخانی سیاسەت لە ئاستی لۆکاڵەوە بۆ ئاستی نیشتمانی سەرکەتوو نەبوون، تا ئاستێکی زۆریش ئامادەباشی ئەوەشیان تێدا نیە کە دان بەو شکستەی خۆیاندا بهێن و هەوڵبدەن هەوڵی تازە بخەنە گەر بۆ ئەوەی بە فیکرێکی نوێوە و بە بەرنامەیەکی تازە دووبارە ئەو وەرچەرخانە راستبکەنەوە



# دۆزینەوەی پێگەی راستەقینەی حزب

# حزبە سیاسییەکان چۆن مامەڵە لەگ

گوڵان
ژمارە (٧٥٩)
٢٠٠٩/١٢/٧



ئەو خاڵانەی نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی پێکردوون، لەبەرژەوەندی توێژێکی گەورەی ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدات و ئەگەر کادیرە هەڵسوڕاو چالاکەکانی ناو پارتی هاریکاری نێچیرڤان بارزانی نەکەن، ئەوا ئاستەنگی ئەوتۆ بۆ هەنگاوەکانی دروستدەبێت کە سەرکەوتنی زۆر زەحمەت دەبێت

ـــــە سیاسییەکان لە پرۆسەی دیموکراتیدا

# ـەڵ حکومەت و دامەزراوەکان دەکەن

**(( هەمـــوو سیاســـەتێك لۆكاڵـــە ((All politics are local))، كاری حزبە سیاســـیەكان یارمەتیدانـــی هاوڵاتیانە بۆ ئەوەی ئەم سیاســـەتە لۆكاڵە بگوازرێتەوە بۆ ئاســـتی سیاسەتی نیشـــتمانی،حزبە سیاسیەكان كەناڵی پێوەندی و بەیەكگەیاندن و زەمینەی هاوبەش دروســـتكردنە، حزبە سیاســـیەكان زەمینە بـــۆ كۆمپرۆمایز و پێكەوە گونجان لە نێو بۆچوونە جیاوازەكاندا دروســـتدەكات،بۆ ئـــەوەی كۆمەڵگـــە بە یەكگرتوویی بهێڵێتەوە))**

**تیب ئۆنێڵ**
**سەرۆكی كۆنگریسی ئەمریكا**

* * *

كێشـــەی نوێبوونەوەی حزبە سیاســـیەكان و پەرەپێدان و پێشخســـتی ئاســـتی حزبە سیاسیەكان بۆ ئەوەی میكانیزمێك بن بۆ پێخستنی كۆمەڵگە و بونیادی دیموكراسی، تەنها كێشەی وڵاتی ئێمە نیە، بەڵكو ئەم كێشەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموكراتیەتی نوێنەرایەتی و پێویستی سەرهەڵدانی حزبی سیاسیی ئەو كێشەیە كە بەردەوام دەبێت كاری لەسەر بكرێت و بەردەوامیش دەبێت رەخنەی لێبگیرێت و پێـــش بخرێت،بۆیە گرنگە لە دەستپێكی ئەم باســـە گرنگە خۆمان لەوە دووربخەینەوە كە بەشێوەیەكی رەش و سپی مامەڵە لەگەڵ ئەم باسە هەستیارە بكرێت، ئەم باســـە هەســـتیارە لەبەر ئەوەی بوونی سیستەمی دیموكراتی و حزبە سیاسیەكان لێكجیاناكرێتەوە، بەڵام ئەمەش بەو مانایە ناڵێین لەبـــەر ئەوەی پارتە سیاســـیەكان پێویســـتیەكن بۆ سیســـتەمی دیموكراتی ئەوا پارتە سیاســـیەكان نابێت بگۆڕدرێن و نابێـــت خۆیان نوێبكەنەوە، ئەم راپۆرتە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەم باســـە هەستیارە دەكات كە دەبێت حزبە سیاسیەكان شوێنی خۆیان لـــە نێو سیســـتەمە دیموكراتیەكە بدۆزنـــەوە و فێربن چـــۆن مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەكانـــی سیســـتەمی دیموكراتی دەكەن، ئەمەش لـــەو روانگەیەوەیە ئەگەر حزبە سیاســـیەكان نەتوانن شوێنی خۆیان لە سیســـتەمە دیموكراتیەكەدا بدۆزنەوە و نەبنە ئامرازێك بۆ پێشكەوتنی سیاسیی و ئابووری و كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگە، ئەوا خودی حزبە سیاســـیەكان دەبنە ئاستەنگ و لەمپەر لەبەردەمی پرۆسەی دیموكراتی و پێشـــكەوتنی كۆمەڵگە لەمەش خراپتر دەبنە هۆكارێك بۆ پارچـــە پارچە بوونی كۆمەڵگە و پاشـــانیش هەرەشـــە بۆ سەر قەوارەسیاسیەكە یان دەوڵەت.

بۆ دەروازەی ئەم باســـە، ئێمە لەم راپۆرتە ئەو قســـە بەنرخەی تیب ئۆنێڵی سەرۆكی كۆنگرێسی ئەمریكامان هەڵبژاردووە، كە بە دوو وشە پێناسەی سیاسەتی لە دەوڵەت یان سیستەمی دیموكراتیدا كردووە، ئەویش ئەوەیـــە (( هەموو سیاســـەتێك لۆكاڵە)) واتە حزبە سیاســـیەكان كە لەناو كۆمەڵگە سیاســـەت دەكەن دەبێت ئەوەیان لەبەر چاو بێت ئەو كەرەستەیەی كاری لەسەر دەكەن بریتیە لەو سیاسەتە لۆكاڵەی كە راستەوخۆ پەیوەنـــدی بە ژیانـــی رۆژانەی خەڵكەوە هەیە، ئەم بنەمایە دەبێت وەك كەرەستەیەكی خاو كاری لەسەر بكرێت و بگوازرێتەوە بۆ ئاســـتێكی بەرز بۆ ئەوەی هاوڵاتی لەسەر ئاستی سیاسەتی نیشتمانی و بەرژەوەندی گشتی وڵاتەوە ســـەیری ژیانی رۆژانەی خۆی بـــكات و خواســـتەكانی خۆی تیا ببینێتەوە.

ئەم دوو ئاســـتە پێویســـتی بەو ئاســـتە فیكریەوە كە سەركردایەتی حزبە سیاسیەكان لە گۆرینی سیاســـەت لەســـەر ئاســـتی لۆكاڵەوە بۆ سەر ئاستی نیشتمانی تیایدا دەردەكەون، هەر بۆیە كاتێك ئاستی فیكری سەركردایەتی هەر حزبێك لەم وەرچەرخانە ســـەركەتوو نەبێت، دەبینین حاڵەتێكی بێ متمانەیی هاوڵاتیان بە حزبە سیاســـیەكە رەنگدادەتەوە،لـــە وڵاتانـــی دیموكراتـــی رۆژئـــاوا كە ئامانجی حزبە سیاســـیەكان ئەوجـــا بۆ وەرگرتنی دەســـەڵات بێت یان بەشداریكردن بێت لەدەسەڵات، یان هەتا بۆ گێرانی رۆڵی ئۆپۆزســـیۆنێكی ئیجابیش بێـــت، هەموویان بنەمـــای كاركردنیان بۆ گۆڕێنی سیاسەتە لەسەر ئاستی لۆكاڵەوە بۆ سەر ئاستی نیشـــتمانی،ئەوجا ئاستی فیكری سەركردایەتی كام حزب باشتر ئەم وەرچەرخانە بكات و هاوڵاتیان بگەیەنێتە قەناعەت لە رێگەی بەرنامەكەی ئەو حزبەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی خواستەكانی خۆی ببێنیتەوە ئـــەوا متمانەی زۆرترینی خەڵك بەدەســـتدەهێنێت و حكومەت پێكدەهێنێت، ئەگـــەر لە هەڵبژاردنیـــش دەرنەچوو ئەوا دەبێتە ئۆپۆزســـیۆن و جارێكی دیكە چاو بـــەو پرۆســـەیەدا دەخشـــێنێتەوە كە چۆن بـــە بەرنامەیەكی بەدیـــل وەرچەرخانێكی سەركەتوو لە ئاســـتی لۆكاڵەوە بۆ ئاستی نیشـــتمانی دروســـتبكاتەوەو متمانـــەی جەماوەر بەدەستبهێنێتەوە،بەڵام لەكۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەكان یان ئەو كۆمەڵگایانەی تازە دەســـتیان داوەتە ئەم پرۆســـە گرنگە لەبەر ئـــەوەی حزبە سیاســـیەكان خاوەنی ئەزموون نین لەم وەرچەرخانە بۆیە بەوجۆرە دەردەكـــەون كە هەمیشـــە بۆشـــاییەك لە نێوان جەماوەر و حزبە سیاســـیەكان هەیە و حزبە سیاســـیەكانیش بۆ ئەوەی ئاستی جەماوەریبوونـــی خۆیان لە دەســـت نەدەن و نەشارەزاشـــن لە چۆنیەتـــی گۆڕینی سیاسەتی لۆكاڵ بۆ سیاسەتی نیشتمانی، ئـــەوا پەنا بۆ هەندێك هۆكار و رێگە چارە دەبەن، كە هەم وێنای حزب ناشیرین دەكات و شوێنی حزب لە سیســـتەمە سیاسیەكە بزردەكات، هەمیش حزب دەبێتە سوپایەكی بێكاری ئەندامان و لەسەر حسابی بژێوی رۆژانەی هاوڵاتیـــان و بونیادی دەوڵەتی خۆشگوزارن دەبێت ئەو سوپا بێكارە بە خێو بكرێت.

بەداخەوە ئـــەم واقیعە واقیعی ئێســـتای حزبە سیاسیەكانی كوردستانە و ئەوەی لە كۆمەڵگە كاری پێبكرێت بە رێژەی ٩٠٪ ئەندامی حزبە سیاسیەكانن و بەشی زۆری ئەو ئەندامانـــەش مووچە و ئیمتیاز و پلە وپایەیان بەسەردا دەبەخشرێتەوە، یان لانی كەم دامەزراندنی لە فەرمانگەیەكی حكومیدا وەك خەڵاتی حزب پێدەفرۆشـــرێتەوە.ئەم واقیعـــە پێمان دەڵێت حزبە سیاســـیەكانی كوردســـتان بە شـــێوەیەكی گشـــتی لە وەرچەرخانی سیاسەت لە ئاستی لۆكاڵەوە بۆ ئاستی نیشتمانی سەركەتوو نەبوون، تا ئاستێكی زۆریش ئامادەباشی ئەوەشیان تێدا نیە كە دان بەو شكستەی خۆیاندا بهێن و هەوڵبدەن هەوڵی تازە بخەنە گەر بۆ ئەوەی بە فیكرێكی نوێوە و بە بەرنامەیەكی تازە دووبارە ئەو وەرچەرخانە راستبكەنەوە.

لـــەم خاڵەوە ئەم راپۆرتە ئـــەو هەوڵانە بە هەنگاوی هەوڵی بوێر لە قەڵەمدەدات كە راشكاوانە دان بەوەدا دەنێت :

١- حزبـــی سیاســـیی لـــە بایەخدانی بە كێشەكانی خەڵك سەركەتوو نەبووە.

٢- حزبـــی سیاســـی پێگـــەی خۆی لە سیستەمە دیموكراتیەكە بزر كردووە.

٣- حزبی سیاسیی نازانێت مامەڵە لەگەڵ حكومەت و دامەزراوەكانی دەوڵەت بكات.

ئەم ٣ خاڵە ئەو خاڵە گرنگانەن كە نێچیرڤان بارزانی لە دیمانەكەیدا لەگەڵ كوردستان تی ڤی زۆر بوێرانە دەســـتی خستە سەر و

**پێنج ساڵی پێش ساڵی ٢٠٠٣ و پێنج ساڵی دوای ساڵی ٢٠٠٤ و بە وردی دیراسەتی بكەین، دەبینین، شێواز و ئاستی داواكاری خەڵك لە حكومەت و حزبە سیاسیەكان زۆر زۆر جیاوازە، ئەمە مانای ئەوە نیە خەڵك لە ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٣ نەیزانیوە ئەو داواكاریانە بكات كە لە ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٩ كردوویەتی**

ئامادەباشی پیشاندا کە هەوڵەکانی ئایندەی بۆ ئەوە دەبێت لەسەر ئەم بنەمایانە ریفۆرم لەناو پارتی بکات،ئەم خاڵانەی نێچیرڤان بارزانـــی ئاماژەی پێکـــردوون. بەبەراورد لەگەڵ قســـەکانی تیب ئۆنیـــڵ ئەویش هەر چەند خاڵێکی ســـادەن بـــەڵام ماناو ناوەڕۆکی گەوەریان لە ناخی وشـــەکاندا حەشارداوە، ئەو خاڵانەی نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی پێکردوون،لەبەرژەوەندی توێژێکی گەورەی نـــاو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدات و ئەگەر کادیرە هەڵسوڕاو چالاکەکانی ناو پارتی هاریکاری نێچیرڤان بارزانی نەکەن، ئەوا ئاســـتەنگی ئەوتۆ بۆ هەنگاوەکانی دروستدەبێت کە سەرکەوتنی زۆر زەحمەت دەبێت.

## سەرکەوتنی حزب و پەیوەندیکردنی لەگەڵ جەماوەردا

هەر حزبێکی سیاســـیی هەستی بەوەکرد لە پرۆسەی مامەڵەکردن و پەیوەندیکردنی بەجەماوەرەوە سەرکەتوو نەبووە، یان ئەگەر ســـەرکەوتووش بوویێت لە ئاســـتی هیواو خواســـتەکانی ئەو حزبـــە نیە کە ئومێدی بۆ دەخوازێت،ئەمە مانای ئەوەیە سەرەتای بیرکردنەوەیەکی نوێ و هەوڵدان بۆ کارکردن بـــە فیکرێکی نوێ لەو حزبـــەدا خەریکە زەمینەی بۆ ســـاز دەکرێت، ئەم بیرکردنەوە نوێیە دەبێـــت لەو خاڵـــەوە هەنگاوی بۆ هەڵبگیریت کە هەموو سیاسیەتێك بریتیە لە کێشە و گرفت و کەموکوریەکانی کۆمەڵگە بەواتایەکـــی دیکە واتە حزب دەبێت لە ناو کێشە و گیروگرفتەکانی خەڵك بەرنامەی خۆی دابرێژێت وهەوڵبدات چارەســـەری گونجاو بۆ ئـــەو کێشـــەو کەموکورتیانە بدۆزێتەوە، بەڵام لە دۆزینەوەی چارەســـەر بۆ ئەم کێشـــە و گیروگرفتانە دەبێت دوو خاڵی گرنگ لەبەر چاو بگرێت :

١- راســـتە حزب چارەسەری بۆ گرفتەکە دۆزیوەتەوە، بەڵام دەبێـــت بە میکانیزمی گونجـــاو ئـــەو چارەســـەرکردنە جێبەجێ بکرێـــت، واتە بۆ نموونـــە ئەگەر گرفتی گەرەکێـــك بێ ئاوی بوو، پێویســـتە حزب هاوکاری خەڵك بێت ئەم کێشەیە بگەیەننە وەزارەتی شـــارەوانی بۆ چارەســـەرکردنی، بەڵام جێبەجێکردنی ئیشەکە کاری وەزارەتی شارەوانیە و نابێت حزب دەستی تێوەربدات.

٢- دەبێـــت چارەســـەرەکە لـــە پێنـــاوی بەرژەوەندی گشتی بێت، واتە نابێت حزب تەنها بایەخ بەو کێشـــانە بدات کە کێشەی ئەندامەکانـــی خۆیەتی بەڵکو دەبێت بایەخ بەو کێشانەش بدات کە دەبنە کێشەی خەڵك و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت.

ئەم دووخاڵە زۆر گرنگن بۆ دەســـتپێکی نوێبوونـــەوە لەنـــاو هەر حزبێکـــدا، بەڵام هەوڵدانیـــش بۆ دۆزینـــەوەی میکانزمی گونجـــاو بەجۆرێك ئەو دووخاڵە لەبەر چاو بگرێت کارێکی تارادەیەکی زۆر ئاڵۆزە.

## گواستنەوەی خەم و خواستەکانی خەڵک بۆ ئاستی سیاسەتی نیشتمانی

زۆر جار هەندێك بروبیانوو لە هەندێك کادیر و ســـەرکردایەتی حزبەکانەوە گوێبیســـت دەبیـــن، ئـــەوەی لێدەخوێنرێتـــەوە کە ئەو کادیر و ســـەرکردانە لەئاستی گواستنەوە خەم و خواســـتەکانی خەڵك بۆ ئاســـتی نیشتمانی و گونجاندنی لەگەڵ سیاسەتی گشـــتی دەوڵەت نەشـــارەزان، یـــان کەم ئەزموونن،هۆکاری ئەم نەشارەزایی و کەم ئەزموونیشـــی لەو خاڵەدا زیاتر بەرجەستە دەبێت، کە ئاماژە بەوەدەکەن خەڵك نازانێت ئەمرۆ باردۆخی کوردستان پێویستی بەوەیە و یان حکومەتی کوردســـتان ئیمکانیەتی ئەوەندەیـــە و ئەو هەموو داواکاریەی خەڵك بە یەکجار جێبەجێ ناکرێت، ئەم قســـەیە لەوانەیە لە روویەکەوە راســـت بێت بەوەی هەندێك مەسەلەی گرنگ لەسەر ئاستی نیشـــتمانی لە هەندێك خواست و گرفتی رۆژانـــەی خەڵك گەورەتـــرە، یان لەوانەیە لەو روانگەیەوە راست بێت کە ئیمکانیەتی حکومەت لەوانەیە بەو ئاستە نەبێت بتوانێت لەماوەیەکی دیاریکراودا هەموو خواســـت و پێداویســـتیەکانی هاوڵاتیان دەســـتەبەر بکات، بەڵام کە ئەزموونی و نەشارەزایەکە لـــەوە دەردەکەوێت کە ئـــەو کادیرە یان ئەو ئەندام ســـەرکردایەتیە ئەو خاڵە گرنگەی فەرامۆشـــکردووە بەوەی دابڕانێکی گەورە یان بۆشـــاییەکی گەورە لـــە نێوان حزب و خەڵك دروســـت بووە و حزب لـــەدەرەوەی گرفت و خواســـتی خەڵکـــەوە بەرنامەی دادەرێژێـــت و توانای ئـــەوەی نیە خەڵك بـــە بەرنامەکـــەی خۆی ئیقنـــاع بکات، مێژووی ١٨ ســـاڵی رابردووی ئەزموونی حکومڕانی کوردســـتانیش بڕوبیانووەکانی ئەو کادر و بەرپرســـانە پێچەوانە دەکاتەوە کـــە هاوڵاتیان لەوە هۆشـــیار تـــرن، کە نەزانن چۆن خواســـت و داواکانیان لەگەڵ سیاســـەتی نیشـــتمانی و ئیمکانیەتـــی حکومەتـــی خۆیـــان بگونجێنن،لێرەدا بە جێی خۆی دەزانین دوو ســـاڵی یەکەمی دەســـتپێکی حکومرانی لە کوردستان بەبیر ئەو کادرو بەرپرســـانە بهێنینەوە، کەچۆن پێویست بوو پرۆســـەی خوێندن لەهەموو قۆناخەکانی خوێندن بە زانکۆشەوە بەردەوام بێـــت و حکومەتیـــش ئیمکانیەتی ئەوەی نەبوو تەنانەت مووچەی مامۆســـتاکانیش دابین بـــکات، بەڵام لەبەر ئـــەوەی حزبە سیاسیەکان توانیبوویان لەنێوان پێداویستی مامۆســـتایان بۆ مووچە و پێداویســـتی بەرژەوەندی وڵات بۆ رانەوەستانی پرۆسەی خوێندن رایەڵێکی ســـەرکەتوویان دروست کردبوو، بۆیە مامۆســـتایان بە بێ مووچە نەیانهێشت دەرگای قوتابخانە و زانکۆکان دابخرێن، ئەمە نیشـــانەی ئەوەیە پرۆسەی گواســـتنەوەی سیاسەت لەســـەر ئاستی لۆکاڵ بۆ ئاستی نیشتمانی ئەو پرۆسەیەیە پێوستی بە فیکرەیە کە بتوانێت ئەو رایەڵە بە جۆرێکی ئەوتۆ پتەو دروستبکاتەوە کە هاوڵاتیـــان خواســـت و ئاواتەکانیان لەناو سیاسەتی نیشـــتمانیدا ببینێتەوە، ئەمەش پێویستی بەو کۆمپرۆمایزەیە کە تیب ئۆنێل دوای دەکات و دەیکاتە ئەرکی ســـەرەکی حزبە سیاســـیەکان بۆ ئـــەوەی هاوڵاتیان فێربکات یان رێنیشاندەری هاوڵاتیان بێت بۆ ئەوەی خواســـتەکانی ژیانی رۆژانەیان لەگـــەڵ سیاســـیەتی نیشـــتمانی یـــان ئیمکانیەتی حکومەتی خۆیان بگونجێنن، نموونەیەکـــی دیکـــە کـــە پێویســـتە لەم راپۆرتە ئامـــاژەی پێبکەین ئەوەیە،ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێنج ســـاڵی پێش ســـاڵی ٢٠٠٣ و پێنج ساڵی دوای ساڵی ٢٠٠٤ و بە وردی دیراسەتی بکەین، دەبینین، شێواز و ئاســـتی داواکاری خەڵك لە حکومەت و حزبە سیاســـیەکان زۆر زۆر جیاوازە، ئەمە مانای ئەوە نیە خەڵك لە ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٣ نەیزانیـــوە ئەو داواکاریانە بکات کە لـــە ســـاڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٩ کردوویەتی، نەخێر خەڵك ئاستی ئیمکانیەتی حکومەت و سیاســـەتی نیشـــمانی کوردســـتان لە ئاســـتێکی دیکەدا دەبینێـــت و بە مافی خۆی دەزانێت بەپێی بەرزبوونەوەی ئاستی ئیمکانیەتی حکومەت و لەباری سیاسەتی نیشـــمانی بۆ گەرەنتی مانەوەی هەرێمی کوردستان بە باشتر دەزانێت، بۆیە سەقفی داواکاریەکانی خۆی بەرز کردۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆشـــایەك لـــە نێوان حزب و

**کادیرانی حزب نابێت هەرگیز بەو دیدە سەیری بەرژەوەندی گشتی بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندی حزبەکەی یەکناگرێتەوە، خۆ ئەگەر خوانە خواستە کادیری حزب گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئامانج و بەرنامەی حزبەکەی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی یەکناگرێتەوە یان لە خاڵێکدا هاودژی دروست دەکات، ئەوا کارەساتی راستە قینە لەو خاڵەوە دەستپێدەکات و هەرگیز ناتوانێت کەناڵی پەیوەندی نێوان جەماوەر و حزبەکەی بە کراوەیی بهێڵێتەوە**

هاوڵاتیاندا هەیە، حزب بە چاوی ١٩٩٨-٢٠٠٣ سەیری هاوڵاتیان دەکات و دەیەوێت ئەوەی کە بۆی دەکات وەك تەقدیر سەیر بکرێت، بەڵام هاوڵاتیان لەوە زۆر زیاتر بە مافی خۆیان دەزانن بۆیە هاودژیەکی بەردەوام و لێکتێنەگەشتنێکی بەردەوام لە نێوان خەڵك و حزبەکاندا هەستی پێدەکرێت، هەتا حزب نەگەرێتەوە بۆ ناو خەڵك و لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵك پەیوەندی دروستنەکاتەوە ئەوە ئەو لێکتێنەگیشتنە هەر بەردەوام دەبێت، لەم هاوکێشەیەداحزب داوای ئەوە لە هاوڵاتیان ناکات کە دەست لە خواست وداواکاریەکانی خۆیان هەڵبگرن لەبەر ئەوەی سیاسەتی نیشمانی ئەمڕۆ پێویستی بە تەبایی و یەکڕیزی هەیە، یان داوای ئەوە ناکات دەست لەو خواست و داخوازیانە هەڵبگرێت لەبەر ئەوەی حکومەت ئیمکانیەتی کەمە، نەخێر حزب لەگەڵ خەڵك پەیوەندی



بەردەوام و کۆبوونەوەی بەردەوامی دەبێت چۆن خواست و داخوازیەکان لەگەڵ سیاسەتی نیشتمانی بگونجێنرێت، هەروەها چۆن خواست و داخوازیەکان بە پێی بەرژەوەندی گشتی پۆلێن بکرێن و بەپێی ئیمکانیەتی بەر دەست هەوڵبدرێت جێبەجێ بکرێن، ئەم هەنگاوانە واتە:

١- دەبێت کادیرانی حزب خاوەنی بیر بۆچوونێکی نوێ بن، ئایندەی حزبەکەیان و ئامانجی حزبەکەیان لە نێو بەرژەوەندی گشتی ببینەوە، نابێت هەرگیز بەو دیدە سەیری بەرژەوەندی گشتی بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندی حزبەکەی یەکناگرێتەوە، خۆ ئەگەر خوانە خواستە کادیری حزب گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئامانج و بەرنامەی حزبەکەی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی یەکناگرێتەوە یان لە خاڵێکدا هاودژی دروست دەکات، ئەوا کارەساتی راستە قینە لەو خاڵەوە دەستپێدەکات و هەرگیز ناتوانێت کەناڵی پەیوەندی نێوان جەماوەر و حزبەکەی بە کراوەیی بهێلێتەوە.

٢- بۆ کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی، دەبێت بزانن خۆ بە گەورە زانین و بە چاوی کەم سەیرکردنی جەماوەر بێجگە لەوەی زیانێکی گەورەی بۆ پارتی دەبێت، لە هەمانکاتدا لادانیش دەبێت لە ڕێبازی بارزانی،لەبەر ئەوەی بارزانی نەمر هێندە بەرز لە مانای خزمەتکار تێگەیشتبوو خۆی بە خزمەتکاری ئەو چێشتکەرەش دەزانی کە خواردنی بۆ ئامادەدەکرد و نامەی دەسنووسی بارزانی نەمر ماوە کە بۆ چێشکەرێکی خۆی ناردووە و لە شوێنی ئیمزاکەی نوسیوویەتی خزمەتکارت مستەفا بارزانی،سوود وەرگرتن تەنها لەم وشەیەی کە بارزانی نەمر بە بەرزی بەکاریهێناوە، دەبێ ببێتە کولتووری خۆنوێکردنەوەی پارتی و پێش هەموو کەس دەبێت نێچبیرڤان بارزانی بەمانای وشە جێبەجێی بکات و بەکردەوە بیسەلمێنیت کە کاری ئەو

خزمەتكارییـــە، كاری ئـــەو ئەوەیە هەر تاكێكی كۆمەڵ ئەوجـــا پارتی بێت یان پارتی نەبێت كاری بـــەو بێت هاریكاری بكات و بۆی جێبەجبكات و خزمەتكاری بكات،گەورەیی بارزانی نەمر كە شاعیران پێیان دەگوت : (( پێویســـتمانی بارزانی وەك مەرەكەب بۆ قەڵەمەكانمان، وەك باران بۆ كێڵگەكانمان)) لەبەر ئەوە نەبوو خەڵك هەمووی لایەنگیری پارتـــی بووبن یان ئەندامی پارتـــی بووبن، نەخێر لەبەر ئەوە بوو بارزانـــی نەمر خۆی بە خزمەتكاری هەموو تاكێكی ئەم كوردستانە دەزانی بە جیاوازی نەتەوەو ئاینەوە، بە جیاوازی خێڵ و هۆز و ئاستی كۆمەڵایەتی و چینەكانی كۆمەڵـــگاوە، بارزانـــی نەمـــر خۆی بە بەرپـــرس دەزانی لە رەفتاری پاســـەوانی خاڵێكی پشكنین، ئەگەر كەسێك رەخنەی لە پاســـەوانێك و ئەو رەخنەیە بگەیشتایە بارزانی، بارزانی تەحەمولی مەسئولیەتی رەفتاری نابەرپرســـانەی ئەو پاسەوانەی دەكرد و بـــە هاوڵاتیەكەی دەگوت رەخنە لەمـــن بگرە، لەبەر ئەوەی من بەرپرســـم لەو رەفتارە نابەرپرســـانەیە، بارزانی نەمر خۆی بە بەرپرس دەزانی لە ژیانی هەموو ئەو گیاندار و پەلەوەرانەی لە سروشـــتی كوردســـتان دەژیان رێگەی نـــەدەدا ئازار بدرێن یـــان راو بكرێن،بۆیە خزمەتكاری میللەت و وڵات خزمەتكاری هەموو وڵاتە و دەبێت بە كردەوە جێبەجی بكرێت.

٣- دەبێت كادرانـــی پارتی ئەوەی خەڵك بـــە گرنگی دەزانێـــت ئەویش بە گرنگی بزانێـــت، نابێت هەوڵی بۆ ئەوە بێت ئەوەی خۆی یان حزبەكـــەی بە گرنگی دەزانێت خەڵـــك ناچار بكات بـــە گرنگی بزانێت، ئـــەم ئەركە بـــۆ كادیرانـــی پارتی دەبێت قەناعەتێكـــی مەبدەئی بێت، لەبەر ئەوەی بارزانی نەمر هیچ شتێكی لە قەناعەتی خەڵك لا گرنگتر نەبووە، تەنانەت كێشـــە سیاسیە چارەنووســـازەكانیش،بۆیە رای خەڵك بایەخی خەڵك بۆ مەسەلەیەك ئەگەر بۆ حزبێكی دیكە سیاسەت و بەرژەوەندی حزب بێت، ئەوا بۆ پارتی و كادیرانی پارتی دەبێـــت قەناعەتێكـــی مەبدەئی بێت هەتا ئەگەر ئەم هەنگاوە بـــە زیان بۆ پارتیش بشـــكێتەوە،لەوانەیە هەندێك لە كادیرانی پارتی كە ئێستا ئەم دێرانە دەخوێنەوە پێمان بڵێن ئەرێ باشـــە گوڵان بڵاوكراوەیەكی پارتی نیە بۆچی ئەم ئەركە قورسە دەخاتە سەرشـــانی كادیرانی پارتی؟، یان بۆچی بڵاویدەكەنەوە و بـــە تایبەتی و لەرێگەی حزبەوە پێمان ناڵێن؟ لەوەڵامی ئەو بەرێزانە دەڵێین پارتی هیچ شـــتێكی شـــاراوەی لەخەڵك نیە، بارزانی نەمر فێری كردووین رەخنە و كەموكورتیەكانی پارتی دەبێت لە ناو خەڵك باس بكرێت و چارەســـەری بۆ بدۆزرێتەوە، بـــەو بەرێزانە دەڵێین بارزانی نەمر بەبێ فەرمانی میللەت نە شۆرشی كـــردووە و نـــە دانوستاندنیشـــی كردووە، تەنانەت شۆرشـــی مەزنـــی ئەیلوولیش بارزانـــی نەمر وەك ئەركێـــك كە میللەت تەكلیفی كردووە، ئەو تەنها بۆ ئەو ئەركە خزمەتكاری كردووە، بۆ دانوستاندنەكانیش هەر بەهەمان شێوە بووە،ئەگەر نوێنەرانی میللەت رێگەیـــان بە بارزانـــی نەدابێت شۆرش لەو پەری خراپیدا بووبێت بارزانی دانوستاندنیشـــی نەكردووە، بارزانی نەمر زانی میللەت رێگەی پێنادات دەســـت لە چارەنووسی كەركوك هەڵبگرێت، شۆرشی ئەیلوولـــی كـــرد بەقوربانـــی كەركوك. ئەمەیە فێرمـــان دەكات داوا لە نێچیرڤان بارزانی بكەیـــن، كە بریاریـــداوە ریفۆرم دەستپێبكات راستەوخۆ بچێتە ناوخەڵك و كەناڵێكی پەیوەنـــدی كراوە لەگەڵ خەڵك دروســـتبكات، بۆئەوەی خەڵك راستەوخۆ رەخنەی لێبگرن و بەرپرسیاریەتی هەموو رەفتارە نا بەرپرسەكانی كادیر و ئەندامانی پارتی بخاتە ئەستۆی خۆی، ئەمەی ئێمە دەیلێین قورسكردنی ئەركەكانی نێچیرڤان بارزانی نیە، بەڵكـــو بەبیر هێنانەوەیە كە پارتی بەوجۆرە لەســـەر دەســـتی مستەفا بارزانـــی دامەزراوەو بەوجـــۆرە مامەڵەی لەگەڵ میللەتی خۆی كـــردووە بۆیە لە نوشســـت و ســـەركەوتندا هەموو میللەت نەك تەنها ئەندامەكانی پارتی پاڵپشـــتی سیاسەتەكانی بارزانی نەمر بوونە.

٤- دەبێـــت رێكخســـتنەكانی پارتـــی قوتابخانـــەی پێگەیاندنـــی كادری دیموكراتی بن، لەم خاڵە مەبەستمان ئەوەنیە رێكخســـتنەكانی پارتی ببنە ئامۆژگای كادیـــران و وانـــەی تێـــدا بگوترێتەوە، بەڵكـــو دەبێت لانی كەم ئەوەنـــدە بزانێت بۆچی لە دوای شـــەڕی دووەمی جیهان و لەو پەری مەدی ســـەركەوتنی بلۆكی سۆشیالیســـتی و مۆدیلی شۆڕشگێری لەســـەر ئایدۆلۆژیای سۆشیالیســـتی و ماركسی، بارزانی پارتێكی بەناوی پارتی دیموكراتـــی كوردســـتان دامەزراند،نەك حزبی سوسیالیستی كوردستان نەك حزبی شیوعی كوردســـتان لەو سەردەمەی كە بارزانی نەمر پارتی دیموكراتی كوردستانی دامەزرانـــد، لە كوردســـتان حزبێك نەبووە بە ناوی حزبی سۆسیالیســـت یان حزبی شیوعی كوردستانەوە، لەمەش زیاتر دەبێت لانی كەم دەبێت رێكخســـتنەكانی پارتی ئەوە بزانن كە پارتی هەر لەســـەرەتاوە كە دروست بووە دژی هیچ ئایدۆلۆژیەتێكی شۆرشـــگێری نەبـــووە، ســـوودی لـــە هەمووشـــیان وەرگرتووە، بـــەڵام بارزانی نەمر ٦٣ ســـاڵ پێش ئێستا بروای وابووە دەبێت حزبێك هەبێت زەمینەی كۆمپرومایز و پێكەوە گونجان لە نێوان بیر و بۆچوونە جیاوازەكانی كوردســـتان دروستبكات بۆ ئـــەوەی كۆمەڵگەی كوردســـتان پارچە پارچە نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئیدارەی ئەو شۆرشـــە هەڵبســـوورێت كە میللەت داوای دەكات بۆ ســـەلماندنی مافەكانی بەرپـــا بكرێت، لەبەر ئەوەش بارزانی نەمر زۆر قەناعەتـــی بـــەوە هەبـــوو كە نابێت كۆمەڵگەی كوردســـتان لەسەر جیاوازی بیرو بۆچوون یان ئایدۆلۆژیای سیاســـیی دابەش بێت،ماوەی ١٢ ســـاڵ لە یەكێتی سۆڤیەتی پێشـــان مایەوە بەڵام سیاسەت و بەرنامـــەی پارتـــی لـــە دیموكراتیەوە نەگۆڕی بۆ سۆسیالیستی یان شیوعی، مەســـەلەكەش ئەوە نەبـــوو بارزانی نەمر دژی ماركســـیەت یـــان ئایدۆلۆژیـــای شیوعی بووبێت، بەپێچەوانەوە لەسەردەمی شۆرشی ئەیلولدا ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقی لە ژێر سەركردایەتی بارزانی نەمر پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلوول بوون، ئەمە پێمـــان دەڵێـــت، پەروەردەكردنی كادیرانی پارتی بە گیانی دیموكراتیانە و مامەڵەی دیموكراتیانـــە لـــە ناو رێكخســـتنەكانی پارتی، دەبێتە هۆكاری ئەوەی كە كادری دیموكراتـــی كامڵ بنێرینە ناو كۆمەڵگە، راســـتە لەناو رێزەكانی رێكخســـتنەكانی پارتیدا، دیموكراتـــی دەبێتە فاكتەرێكی گرنگ بـــۆ پتەوكردنی رێزەكانی پارتی، بەڵام لە ناو كۆمەڵگەشدا كادیرانی پارتی دەبنە هەوێنی یەكریزی و هاوهەڵوێستی لە نێوان خەڵك و لایەنە سیاسیەكانیشدا، دەبنە ســـەرچاوەی بونیادی ئەو كولتوورەی كە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەكانی هەرێمی كوردستان بكەین.

**نامەی دەسنووسی بارزانی نەمر ماوە كە بۆ چێشكەرێكی خۆی ناردووە و لە شوێنی ئیمزاكەی نوسیوویەتی خزمەتكارت مستەفا بارزانی**

**دەبێت رێكخستنەكانی پارتی ئەوە بزانن كە پارتی هەر لەسەرەتاوە كە دروست بووە دژی هیچ ئایدۆلۆژیەتێكی شۆرشگێری نەبووە**





گوڵان
ژمارە (٧٥٩)
٢٠٠٩/١٢/٧

## د.شێرزاد نەجار بۆ گوڵان:

# هەنگاوەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ ریفۆرم لە ناو پارتی هەنگاوی بوێرانەیە بەڵام زۆر سەختیشە



قسەکردن لەسەر نوێبوونەوەی حزب لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی، وەك قسەکردن کارێکی ئاسانە، بەڵام هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئەو نوێبوونەوانە کارێکی زەحمەت و پر ئاستەنگە، بۆیە ئەرکی رۆشنبیران و کەسانی خاوەن فیکر بۆ هاریکاری لەگەڵ ئەو سەرکردایەتیەی شانی خۆی دەخاتە بەر ئەم ئەرکە قورسە ئەوەیە، کە لەسەرەتاوە دەرگایەکی وتوێژی فیکری و راشکاوانە لە ئاستێکی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت لەم پرۆسێسە گرنگەدا هاوکاری بکەن، گوڵان وەك نەریتی خۆی بەردەوام لەسەر پرسە گەرمەکان هەوڵیداوە موناقەشەی هاوسەنگ و واقیعیانە دروست بکات و کەناڵێك بێت بۆ بەیەکگەیاندنی سەرجەم بۆچوونەکان، بۆیە دوای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند دەبێت بە جۆرێك حزبەکان نوێبکرێنەوە کە بزانن چۆن مامەڵە لە گەڵ حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکەن،ئێمەش وەك گوڵان میوانداری د.شیرزاد نەجار ئوستادی زانستی سیاسەت و فەلسەفەی سیاسەتمان کرد و راشکاوانە ئەم پرسە گرنگەمان تاوتوێ کرد کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

*** سیستەمی دیموکراتی و پارتە سیاسیەکان ئەو جمکەن لێکجیاناکرێنەوە، دیموکراتی بێ بوونی پارتی سیاسیی حاڵەتێکی دەگمەنە، پرسیاری ئێمە لەو خاڵەوە دەستپێدەکەین بۆچی هەر دەبێت لە سیستەمی دیموکراتیدا پارتە سیاسیەکان بونیان هەبێت و فرەلایەنی دەستەبەر کرابێت؟**

- دەوڵەتی هاوچەرخ بەو جۆرە پێناسە دەکرێت کە دەوڵەتی پارتە سیاسیەکانە،ئەم پێناسەیەش لە لایەن دوو زانای گەورەی سیاسەت و یاساوە دیاریکراوە، کە یەکەمیان هانز کلسنە و دووەمیان جۆرج بیردۆیە،ئەمەش مانای وایە دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەر بنەمای پارتی سیاسیی دامەزراوە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە یەك بۆچوونی نیە،تاکە کەسەکان یەك بۆچوونیان نیە، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر لە کۆمەڵگە کۆمەڵێك بیروبۆچوونی جیاواز هەبێت، ئایا کێ نوێنەرایەتی ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە دەکات؟ بێگومان حزبی سیاسیی باشترین دامەزراوەیە بۆ ئەوەی ئەرکەکە لە ئەستۆ بگرێت و نوێنەرایەتی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانە بکات،ئەمەش واتە یەکێك لە ئەرکەکانی حزبی سیاسیی ئەوەیە کە دەربڕی بیروبۆچوون و بەرژەوەندییەکانی گرووپێك خەڵك بێت،ئەوجا لەبەر ئەوەی لە ناو کۆمەڵگە چەندین بەرژەوەندی و بیروبۆچوونی هەیە، کەواتە پێویستە چەندین حزبی سیاسیش بوونیان هەبێت و فرەلایەنی بوونی هەبێت، سیستەمی دیموکراتیش لە بنەڕەتدا تەعبیر لە چەندین بۆچوونی جیاواز دەکات، کەواتە سیستەمی دیموکراتی و بوونی حزبی سیاسیی و فرەلایەنی پێویستیەکن یەکتری تەواو دەکەن.هەموو لایەکیش دەزانین بە پێی کلاسیکییەتی دیموکراتی حکومرانی بۆ زۆرینەیە،زۆرینەش بریتیە لە بیروبۆچوونی تاکەکان و گروپەکانی کۆمەڵگە کە بیروبۆچوونیان و بەرژەوەندیەکانیان بەرێگەی حزبە سیاسیەکان دەربڕیوە.

بێگومان بۆ ئێستا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش هاتوونەتە ئاراوە،بەڵام ئەم رێکخراوانەش ناتوانن ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە حزبە سیاسیەکان جێبەجێی دەکەن،کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت ستوونی سەرەکی دیموکراتیەت حزبە سیاسیەکانن،هەربۆیە ئەگەر حزبە سیاسیەکان بوونیان نەبوو،ئەوا پێویستە بگەڕێینەوەبۆ دیموکراتی راستەوخۆ،ئەمەش واتە هاووڵاتیان لە گۆڕەپانێك كۆدەبنەوەو رای خۆیان پیشاندەدن یان دیاریدەکەن. بەڵام ئێستا ناتوانرێت ئەو میکانیزمە پیادە بکات کە ژمارەی دانیشتوانی ٢٠٠ ملیۆن هاووڵاتییە،ئەمە وایکردووە پێویستمان بە دامەزراوەیەك هەبێت کە نوێنەرایەتی رای میللەت بکات،پرسیار ئەوەیە ئەو دامەزراوەیە کامەیە کە دەتوانێت نوێنەرایەتی رای میللەت بکات؟ بێگومان حزبە سیاسیەکانن،راستە هەندێك جار تاکە کەسەکان وەك تاك لە هەڵبژاردنەکان دەردەچن، بەڵام ئەوانیش وەك حزبە سیاسیەکان کاریگەرییان نیە،لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر خاڵی سەرەکی ئەویش ئەوەیە دیموکراتی بەبێ حزبە سیاسیەکان بوونی نابێت.تەنیا ئەو دیموکراتیەتە نەبێت کە پێی دەگوترێت(دیموکراتیەتی راستەوخۆ ).

*** ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دیموکراتی هاوچەرخ یان راشکاوانەتر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دیموکراتیەتی بۆ نموونە ئەمریکا و فەرەنسا،دەبینین دوو لە هەرە سەرکردە ناودارەکانی فەرەنسا وئەمریکا جۆرج واشنتۆن و شارڵ دیگۆل لە سەرەتادا هەردووکیان دژی بوونی حزبە سیاسیەکان بوون،بەڵام ئێستا دەبینین هەر دوو دەوڵەتی فەرەنسا و ئەمریکا دەوڵەتی پارتە سیاسیەکانن، پرسیار ئەوەیە بۆچی لەسەرەتا دژی بوونی حزبە سیاسیەکان بوون و ئێستا دەوڵەتی حزبە سیاسیەکانن؟**

- لێرەدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمەی ئەوان ئەو قسەیان کردووە،ئەمەش واتە قسەکانیان بەپێی ئەو سەردەمە شیدەکرێتەوە کە قسەکەیان تێداکردووە،دیگۆل کاتێك ئەو قسەیەی کردووە کە وڵاتەکەی لە ئاکامی شەڕ وێران بووە و لە رووی بیروبۆچوونەکانیشیەوە خەریك بوو پارچە پارچە دەبێت،لەم حاڵەتەشدا پرسیاری دیگۆل ئەوە بووە چۆن بتوانن دەوڵەت بەڕێوەبەرن؟ لەو کاتەدا پارتە سیاسیەکانی فەڕەنسا بواریان بە خۆشیان نەدەدا هاوسەنگیەکی سیاسی لە ناو سیستەمی حکومڕانی فەڕەنسی دروستبکەن، هەتا حزبە سیاسیەکان رۆڵی خۆیان بە دروستی بگێڕن، جۆرە ئینتیهازیەتێك لە ناو حزبە سیاسیەکان دروست ببوو هەر حزبە بیری لە خۆی دەکردەوە نەك لە ئاییندەی فەرەنسا،لەوکاتە حزبی سۆسیالیستی هەبوو، حزبی شیوعی هەبوو، راستڕەوەکان هەبوون،ئەم حزبانە خۆیان لە ئایدۆلۆژیەتی حزبی خۆیاندا گۆشەگیر کردبوو بەبێ ئەوەی رەچاوی بەرژەوەندی گشتی فەرەنسا بکەن،بەرژەوەندی ئەوکاتی فەرەنساش دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەوەبوو کە حزبە سیاسیەکان هاوهەڵوێست و یەکگرتوو بن،بۆ ئەوەی بەرەیەکی نیشتمانی دروستبکەن،بۆ ئەوەی لەو قەیرانە دەربچن و ئەو قۆناخە سەختە تێپەڕێنن،ئەو قەیرانەی فەرەنسا لەو کاتە رووخانی هەموو بوارەکانی سیاسیی و ئابوری و رۆشنبیری و فیکری بوو،باری دەروونی تاکی فەرەنسی لەژێر باری داگیرکاریدا تێکشکابوو،لەم باردۆخەدا حزبە سیاسیەکانی فەرەنسا ئەو لایەنەیان لەبەر چاو نەگرتبوو و بەرژەوەندی گشتییان وەلانابوو، بەشێوەیەکی ئینتهازیانە بیریان لە حزبەکانیان دەکردەوە،بۆیە ژەنەڕاڵ شارڵ دیگۆل لەم دیاردەیە بێزارببوو،دیارە دیگۆلیش سەرۆکی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی فەرەنسا بوو کە هاوشانی هاوپەیمانان لە لەندەنەوە سەرۆکایەتی رزگارکردنی فەرەنسای دەکرد،دیگۆل لەو بروایەدا بوو دوای رزگاربوون لە داگیرکاری دەتوانن پێکەوە فەرەنسا بەڕێوەبەرن، بەڵام ئەوەی روویدا ناسەقامگیریەکی سیاسیی زۆر خراپ لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨ هاتە ئاراوە،بۆیە لەساڵی ١٩٥٨ ناچار بوو خۆی بێتە ناوەوە سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابنێت،بارودۆخێك لە فەرەنسا بێنێتە ئاراوە کە بتوانێت سەقامگیریەکی سیاسی دروستبکاتەوە،دیگۆل هەم توانی سەقامگیریەکی سیاسی باش بێنێتە ئاراوە هەم توانیشی حزبە سیاسیەکانیش بگەڕێنێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی کە بەرژەوەندی گشتی فەرەنسا لەبەر چاو بگرنەوە.

*** لە وەڵامەکانی بەرێزت ئەوەمان هەست پێکرد،کەوا لەماوەی کۆماری چوارەمی فەرەنسادا حزبە سیاسیەکان هێندە ئینتهازی بوون کە بە هیچ شێوەیەك بەرژەوەندی گشتی فەرەنسایان لەبەر چاو نەگرتووە،بۆیە دیگۆل دژایەتی پارتە سیاسیەکانی کردووە؟**

**لە فەڕەنسا جۆرە ئینتیهازیەتێک لە ناو حزبە سیاسیەکان دروست ببوو هەر حزبە بیری لە خۆی دەکردەوە نەک لە ئاییندەی فەرەنسا**

**یەکێک لە دیاردەکانی کۆماری چوارەم ئەوە بوو کە ناسەقامگیرییەکی سیاسیی زۆر خراپ لە ئارادابوو، کە ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی ناسەقامگیری حکومی بێتە ئاراوە**

**دیگۆل حزبێکی بۆخۆی دامەزراند بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی بۆچوونەکانی خۆی بکات، کە ئەو حزبەش دامەزرا، جەماوەرێتی دیگۆل هاتە ناو ئەو حزبە، بەم شێوەیە و لەرێگەی ئەو حزبەوە توانی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەهێز بکات و رەگ دابکوتێت، ئەمەش وایکرد حکومرانی سەقامگیر بێت**

- بەڵێ، بێگومان لەبەر ئەوە بووە، لەبەر ئەوەی یەکێك لە دیاردەکانی کۆماری چوارەم ئەوە بوو کە ناسەقامگیرییەکی سیاسیی زۆر خراپ لە ئارادابوو،کە ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی ناسەقامگیری حکومی بێتە ئاراوە،ئەمەش واتە حزبە سیاسیەکانی فەرەنسا لەگەڵ یەکتری نەدەگونجان،ئاکامی هەڵبژاردن دەردەچوو نەیاندەتوانی حکومەت پێکبهێنن،یان بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان رازی نەدەبوون،نەیاندەتوانی لەگەڵ سیستەمی حکومڕانی مامەڵە بکەن،حکومڕانی هیچ مانایەکی نابێت کە حکومڕانی بێت بۆ بەرژەوەندی حزبێك، بەڵکو حکومڕانی ئەو کاتە مانای دەبێت کە حکومڕانی بێت بۆ بەرژەوەندی گشتی،لە کۆماری چوارەمدا حزبە سیاسیەکانی فەرەنسا نەیاندەتوانی لەو قاوخە بێنە دەرەوە،ئەمەش مانای ئەوەیە حزبە سیاسیەکانی فەرەنسا بیروبۆچوونێکی داخراویان هەبوو بۆیە ژەنراڵ دیگۆل لە حزبە سیاسیەکان بێزاربوو. بۆیە هەوڵیدا تەواوی سیستەمی سیاسیی فەرەنسا بگۆڕێت،توانیشی بیگۆڕێت. ئەو سەقامگیریەش کە تا ئێستا فەرەنسا بەخۆیەوە دەبینێت بەرهەمی هەوڵەکانی ژەنراڵ دیگۆلە.

*** پێکهێنانی کۆماری پێنجەم ئەو بەرهەمەیە کە ئێستا لە فەرەنسا دەیبینین، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ژەنەراڵ دیگۆل بە چ میکانزمێك توانی کۆماری پێنجەم پێکبهێنێت؟**

- ژەنەراڵ دیگۆل دەستوورێکی نوێی هێنایە کایەوە،لەم دەستوورە نوێیەدا رۆڵێکی گرنگ درابوو بە سەرۆکی کۆمار،سەرۆك کۆماریش ژەنەراڵ دیگۆل بوو، کەواتە هۆکاری یەکەم شەخصی ژەنراڵ دیگۆل بوو بەوەی کەسایەتیەکی نیشمانی شۆرشگێر بوو کە لەسەر ئاستی هەموو چین و توێژەکانی فەرەنسا خۆشەویست بوو،هۆکاری دووەمیش ئەوەبوو ژەنەراڵ دیگۆل حزبێکی بۆخۆی دامەزراند بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی بۆچوونەکانی خۆی بکات،کە ئەو حزبەش دامەزرا، جەماوەرێتی دیگۆل هاتە ناو ئەو حزبە،بەم شێوەیە و لەرێگەی ئەو حزبەوە توانی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەهێز بکات و رەگ دابکوتێت،ئەمەش وایکرد حکومڕانی سەقامگیر بێت،متمانەی فەرەنسیەکانیش بە ژەنەراڵ دیگۆل زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی فەرەنسیەکان ئەوەندە متمانەیان بە ژەنەراڵ دیگۆل هەبوو کە بتوانن مامەڵە لەگەڵ حزبەکە بکەن و دەیانزانی کە دیگۆل ئایینددەی فەرەنسا بونیاد دەنێتەوە،بەکردەوەش دیگۆل لەم هەنگاوەیدا سەرکەوتوو بوو.

*** کەواتە ئەم ئەزموونە پێمان دەڵێت، لە هەرکۆمەڵگەیەکدا ئەگەر دیاردەیەکی لەو جۆرە بوونی هەبوو، دەبێت سەرۆکێکی بەهێز هەبێت بتوانێت حزبە سیاسیەکان بگێڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی ئەقڵانی؟**

- بەڵێ سەرۆکی بە هێز و سەرکردایەتی بەهێزی حزبە سیاسیەکان رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت.ئەوجا ئەم کاریگەرییە دوو لایەنەیە، سەرکردایەتی حزب هەم دەتوانێت حزب بەرێتە پێگەیەکی بەهێز، هەمیش دەتوانێت حزب بخاتە پێگەیەکی خراپەوە،ئەمە پێمان دەڵێت نەوعیەتی سەرکردایەتی زۆر ئەساسە،زۆریش گرنگە بۆ حزبە سیاسیەکان.

*** ئەگەر پرسیارەکەم راشکاوانەتر بکەم، من هێندەی مەبەستم دیگۆلە وەك سەرۆکێکی بەهێز بۆ گەلی فەرەنسا، هێندە مەبەستم ئەوەیە دیگۆل وەك سەرۆکێکی بەهێز بۆ حزبی دیگۆلی،بۆیە من سەبارەت بە کوردستان دەمەوێت پەندێك لە ئەزموونی دیگۆل وەك سەرۆکێکی بەهێز وەربگرین،بۆیە دەپرسم ئایا سەرۆك تاچەند دەتوانێت ئەقلیەتی حزبە سیاسیەکان بگۆڕێت؟**

- من بە جۆرێکی دیکە وەڵامی پرسیارەکەی تۆ دەدەمەوە، سەرەتا بابپرسین ئایا شەخسیەتی دەوڵەت چۆن دروست دەبێت؟ من پێموایە بەچەند فاکتەرێك:

١- بیرکردنەوەی سەرۆك واتە جۆری بیرکردنەوەی.

٢- ئەزموونەکانی.

ئەمەش واتە دەبێت سەرۆك بیسەلمێنێت بۆ چوونەکانی بەرهەمی ئەزموونە سەرکەوتووەکانێتی، ژەنراڵ دیگۆل بە ئەزموون و تاقیکردنەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا،سەرەتا لە قۆناخی مقاوەمەت و بەرگری پاش ئەوە لە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هاوپەیمانان و دوای ئەوەی هاتە ناو کۆماری چوارەم و ئەو بیروبۆچوونانەی دەیخستنە روو هەمووی راست دەرچوون،بۆیە بەتەجربە سەلماندی کە بیروبۆچونەکانی کەسایەتی ئەویان پێکهێناوە،بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت کەسایەتی هەر سەرۆکێك پەیوەندی بە جۆری بیرکردنەوە و ئەزموونە سەرکەوتووەکانی کەراستی بیربۆچونەکانی بسەلمێنێت هەیە،هەروەها دەبێت لەچەندین تەجربە سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت ئەوجا دەتوانێت ئەو رۆڵە کاریگەرە بگێڕێت.

*** ئەگەر بێینە سەر لایەنێکی دیکەی حزبە سیاسیەکان، بێگومان ئێمە باسی ئەوەمان کرد دیموکراتیەت بە بێ حزبی سیاسیی دروست نابێت، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی چەند دەوڵەتێکی کەمی لێ دەربچێت،دەبینیت حزبی سیاسیی و فرەلایەنیش بوونی هەیە بەڵام دیموکراتیەت بوونی نیە،پرسیاری من ئەوەیە بۆچی ئەم حزبە سیاسیانە ناتوانن دیموکراتی بەرهەمبهێنن؟**

- ئەم پرسیارە دەمگێڕێتەوە بۆ بۆچوونی دوو زانای بەناوبانگی زانستی سیاسەت، یەکەمیان پرۆفیسۆر ئەبتەرە، دووەمیشیان پرۆ فیسۆر هنتگتنە، هەردووکیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەوا حزبە سیاسیەکان ئامرازێکن بۆ نوێبوونەوە، لە رۆژئاوا کە حزبە سیاسیەکان دامەزرێنران و گەشەیان پێدرا، حزب نەبووە ئامرازی ئاستەنگ دروستکردن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەڵکو حزب بووە ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە،ئەمەش واتە نەك هەر پێشکەوتنی پیشەسازی یان ئابووری، بەڵکو بووە ئامرازێك بۆ پێشکەوتنێکی فیکری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش بووە بنەمایەك بۆ پێشکەوتن بەرەو دیموکراتیەت، ئەمە رۆڵی حزبە سیاسیەکانی رۆژئاوا بوو، بۆیە کە دەسەڵاتیشیان وەردەگرت بۆ هەمان ئامانج هەوڵیاندەدا،ئەم رۆڵەش بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی زۆر راشکاوانە کەوتە بەرچاو، بۆ دەوڵەتانی دواکەوتووش هەردوو پرۆفیسۆر ئەبتەر و هنتگتن لەو بڕوایەدابوون کە حزبە سیاسیەکانی ئەو دەوڵەتە دوا کەوتوانەش دەتوانن هەمان رۆڵی حزبە سیاسیەکانی رۆژئاوا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە ببینن، لەبەر ئەوەی حزبە سیاسیەکان تەنها دامەزراوەن کە لەسەر بنەمای رۆژئاوایی بونیاد نراون،کەواتە ئەمەش واتە هەیکەلی حزبە سیاسیەکانی دەوڵەتانی دواکەوتووش لەسەر هەمان بنەمای ئەو

**ئەو سەقامگیریەش کە تا ئێستا فەرەنسا بەخۆیەوە دەبینێت بەرهەمی هەوڵەکانی ژەنراڵ دیگۆلە**

**لە رۆژئاوا کە حزبە سیاسیەکان دامەزرێنران و گەشەیان پێدرا، حزب نەبووە ئامرازی ئاستەنگ دروستکردن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەڵکو حزب بووە ئامرازێکی یارمەتیدەر بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە**

**من گەیشتوومەتە قەناعەتێکی دیکەش ئەویش ئەوەیە چەمکی حزبی سیاسیی لە ئەوروپا و دەوڵەتانی دیموکراتی، هەمان چەمکی حزبە سیاسیەکانی دەوڵەتانی دواکەوتوو نیە،بۆیە ئێستا ئەرکی زانایانی سیاسیە کە چەمکێکی دیکە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی تەعبیر لە حزبە سیاسیەکانی دەوڵەتانی دواکەوتوو بکات**

حزبە سیاسـیانە دامەزراون کە لە ڕۆژئاوا بونیان هەبووە،هاوشـانی حزبە سیاسیەکان دامـەزراوەی پـەروەردەو بازرگانـی و سـوپاش ڕۆڵ لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگێڕن،ئـەوان ئەبتـەر و هنتگتن پێیان وابـوو لەو دەوڵەتانەش حزبە سیاسـیەکان دەتوانـن ڕۆڵی کاریگەر لە پێشـکەوتنی کۆمەڵـگا بگێڕن، بەڵام بە بۆچوونی من حزبە سیاسیەکانی ئەو دەوڵەتانە لەو بوارەدا سەرکەوتوو نەبوون.

*** بۆچی سـەرنەکەوتن، هۆکارەکان چی بوون؟**

- بە بڕوای من هۆکارەکـەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو حزبە سیاسـیانە لەسـەر بنەمای هەمان ئەو بیربۆچوونانـە دانەمەزراون کە حزبی سیاسی لە ڕۆژئاوا لەسـەر دامەزراوە،لە ڕۆژئـاوا دامەزراندنی حزبی سیاسـیی لەسـەر بنەمای شەخسـی نەبووە،لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خێزانی و عەشائیری ودەرەبەگی نەبووە، بەڵکو لە ڕۆژئاوا حزبە سیاسیەکان لەسـەر بنەمای بەرژەوەندی و فیکر ((ئایدیۆلۆژیا))هەروەها لەسـەر بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگە دامەزراون، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو ناڵێم ئەم فاکتەرانە بوونی نەبـووە، بەڵکو زۆر لاواز بوون و نەیانتوانی گۆڕانکاری لە هەیکەلی کۆمەلگەی کلاسیکیدا بکەن، کەواتە حزبە سیاسـیەکان نەیانتوانی ئەو دیوارە بڕووخێنـن کە ئەقلیەتی کلاسـیکی لە کۆمەڵگەدا دروستیکرد، بۆیە دەتوانین بڵێین حزبە سیاسـیەکانی دەوڵەتانی دواکەوتوو کـون و کەلەبەر لەو دیوارە دروسـتبکەن، بەڵام نەیانتوانی دیوارەکە بڕووخێنن،ئەمەش واتە حزبـە سیاسـیەکان نەیانتوانی ببنە ئامرازێك بۆ نوێبوونەوەی کۆمەڵگە،لەبەر ئـەوەی بنەمـای دامەزراندنی حزب (( بێجگـە لە هەندێك حزبی کـەم نەبێت)) لەسـەر بنەمای ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندی گشتی نەبووە.هەروەها من گەیشتوومەتە قەناعەتێکـی دیکـەش ئەویـش ئەوەیە چەمکی حزبی سیاسـیی لـە ئەوروپا و دەوڵەتانی دیموکراتـی، هەمان چەمکی حزبـە سیاسـیەکانی دەوڵەتانی دواکەتوو نیە،بۆیە ئێسـتا ئەرکی زانایانی سیاسیە کـە چەمکێکی دیکە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی تەعبیر لە حزبە سیاسـیەکانی دەوڵەتانی دواکەوتوو بکات.

*** بـەرای تۆ جیاوازی چەمکی حزب لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چییە؟**

- چەمکـی حزب لـە ڕۆژئـاوا، واتە دامەزراوەی حزب کاردەکات بۆ وەرگرتنی دەسەڵات یان بەشـدار بوون لە دەسەڵات یان ببێتە ئۆپۆزسـیۆنێکی ئیجابی،بەڵام هەموو ئـەم ڕۆڵانە بۆچیـە؟ بێگومان بۆ نوێبوونەوە و پەرەپێدان و پێشـکەوتنی کۆمەڵگایە بەپێی بەرژەوەندی گشتی،لە ڕۆژهەڵات بەگشتی هێشتا ئەو پرۆسێسە بەو جـۆرە نیە یان دروسـت نەبووە،حزبە سیاسـیەکان زیاتر تەماشای بەرژەوەندی خۆیـان کردووە،تەماشـای بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتیان کردووە، تەماشای بەرژەوەندی تەنها ئەو خەڵکانەیان کـردووە کـە نوێنەرایەتیـان کردوون،لێـرەدا ڕێگەکەیـان بـزر کردووە،لە جیاتـی ئەوەی حزبە سیاسـیەکان هەنـگاو بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگە هەڵبگرن، خۆیان بوونەتـە ئامرازێك بۆ ئاسـتەنگ دروستکردن بۆ نوێبوونەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، خۆیان بوونە ئاستەنگ



**هەر چاکسازیەک لە ناو حزب ئەگەر دژی دەستەبژێری سەرکردایەتی ئەو حزبە بێت، سەرکردایەتی ئەو حزبە خۆی دەبێتە ئاستەنگ و ڕێگە نادات ئەو نوێبونەوەیە سەربکەوێت**

**لە ڕۆژهەڵات جمودێک هەیە لەسەرکردایەتی، ئیشکالیەتی سەرەکیش لەم جمودەی سەرکردایەتیەوە پەیدا دەبێت**

**کاتێک کاک نێچرڤان داوای ئەو گۆڕانکاریە دەکات، من دەڵێم یەکەم شت هەنگاوێکی جەریئانەیە و دووەمیش دەڵێم کارێکی زەحمەتیشە**

**پێویستە دوو کۆڵەگەی سەرەکی لە کۆمەڵگە و لەناو حزب بچەسپێت یەکێکیان دیموکراتیە و ئەوی دیکەیان مافەکانی مرۆڤە**

لەبــەردەم بونیــادی دیموکراتیدا،گریمان ئەگەر هاتوو هۆشــیاریەك دروست بوو لە ناو حزبە سیاسیەکاندا بەوەی پێویستە حزبە سیاســیەکان خۆیان چاکبکەنەوە و ریفۆرم بکەن، سەرکردایەتی حزبەکان خۆیان دەبنە ئاســتەنگ بۆ ئەو نوێبوونەوەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی نوێبونەوەکە لەبەرژەوەندی ئەو دەستە بژێرە دەدات کە ئێستا سەرکردایەتی حــزب دەکەن،بنەمایەك هەیە پرۆ فیســۆر کینــگ ئاماژەی پێــدەکات ودەڵێت هەر چاکســازیەك لە ناو حــزب ئەگەر دژی دەســتەبژێری ســەرکردایەتی ئەو حزبە بێت، سەرکردایەتی ئەو حزبە خۆی دەبێتە ئاستەنگ و ڕێگە نادات ئەو نوێبونەوەیە سەربکەوێت.بەڵام لە ئەوروپا بەو شیوەیە نیە، حزب ریفۆرم دەکات سەرکردایەتیەکەشــی دەگۆڕێت.لە رۆژهــەڵات جمودێك هەیە لەســەرکردایەتی، ئیشکالیەتی سەرەکیش لەم جمودەی سەرکردایەتیەوە پەیدا دەبێت.

*** تۆ باســێکی گرنگــت ورووژاند، ئەم باسەی تۆ هاوکاتی ئەو دەنگوباسانەیە کە بــاس لەوەدەکرێت ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بەنیازە ریفۆرمێك لە ناو پارتی دیموکراتی کوردســتان ئەنجامبدات،دیــارە نێچیرڤان بارزانیش یەکێکە لە سەرکردایەتی پارتی، ئایا ئەم هەنگاوانــەی نێچیرڤان بارزانی چەند ئاستەنگی دێتە بەردەم؟**

- یەکەم شــت هەنگاوەکــەی نێچیرڤان بارزانی کــە دەیەوێت ریفۆرم بکات،خۆی لــە خۆیدا جورئەتە، لــە هەمانکاتدا زۆر زەحمەتیشە،لەبەر ئەوەی بەربەست هەیە لە پێشی.

*** بەربەستەکان چین؟**

- بەربەســتەکان ئــەو کادرانــەن کــە بەرژەوەندیەکانیان بەستراوەتەوە بەو دۆخەی ئێســتا کە لە نــاو پارتــی دیموکراتی کوردستان هەیە.بۆیە هەر گۆڕانکاریەك لە هەیکەلی حزب بکرێت بەرژەوەندی ئەوانە لێدەدرێت،لاواز دەبێت،بۆیە بۆ بەرگریکردن لەو بەرژەوەندیانەی خۆیان دەبنە بەربەست بۆ ئــەو گۆرانکایانەی نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت ئەنجامی بدات.بۆیە کاتێك کاك نێچرڤان داوای ئەو گۆرانکاریە دەکات، من دەڵێم یەکەم شت هەنگاوێکی جەریئانەیە و دووەمیش دەڵێم کارێکی زەحمەتیشە.

*** بەرێــزت وەك پرۆفیســۆرێك لــە فەلسەفەی سیاسەت و، وەك هاوڵاتیەکی کوردستانیش،ئەگەر پرسیاری ئــەوەت لێبکەیــن ئایا بــەرای تۆ چۆن نێچیرڤان بارزانی بەسەر ئەو ئاستەنگانەدا سەرکەتوو دەبێت؟**

- بێگومــان پرۆسێســی ریفۆرمی حزب چوار ئاستی هەیە:

١- ئاســتی فیکــری واتــە پێویســتە لــە رووی فیکریــەوە گۆرانــکاری بکرێت،ئەمــەش واتــە ئایدۆلۆژیەتێکی ئیســلاحی وەربگرێت،ئیسلاحیش نەك کە بە مەفهومی کۆن گوێبیســتی دەبووین واتــە کۆنەپەرســتن،نەخێر ریفــۆرم بــە چەمکی پێشــکەوتنخوازی و پێشکەوتن، پێشــکەوتنیش ئەمرۆ بریتیــە لە چی؟ بریتە لــە پێشــکەوتنی کۆمەڵگە، واتە پێشکەوتنی ئابووری و ئامانج دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەران بێت،بەرزکردنەوەی ئاســتی پەروەردە و فێرکردن،پێویستە دوو کۆڵەگەی ســەرەکی لە کۆمەڵگە و لەناو حزب بچەســپێت یەکێکیان دیموکراتیە و ئەوی دیکەیــان مافەکانی مرۆڤە،ئەمانە چوارچێوەی گشتین بۆ نوێبونەوەی حزب لە رووی فیکریەوە.

*** باشە میکانیزمی ئەم نوێبوونەوە فیکریە چۆن دەبێت، ئایا دەبێت نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم نوێبوونەوە فیکریە چی بکات؟**

- یەکەم شت پێویستە راپۆرتێکی سیاسیی تازە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادە بکات،ئەمەش واتە پێویســتە لەو راپۆرتە راشــکاوانە سیاســەتی تازەی پارتی لە رووی فیکریەوە دیاری بکات.

*** ئایا ئەمە کاری نێچیرڤان بارزانیە ئەو راپۆرتــە ئامادە بکات، یان ئەم راپۆرتە لە کۆنگرە ئامادە دەکرێت؟**

- بەڵــی پێویســتە نێچیرڤــان بارزانی ئــەو راپۆرتە ئامادەبکات و پێشکەشــی کۆنگرەی پارتــی بکات،بۆ ئەوەی لە ناو کۆنگرە موناقەشەی لەسەر بکرێت.ئەوجا لە ناو کۆنگرە بەربەســتەکان پەیدا دەبن. بۆیە ئەرکی نێچیرڤان بارزانی لە ئێستاوە ئەوەیــە کار بۆ ئەوە بکات راپۆرتەکەی لە کۆنگرە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

*** باشــە نێچیرڤــان بارزانــی چــۆن دەتوانێت زەمینەســازی بۆ ســەرکەوتنی ئەو راپۆرتە سیاســیە ئامادە بکات، ئایا تاچەند ئەکادیمیســتەکانی وەك بەرێزت و رۆشــنبیران هــاوکاری نێچیرڤان بارزانی دەبن بۆ سەرخستنی ئەو راپۆرتە؟**

- ئەکادیمیست و رۆشنبیران زۆر باش دەتوانن هاریکاری نێچیرڤان بارزانی بن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە یەکەم هەنگاو ئەوەیە ســوود لــە ئەزموونەکانی جیهان وەربگرێت،نابێت مــرۆڤ تەنها بــە ئەزموونەکانی خۆی خــۆی گۆشــەگیر بکات،هەربۆنموونە دەتوانێت ســوود لــە ئەزموونــی حزبە سیاســیەکانی ئەورپــای رۆژهــەڵات وەربگرێت،لــە دەوڵەتــە دیموکراتیــەکان پێویستە سوود لە ئەزموونی حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا فەرەنسا، بەریتانیا وەربگریــت چۆن لە پەنجاکانی ســەدەی رابردووەوە تائێستا گەشەیان بەخۆیانداوە و خۆیان پێشخستووە،خۆ بەریتانیا پێویستی بــەو ریفۆرمانە نەبوو کە تۆنی بلێر لە ناو پارتی کرێکاران ڕێگەی ســێەمی هێنایە ئاراوە،تۆنی بلێر بۆ ئەم فیکرە تازەیە پشتی بە فیکرەکانی هەردوو زانای کۆمەڵناسی بەناوبانگ (گیدنس و رائول) بەست،بۆیە بۆ ئەوەی نوێبونەوەی فیکری سەر کەتوو بێت پیویستت بە چەندین موفەکیر و بیریار دەبێت،ئــەوان دەتوانن بە وتوێژێکی دوورو درێــژ بگەنە ئاکامێکی باش، ئەو کارە بە رۆژێك و دوو رۆژ و نووســینی یەك دوو لاپەرە ناکرێت،ئەوە پرۆسێســێکە پێویستی بە وتوێژێکــی جدی لانی کەم ســاڵێك هەیە،پێویستە خاڵ بەخاڵ موناقەشە بکرێت ئینجا ئەو راپۆرتە سیاســیە پێشکەشــی کۆنگرە بکرێت.

*** ئەی سەبارە بە ئاستەکانی دیکە؟**

- دوای نوێبوونەوە و گۆرانکاری لەســەر ئاستی فیکری ئینجا دێنە سەرئاستی:

٢- نوێبوونــەوە و گۆڕانــکاری لەســەر ئاســتی ڕێکخستن،بەراســتی ئەو شێوە ڕێکخستنەی ئێستا هەیە تەنها گردبوونەوە و تەجەموعە،واتــە هەر ئەندامە و دەچێت ناوی خۆی تۆمار دەکات و هیچی تر.

*** چــۆن ئەم کولتوورە خــۆی خزاندە ناو کولتووری سیاســیی حزبە سیاسیەکانەوە، هەر بۆ نموونە ئێستا پێوەر بۆ کادری حزبی بــاش ئەوەیە ئەم مانگــە چەند ئەندامی تازەی ناونووس کردووە، ئایا چۆن خۆمان لەم کولتوورە رزگار بکەین؟**

- پێویســتە حزب ببێتە حزبی جەماوەری، ئەمەش نەك تەنها لە رووی ئەوەی ژمارەی ئەندامەکانی خۆی زیاتر بکات،بەڵکو ئایا ڕێژەی چەندی جەماوەر دەنگ و متمانە بەو حزبە دەدات لە کاتی هەڵبژاردندا،پێویستە ئەمــە ببێتە ئامانجی حزب بەگشــتی و

نابێت مرۆڤ تەنها بە ئەزموونەکانی خۆی خۆی گۆشەگیر بکات

خۆ بەریتانیا پێویستی بەو ریفۆرمانە نەبوو کە تۆنی بلێر لە ناو پارتی کرێکاران رێگەی سێیەمی هێنایە ئاراوە، تۆنی بلێر بۆ ئەم فیکرە تازەیە پشتی بە فیکرەکانی هەردوو زانای کۆمەڵناسی بەناوبانگ (گیدنس و رائول) بەست، بۆیە بۆ ئەوەی نوێبونەوەی فیکری سەر کەتوو بێت پیویستت بە چەندین موفەکیر و بیریار دەبێت

ئەو شێوە رێکخستنەی ئێستا هەیە تەنها گردبوونەوە و تەجەموعە، واتە هەر ئەندامە و دەچێت ناوی خۆی تۆمار دەکات و هیچی تر

ئامانجی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی،بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەسەڵات بمێنێت و بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات.ئەمە پەیوەندارە بە خاڵی یەکەم کە نوێبونەوەیە لەسەر ئاستی فیکری.

*** باراشکاوانەتر قسە بکەین بەپێی لێدوانەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتی، ئێستا ژمارەی ئەندامانی پارتی زیاتر لە نیو ملیۆن ئەندامە، پرسیاری من ئەوەیە ئایا هەوڵبدەین ئەم رێژەیە زیاد بکەین یان لەناو ئەو رێژەیەدا ئەندامەکان جارێکی دیکە رێکبخەینەوە؟**

- نەخێر دەبێت شێوازی رێکخستنەکە بگۆڕێت، بە تایبەتی لەسەر ئاستی کادر و هەڵسوڕاوی ناو پارتی، دەبێت کادرەکان دەستەبژێر بن و چالاك بن و ببنە ئامرازێك بۆ کەسبکردنی رای جەماوەر نەك کەسب کردنی جەماوەر بە ئەندامی پارتی، ئەمەش واتە بەردەوام لە ناو خەڵك بن و کێشەو گرفتەکانی خەڵك بگەیەنن بە سەرکردایەتی بۆ ئەوەی پارتی لەبەر رۆشنایی کێشەو گرفتەکانی خەڵك بەرنامە بۆ چارەسەرکردنیان دابنێت،بۆیە گرنگە کادرەکانی پارتی ببنە کەناڵی بە یەکگەیاندنی جەماوەر و پارتی،ئەمەش دیسان پەیوەندی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە، واتە دەبێت کادرەکان لە رووی فیکریەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت،هەروەها بە کۆبوونەوەی بەردەوامی کادرەکان لە گەڵ یەکتری.ئەوجا دوای ئەوە دێنە ناو جەماوەر.

*** مەبەست لە کۆبوونەوەکان چیە ئایا هەر بەگشتیکردن(تعمیم)ی حزب بخوێننەوە و تەواو، یان موناقەشەی فیکری بکەن؟**

ـ بەڵێ موناقەشەی سیاسیەتی حزب، موناقەشەی فیکری، ئینجا موناقەشەکردن لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە.بەمجۆرە حزب پشت بە کادرە دەستە بژێرەکانی دەبەستێت، ئەو کادرانە دەبنە پردی بەیەك بەستنەوەی جەماوەر و سەرکردایەتی حزب.

*** ئایا مەبەستی تۆ ئەوەیە لەبری ئەوەی هەوڵبدەن خەڵك بە ئایدیۆلۆژیەتی حزب ئیقناع بکەن، هەوڵبدەن چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی خەڵك بکەنە بەرنامەی خۆیان؟**

- بە تەئکید، لەبەرئەوەی ئەگەر بەرنامەکە بە خەڵك نامۆ بوو کەس پشتگیری لێناکات، بۆیە ئەرکی کادری راستە قینە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی گەندەڵکارن ئاشکرایان بکەن و لێپرسینەوەیان لە گەڵدا بکرێت لەسەر ئاستی حزب و ئەگەر پێویست بوو دوور بخرێنەوە.ئەگەر دڵسۆز بن بۆ حزبی خۆیان پێویستە سەرکردایەتی لە کەموکورییەکان ئاگادار بکەنەوە و راشکاوانە بڵێن لەم بوارە کەموکوریمان هەیە.بەڵام گرنگە لایەنە باشەکانیش دەربخرێن، بۆ نموونە کادرێکی حزب لە پۆستێکی گشتیدایە و زۆر سەرکەتووە پێویستە پشتگیری بکرێت و دەست خۆشی لێ بکرێت،کەواتە نوێبوونەوە لە ناو رێکخستن لەسەر دوو ئاستە، یەکەمیان لە ئاستی نوێبوونەوەی فیکری کادرەکان، دووەمیان لە ئاستی پێوەندیکرن لەگەڵ جەماوەر.نابێت بەهیچ جۆرێك کادری حزبی خۆی لە جەماوەر بە گەورەتر سەیر بکات.

*** نازانم بەرێزت زۆر جەختت لەسەر کادری دەستە بژێر کردەوە، بەڵام ئەی ئەندامەکانی دیکە چۆن کاریان پێبسپێرین، خۆ ناکرێت لە پارتی دووربخرێنەوە؟**

- من مەبەستم لە کادری دەستە بژێر ئەوەیە بتوانێت جەماوەر بکات بە لایەنگیری بەرنامەکانی پارتی، بۆ نموونە پارتی دەیەوێت خۆ پیشاندانێك بکات، لەم خۆ پیشاندانە تەنها ١٠ کادری پارتی بەشداری دەکات، بەڵام بە هەزاران هاوڵاتی وەك لایەنگیری فیکرەکەی پارتی بەشداری خۆ پیشاندانەکە دەکەن،گرنگە حزبی جەماوەری،جەماوەر لایەنگیری بێت، نەك وەك ئەندام ناوی تۆمار کرابێت،بۆیە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی نێچیرڤان بارزانی ئەوە دەبێت کە تەرشیقی حزب بکات، بەڵام ئەم کارە زۆر قورس دەبێت، لەبەر ئەوەی کولتووری وڵاتی ئێمە بەو جۆرەیە کاتێك تەرشیق دەکەیت ئەندامەکە دەچێت دەبێتە ئەندامی لایەکی دیکە بۆیە دەبێت ئەم لایەنە زۆر بە وردی دیراسەت بکرێت، من پێمباشە پۆلێن بکرێن، ئەمەش واتە ئەندامەکان پۆلین بکرێن بۆ چەند ئاستێك بۆ نموونە ئاستەکانی ( ا،ب،ج)، بەڵام بۆ ئیشکردن تەنها پشت بە ئاستی (ا) دەبەسترێت،ئاستی ( ب وج) دەبێت وەك لایەنگیری حزب دەبن، دێن بۆ کۆبوونەوە حزبیەکان، بەڵام ئەندامانی ئاستی ( ا) کارەکان دەکەن،ئەمەش واتە ئاستی (ا) وەك ئاستی (ب) نیە،ئاستی (ب) وەك ئاستی( ا ) نیە. من پێموایە لەوانەیە ئەمە چارەسەرێك بێت بۆ چۆنیەتی تەرشیقکردنی حزب.

*** بابێینە سەر ئاستی سێهەم ئایا نوێبوونەوە لەسەر ئاستی سێهەم چی دەگرێتەوە؟**

- ئێمە ئاماژەمان کرد بە نوێبوونەوە و گۆرانکاری لە ئاستی فیکری و رێکخستن، کەواتە سێهەمیان بریتی دەبێت لە:

٣- نوێبوونەوە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی، ئەمەش واتە هیچ مەرج نیە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ لە سەرکردایەتی بمێننەوە و هیچ داینامیکێتێکیشان نەبێت،واتە ببێتە قاڵبێکی جامدی بێ جووڵە،بۆیە ئەگەر بمانەوێت حزب تەفعیل بکەین پێویستە گۆڕانکاری لەسەرکردایەتی بکەین،بۆ ئەوەی خەڵکانێك بێنە پێشەوە و ئەکتیف بن و بجولێن،ئەمە بەو مانایە نالێم پیاوێکی بەتەمەن بگۆڕین و پیاوێکی گەنج لە شوێنی دابنێین، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بیرکردنەوەی جۆرێکی دیکە بێت،دیدوبۆچوونێکی نوێی هەبێت،واتە چۆن سەیری ئایینده دەکات و چۆن رەخنە لە واقیعی ئێستا دەگرێت،پێویستە ئەم وەرچەرخانە ئەنجامبدرێت.

*** بەڵام چۆن بتوانین ئەم کەسانە ئامادە بکەین بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسەکان، لە رێی سندوقی هەڵبژاردنی ناوخۆی حزبەوە دەربچن، چونکە زۆرجار ئەو کەسانەی خاوەنی بیروبۆچونن، دەبنە قوربانی پرۆسەی دەنگدان؟**

- لە راستیدا ئامادەکردنەکە لە رێی کردنەوەی دەورەوە دەکرێت، چونکە هەمو پارتێکی سیاسی، ئەگەر موحافیزکاربێت، ئەگەر مارکسی بێت یان سۆشیال دیموکرات، ئەوا سەرکردەکانی دەورە دەبینن، لەم دەورانەشدا موحازەرە دەوترێتەوە و گفتوگۆ لەسەر بابەتە گرنگەکان دەکرێت، واتە لەم دەورانەدا، هەم ئامادەکاری و هەم راهێنان بەو سەرکردانە دەکرێت کە چۆن ئیش و کارەکان بەرێوەببەن و تەنانەت چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیاندا بکەن. کەواتە مەسەلەکە هەر ئەوەنیە کەسێك ببێتە سەرکردە و بەس، بەڵکو دەبێت بەردەوام ئەو سەرکردەیە گۆش بکرێت بە فیکری نوێ و بە شێوازی نوێی رێکخستن، واتە دەبێت لە جولەیەکی داینامیکیدا بن.

پێویستە حزب ببێتە حزبی جەماوەری، ئەمەش نەک تەنها لە رووی ئەوەی ژمارەی ئەندامەکانی خۆی زیاتر بکات، بەڵکو ئایا رێژەی چەندی جەماوەر دەنگ و متمانە بەو حزبە دەدات لە کاتی هەڵبژاردندا

دەبێت کادرەکان لە رووی فیکریەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت

کادرێکی حزب لە پۆستێکی گشتیدایە و زۆر سەرکەتووە پێویستە پشتگیری بکرێت و دەست خۆشی لێ بکرێت

گرنگە حزبی جەماوەری، جەماوەر لایەنگیری بێت ، نەک وەک ئەندام ناوی تۆمار کرابێت

*** واتە ئەگەر بمانەوێت ئەم گۆڕانکاریە بکەین دەبێت لیژنە مەرکەزی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان قابیلیەتی ئەویان تێدابێت بگۆڕێن؟**

- بەڵێ دەبێت قابیلی گۆڕانکاری بن، چونکە ئەمە شتێکی بنەڕەتی و سەرەکیە، بەڵام ئەو گۆڕانە بە چ پێوەرێك، نابێت بە پێوەری دروستکردنی دەستەگەری و کوتلەگەری بێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای تیروانین بێت. دەبێت ئەو کەسانە بن کە لە جوڵەیەکی دینامیکیدان، واتە ئەو کەسانەبن کە تیروانین و بیروبۆچونیان نزیك بێت لە جێبەجێکردنی بەرنامە و ئایدۆلۆژیای حزبەوە، هەوڵی دۆزینەوەی ئامرازی نوێ بدەن بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای حزبە لە ناو جەماوەردا.

*** بابێینە سەر ئاستی چوارەم، ئایا ئاستی چوارەم چی دەگرێتەوە؟**

- ٤- پەیوەندی حزبە لەگەڵ هاوڵاتیاندا، لە زانستی سیاسەتدا حزبی سیاسی یەکێك نیە لە دامەزراوە ڕەسمیەکان، بەڵکو یەکێکە لە دامەزراوە نارەسمیەکان کە ڕەسمیەکانیش هەر سێ دەسەڵاتەکە دەگرێتەوە (یاسادانان، جێبەجێکردن و قەزا)، کەواتە کاری حزب لە ناو دەزگای حکومیدا نیە، بەڵکو لە دەرەوەی دەزگای حکومیە، لە ناو جەماوەردایە، هەروەها حزب یەکێك لە ئامرازەکانی جوڵەی سیستەمی سیاسییە، واتە سیستەمی سیاسی توانای جوڵەکردنی نیە ئەگەر حزب داواکاری و خواستی جەماوەر نەگوازێتەوە بۆ دەسەڵات. بەڵام حزب چۆن دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت ؟ بە هۆ ی بوونی پەیوەندیەکی بەهێز و پتەو لەگەڵ هاوڵاتیاندا، واتە هاوڵاتیان متمانە بە حزبەکە بکەن، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە چۆن حزب دەبێتە جێی متمانەی هاوڵاتیان؟ یەکەمیان بە بوونی ئایدۆلۆژیایەکی بەرز(راقی)، دووەم بوونی کادیری باشە، چونکە هەرچەندە ئایدۆلۆژیاکەت ڕەونەقداربێت، ئەگەر کادیرت لاوازبوو، ئەوا پشتیوانی جەماوەریشیت لاواز دەبێت. کەواتە هەم دەبێت ئایدۆلۆژیایەکی بەرزت هەبێت و هەم کادیرەکانیشت جێی سەرنج و نرخاندنی هاوڵاتیان بن.

*** بەڵام ساڵانە لە ناو پارتیدا چەندین کادر لە خولی کادران دەردەچن، بەڵام بۆچی چالاك نین، لە کاتێکدا ئەو موحازەریان پێدەوترێتەوە و کاریان لەسەر دەکرێت؟**

- من پێم وایە شێواز و ڕێگای پاڵاوتن و دەستنیشانکردنیان هەڵەیە، فلتەرەکانی دەستنیشانکردن تەواو نین. بارودۆخەکە دیارە، بۆچی هەندێ کادر دەرچووە و ڕۆڵی نیە، ئەگەرچی هەندێکیان ڕۆڵیشیان هەیە، بەڵام ئەو ڕۆڵە نیە کە تۆ دەتەوێت و چاوەڕێی دەکەیت، کەم و کووڕیەکە لە کوێدایە، یەکەمیان ناتەواوی و هەڵە لە دەستنیشانکردن و کاندیدکردنیاندا هەیە، دووەمیان ڕەنگە پەیوەندی بە ئاستی دەورەکەوە هەبێت، سێیەم ئاستی فیکرە، ئەمانەش هەموویان پێکەوەگرێدارون، واتە دەبێت ئاستی فیکر لە دەورەکەدا بەرز بێت و ئەو کەسەش کە دەستنیشان دەکرێت دەبێتی ئاستێکی بەرزی فیکری هەبێت.

*** ئێوە وەك کەسێك لە سەر ئاستێکی بەرزی ئەکادیمی قسەدەکەن، ئەو ڕاستیە دەزانن کە لە دنیادا حزب دەزگای ڕاگەیاندنی نیە، بەڵام ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان هێندەی دەوڵەتێکی ئەوروپی دەزگای ڕاگەیاندنی هەیە کە نوخبەی پارتی کاری تێدا دەکات و ئەمەش ڕەنگە خاڵێکی ئیجابی بێت بۆ چەسپاندنی تێڕوانینی پارتی لە ناو جەماوەردا، بەڵام ئایا دەبێت ڕاگەیاندنیش بە فیکر ئیش بکات، یاخود چۆن دەتوانین کاریگەری لەسەر ڕاگەیاندن دروستبکەین؟**

- من کاتێك باس لە ئیشکردن بە فیکر دەکەم، مەبەستم چەقبەستوی عەقائیدی نیە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت فیکرێك هەبێت و ببێتە ڕێبەر و



**یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی نێچیرڤان بارزانی ئەوە دەبێت کە تەرشیقی حزب بکات، بەڵام ئەم کارە زۆر قورس دەبێت، لەبەر ئەوەی کولتووری وڵاتی ئێمە بەو جۆرەیە کاتێک تەرشیق دەکەیت ئەندامەکە دەچێت دەبێتە ئەندامی لایەکی دیکە بۆیە دەبێت ئەم لایەنە زۆر بە وردی دیراسەت بکرێت**

**ئەگەر بمانەوێت حزب تەفعیل بکەین پێویستە گۆڕانکاری لەسەرکردایەتی بکەین، بۆ ئەوەی خەڵکانێک بێنە پێشەوە و ئەکتیڤ بن و بجولێن، ئەمە بەو مانایە نالێم پیاوێکی بەتەمەن بگۆڕین و پیاوێکی گەنج لە شوێنی دابنێن، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بیرکردنەوەی جۆرێکی دیکە بێت**

**من كاتێك باس له ئیشكردن به فیكر دەكەم، مەبەستم چەقبەستوی عەقائیدی نیە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت فیكرێك هەبێت و ببێتە ڕێبەر و پێشەنگ بۆ كاركردن**

**من دەمەوێت ئەوەبڵێم كاتێك تەماشای تەلەفزیۆنەكان دەكەیت و گوێ بۆ ڕادیۆ دەگرێت هەست ناكەیت، حزب بوونی هەیە تێیاندا**

**دەبێت پارتیش ئەو پرسیارە لە خۆی بكات، ئایا دەزگاكانی ڕاگەیاندن، كەناڵ و ڕۆژنامەكان توانیویانە فیكری حزب، كە ئێمە ئیشكالیەتمان هەیە لەسەر فیكرەكەش، واتە ئایا توانیویانە ئەو فیكرەیە بە ئیشكالیاتەكانیەوە بگوازنەوە و پیشانی دەرەوەی بدەن؟، نەیانتوانیوە**

پێشەنگ بۆ كاركردن، بۆنموونە دەبێت ئامراز و شێوازی جۆراوجۆر بگرینەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێك،كە ڕەنگە شێواز و ڕێگاكەشمان جیاوازبێت، بەڵام لە كۆتاییدا ئامانجمان خزمەتكردنی فیكرەكەیە، بۆ نمونە ڕۆژنامە بە شێوازی خۆی، گۆڤار بە شێوازی تایبەتی خۆی و كەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆكانیش بە ڕێگای خۆیان، بەڵام من دەمەوێت ئەوەبڵێم كاتێك تەماشای تەلەفزیۆنەكان دەكەیت و گویێ بۆ ڕادیۆ دەگرێت هەستا ناكەیت، حزب بوونی هەیە تێیاندا، مەبەستم ئەوەیە هەست ناكەیت حزب ئامرازێكە بۆ نوێكردنەوەی كۆمەڵگەی كوردی. ڕوونتر بڵێم حزب دەسەڵاتی لە دەستە، بەڵام چۆن حوكم دەكات و بە چ بەرنامەیەك ئەوا دیار نیە و من نایزانم، حزب چی دەوێت.

*** پێت وایە دەزگاكانی ڕاگەیاندن ڕووی حزبیان ناشرین كردووە؟**

- من ناڵێم ناشرینیان كردووە، بەڵام بەو شێوەیە ڕووی حزبیان پیشان نەداوە كە پێویستە، ئۆباڵی ئەم حاڵەتەش تەنها لە ئەستۆی ڕاگەیاندن نیە، بەڵكو دەكەوێتە ئەستۆی حزب، لەبەر ئەوەی هەروەك پێشتر باسم كرد كێشەی فیكر و ڕێكخستن و كادری هەیە، ئەمانەش ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر چۆنیەتی ئیشكردنی دەزگاكانی ڕاگەیاندن. با لێرەدا نموونەیەك باس بكەین، لە نەمسادا حزبی سۆشیال دیموكراتی حزبێكی دێرینە و لە ساڵی ١٨٩٩ دامەزراوە كە یەكێك بوو لەو حزبانەی لەو تەوژمە دروست بوو كە پێی دەوترێت تەوژمی ماركسیەتی نەمساوی، كە ئۆتۆباوەر سەركردە و مونەزیری ئەو حزبە بوو، لە دواییدا مونەزیری دیكە هاتن وەك برۆنۆكرایس كرەیز و فیشەر، ئەو حزبە لە ساڵی ١٩٨٠دا ڕۆژنامەیەكی هەبوو كە نزیكەی ٧٠ ساڵ بوو دەردەچوو بە ناوی ڕۆژنامەی كرێكاران، سەیریان كرد كە بۆ ماوەی ١٣ ساڵە حزبی ئیشتراكی لەسەر حوكمە، كرایس كرەیز سەرۆك وەزیرانە، كەچی ئەو ڕاستیەیان بۆ دەركەوت ڕۆژنامەكەیان لە ناو جەماوەردا ڕۆڵ و كاریگەری نەماوە، لەبەر ئەوەی دایانخست و جەختیان لەسەر مەسەلە ناوخۆییەكان كردەوە، لەسەر بڵاوكراوە و كوڕاسەی ناوخۆی و پەیمانگای فیكری خۆیان، ئێستا ڕۆژنامەیان نیە، كەواتە دەبێت پارتیش ئەو پرسیارە لە خۆی بكات، ئایا دەزگاكانی ڕاگەیاندن، كەناڵ و ڕۆژنامەكان توانیویانە فیكری حزب، كە ئێمە ئیشكالیەتمان هەیە لەسەر فیكرەكەش، واتە ئایا توانیویانە ئەو فیكرەیە بە ئیشكالیاتەكانیەوە بگوازنەوە و پیشانی دەرەوەی بدەن؟، نەیانتوانیوە.

*** بەڵام با ئێمە وەك ڕاگەیاندن ڕەخنەیەك لە خۆمان بگرین، ئێمە دەمانەوێت پارتی بەو شێوەیە پیشان بدەین كە نابێت كەس ڕەخنەی لێبگرێت و ئەگەر كادیریكێش ڕەخنە و بۆچوونێكی هەبوو لەسەر لایەنێكی پارتی، پێیدەڵێین نابێت بڵاویبكەیتەوە، ئایا ئەو نوخبانەی ئەو دەزگایانە هەڵدەسوڕێنن هەڵە پەروەردە كراون، یان ئێوە تەفسیرێكی دیكەتان هەیە؟**

- بەڵێ بە هەڵە پەروەردەكراون، بەڵام با بپرسین بۆچی؟ لە ڕاستیدا یەكێك لە هۆكارەكان كە دەبێتەهۆی دروستكردنی چالاكی لە ناو حزبدا بریتیە لە فیكر، ئەمەش بە ڕەخەگرتن و مشت و مڕو موجادەلە دەبێت، واتە بێ ڕەخنە هیچ فیكرێك پێشناكەوێت، بە چەشنێك پرۆفیسۆر ئەلمۆند دەڵێت هیچ پێشكەوتنێك لە ژیاندا ڕوونادات، ئەگەر تیڕوانینێكی ڕەخنەگرانە نەبێت، بەڵام من باسی تەشهیر و لەكەداركردن ناكەم، من باسی ڕەخنەی مەوزوعی و بنیاتنەر دەكەم كە ئامانجی پێشخستنی حزبەكەی بێت.

*** بەڵام چۆن بتوانین دەزگاكانی ڕاگەیاندنی پارتی بكەینە كەناڵێك بۆ گەیاندنی خواستی هاوڵاتیان، بۆ گفتوگۆكردن لە بارەی كێشەكان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان؟**

- من پرسیار دەكەم ئایا هاوڵاتی لەم وڵاتەدا كێشە و گیروگرفتی نیە، بە دڵنیاییەوە هەیەتی، بەڵام ئایا ڕێژەكەی چەندە بە بەراورد بە وڵاتێكی پێشكەوتوو، ئەگەر لە وڵاتێكی پێشكەوتو ڕێژەكە لە سەدا ٢٠ بۆ ٣٠ بێت ئەوا لێرەدا لە سەدا ٩٠ ە، خەڵكی كێشەی ژیان و گوزەرانی هەیە، كێشەی خێزانی هەیە، كێشەی هەیە لەگەڵ ئەو خزمەتگوزاریانەی حكومەت دابینیدەكات، كەواتە زەمینەی كاركردنی ڕۆژنامەكان لە ئارادایە، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی ناچنە ناو ئەو خەڵكەوە و لە كێشەكانیان ناكۆڵنەوە و لەگەڵ هاوڵاتیەكی سادەدا دانانیشن و كێشەكانی بخەنەڕوو.

*** ئایا باسنەكردن و شاردنەوەی كێشەكان حزبی پێ بەهێزدەبێت؟**

- نەخێر.

*** بەڵام بۆچی ئەمە لە ئارادایە، ئایا هەڵەكە لە ناو حزبدایە؟**

- ئەمە ئاماژەیەكە كە نەریتی هەلپەرستی و ماستاوچێتی بەهێزە و كادرەكانیش نایانەوێت كێشەی هاوڵاتیان بهێننە ناو كۆبوونەوە و دانیشتنە حزبیەكان، ئەمەش هەڵخەڵەتاندنە و سیاسەتی نەعامەیە كە سەری لە خۆڵدا دەشارێتەوە و كێشەكان لەبەرچاوناگرێت.

*** واتە ئەركێكی زۆر سەخت دەكەوێتە ئەستۆی نیچیرڤان بارزانی؟**

- بەڵێ سەختە.

*** پرسیار ئەوەیە چۆن بتوانێت ئەم كولتوورە كارابكات، ئایا دەبێت ڕاستەوخۆ خۆی بێتە پێشەوە و بەشداری بكات، یان بە چ شێواز و ڕێگایەكی دیكە؟**

- یەكەم هەنگاو دەبێت ئەو بێت سیاسەتی ڕاگەیاندن ئاشكرابكات، ئایا ڕاگەیاندن دەیەوێت ڕاستیەكان ئاشكرا بكات یان نا، ئایا دەیەوێت بزانێت واقیعی حاڵ و گوزەرانی هاوڵاتیان چۆنە یان نا، واتە دەبێت پەیامی ڕاگەیاندنی دیاری و دەستنیشان بكەین، ئەگەر ڕایبگەیەنین كە پەیامی ڕاگەیاندن ئاشكراكردنی و واقیع و هەقیقەتە ئەوا ئەمە دەبێتە شۆرشێك لە ڕاگەیاندندا.

*** واتە دەبێت ئەو پرسیارەی لێبكرێت ئایا كاری ڕاگەیاندن پیشاندانی وێنەیەكی گەورەی نیچیرڤان بارزانیە یاخود گەیاندنی كێشە و خواستی خەڵكە؟**

- بەدڵنیاییەوە. با نموونەیەك بهێنینەوە، كە ئەویش لافاوەكەی شاری جیددەی سعودیەیە، تا ئێستا مەلیك عەبدوڵڵا نەیدەزانی بارودۆخی ئەو شارە ئەوەندە خراپە و بە لافاوێك ١٠٦ كەس بوونە قوربانی و بە هەزاران كەسیش بریندار بوون. نەیدەزانی دەریاچەیەك هەیە و ئاوی ئاوەڕۆ دەچێتە ئەو دەریاچەیەوە و لەگەڵ زیادبوونی باران ئاوی ئەو دەریاچەیە زیاددەكات و لە ١٤ مەتر زیاتر بوون و ڕژایە ناو جەددە و ئەو شارەیان بە ئاوی ئاوڕۆ و ئاوی لافاو خراپ و پیسكرد، ڕاگەیاندن و بەرپرسەكانی ئەمەیان لە مەلیك عەبدوڵا شاردبوۆە، بەڵام ئێستا لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە پێكهێنرا و دەسەڵاتی هەیە هەر بەرپرسێك بانگ

بـكات و لێكۆڵینــەوەی لەگەڵدا بكات، مەبەســتم ئەوەیە نابێت ڕاگەیاندنی ئێمە كەم و كوورییەكان داپۆشن، بە پێچەوانەوە دەبێت ئاشكرای بكەن.

*** لــەم كاتەدا كە مــن دڵنیام نێچیرڤان بارزانی ئەمەی دەوێت، واتە ئاشكراكردنی ڕاســتییەكان تا چەند ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتــەوە و تا چەند ئەمە پێویســتی بە بڕیارێكی شۆڕشگێڕانە هەیە؟**

- هیچ كارێك لە سیاســەتدا ئاسان نیە، سیاســەت خــۆی بریتیە لــە چالاكی و كارلێككــردن و ململانێ لە نێوان فاكتەرە ناكۆك بــە یەكەكان، كاری سیاســەتیش دۆزینــەوەی هاوســەنگیە، كەواتــە تا چەند سیاســەتێكی عەقلانی و مەنتیقی بگرێتەبەر باشتر و ســەركەوتووترە، بەڵام دەبێت ئەو پرســیارە بكەین لە چەسپاندن و گرتنەبەری ئەم سیاســەتەدا، سیاسەتی ئاشكراكردنی ڕاســتیەكان لە بەرژەوەندی چەند كەس دەدرێت؟ لە بەرژەوەندی سەدەها كەس، بەڵام بۆ ئەوەی ڕاستی كەشفبكات دەبێــت ئەم سیاســەتە بگرێتەبەر، ئەگەر دەیەوێت سەركەوتو بێت، ئەگەر دەیەوێت حزبەكەی بكاتە حزبێكی داینامیكی نەك حزبێك پێكهاتبێت لە بارەگاكان.

*** لــە ڕۆژهەڵاتدا ســەركردەكان هەر لە ســەرەوەی فەرمانیان دەركردوە، ئایا دەبێت نێچیرڤــان بارزانی تێكەڵی خەڵك بێت یان تەنها فەرمان دەربكات؟**

- من پێــم وایە دەبێت تێكەڵ بێت لەگەڵ خەڵكدا، هــەم لە ڕێــگای چاوپێكەوتن لەگەڵ چین و توێژەكانی كۆمەڵگە، وەك كادرانی ڕاگەیاندن و یاســاییەكان و هتد، هەم بچێتە ناو خەڵك و گوێ بۆ خواست و داواكاریەكانیان بگرێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیــە دوای ئەو چاوپێكەوتنانە چی دەكرێت، یاخود ئایــا بە دواداچوون دەكرێت گرنگیــان پێدەدرێت، یاخود هەر تەنها دانیشــتن و چاوپێكەوتنێك دەبێت و بەس.

*** یەكێكــی دیكە لە كێشــە و پەتاكان بریتیە لەوەی پارتــی زیاتر حزبی پیاوانە نــەك هی ئافرەتان، بــۆ نموونە لە هەموو لیژنەی مەركەزی و ئەندامانی مەكتەبی سیاســی تەنها یەك ئافرەت هەیە، ئەمەش دەكاتە ڕێژەی زۆر كەم و ئافرەتان تەنها لە ڕێكخراوێكی دیاریكراودا گۆشەگیركراون، بە چەشــنێك بۆ وەزیــر كادیرمان نیە بۆ پەرلەمــان هەر پڕی دەكەینــەوە، چۆن بتوانین ئەم واقیعە بگۆڕین؟**

- كــەی توانیمان پارتی لــەو چوارچێوە تەقلیدیەی كە ڕەنگدانەوەی كۆمەڵگەی تەقلیدیــە ڕزگاربكەین ئەو كاتە دەتوانین ئەم كارە بكەین.

*** بەڵام ئەوە چۆن دەكرێت؟**

- بەو شۆڕشانەی باسمان كرد.

*** بۆچی ئافرەت متمانەی بە حزب نیە؟**

- چونكــە پێگەی ئافرەت لە كۆمەڵگەدا لاوازە، مەبەســتم ئەوەیــە ئەگەر ئافرەت چالاكیەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی هەبێت ئەوا قسەی لەسەر دەكرێت.

*** بۆچی كادرەكانی پارتی بەرپەرچی ئەم واقیعە نادەنەوە ؟**

- لەبــەر ئــەوەی ســەرچاوەی ئەوانیش كۆمەڵگــە داخــراو و تەقلیدیەكەیــە كە گومان لە هەموشــتێك دەكات و تۆمەت بۆ هەمو شــتێك دروســت دەكات. ئێمە پێشــتر باسمان كرد كە دەبێت كادری نوێ بێتە بچێتە پێشــەوە و خــاوەن و هەڵگری بیروبۆچونــی نــوێ بن، لەبــەر ئەوەی پانتایی سیاســی لە ئێستادا گوزارشت لە دواكەوتوی و تەقلیدیەت و داخران دەكات و لــە كۆمەڵگەی تەقلیدیشــدا ئافرەت پێگەیەكی باشی نیە.

*** كەواتــە ئێمە كە پێگەیــەك دەدەین بە ئافرەت خەڵاتی دەكەین و خۆی شایستەی ئەوەنیە چونكە كەسێكی چالاك نیە، چۆن بتوانین ئەم حاڵەتە، ئەم واقیعە بگۆڕین؟**

- من پێم وایە دانانی ڕێژەی لە ســەدا ٣٠ بــۆ ئافرەتان لە پەرلەمــان كارێك و بڕیارێكی باش نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وڵاتێكی وەك نەمسا، ئەوا ڕێژەی بەشــداری ئافرەت لەو وڵاتەدا لە نێوان لە ســەدا ١٥ بۆ لە ســەدا ١٧دایە، ئەمە لە كاتێكدا پێش ٤٠٠ ساڵ لەو وڵاتە بڕیاری نەهێشــتنی نەخوێندەواری دراوە، جگە لە پێشــكەوتنی مافەكانی مرۆڤ و ســەرهەڵدانی ئــەو هەمو تێكۆشــەرە گەورەیــە لە ناو حزبەكانــدا، ئەوەی لای ئێمە دروســتكراوە و ئەمەش خەڵكی بێ كەفائەت ئەهێنێتە پێشــەوە. ئەوجا لەبەر ئەوەی كۆمەڵگەیەكی تەقلیدی و داخراو و دواكەوتووت هەیــە و ئەوەی پێ قبوڵ ناكرێت ئافرەتێك ســەرۆك و بەرپرســی ڕێكخراوێك بێت و ئەگەر ئەمەش ڕوویدات ئەوا هەوڵدەدەن كارەكانی پەكبخەن.

*** ئێمە چەندین مەكتەبی ناوەندیمان هەیە، چۆن وابكەین بۆ نموونە بەرپرسی دو لەو مەكتەبانە ئافرەت بن؟**

- مــن پێم وایە ئەوە تەنها پێویســتی بە پشــتگیری ســەركردایەتی حــزب هەیە بــۆ جێبەجێكردنــی بڕیارەكانیان، ئەوەی بڕیارەكان جێبەجێنــەكات دەبێت وادابنرێت كە پێچەوانەی سیاسەتی حزب كاردەكات و بیركردنەوەیەكی تەقلیدی هەیە. ئەگەر حــزب ببێتە حزبێكی هاوچــەرخ و جێی متمانەی خەڵك ئەوا دەكرێت، متمانەش بە ئەزموون و بە جێبەجێكردن دروست دەبێت، بۆ نموونە دەبێت لــە حزبدا ئافرەت پلەی وەزیری و پێگەیەكی پێشــكەوتوی لە ناو حزبدا هەبێت و ڕێز لە بڕیار و فەرمانەكان بگیرێت، ئــەوا كاتە دەتوانرێــت متمانە دروستبكرێت. چونكە دروستكردنی متمانە لە كۆمەڵگەیەكی تەقلیدیدا ئاسان نیە.

*** ئایا پارتە سیاســیەكان تا چ ڕادەیەك ســوودیان لەو ئاســتە نزمەی هۆشیاری وەرگرتــووە بۆ بەرژەوەنــدی خۆیان، ئایا هەوڵی ئەوەیان داوە ســوودی لێوەربگرین یان بەرەو پێشی ببەن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئاســتی هۆشیاری لاوازبوو، ئەوا ڕەخنــە نامێنێت، جوولە لە پانتایی سیاســی و گشتی نامێنێت، ئەو كاتە فەرمانەكان بە شێوەیەكی ستوونی دێنە خوارەوە و لەســەر ئاستی ئاسۆیی دروست نابن. كەواتە سوودیان لێوەرگرتووە.

*** چۆن نێچیرڤــان بارزانی دەتوانێت ئەم هاوكێشــەیە پێچەوانەوەبكاتــەوە، لەبری ئەوەی ســوودی لێوەربگرێــت و هەوڵی بەرزكردنەوەی بدات؟**

- ئەمە تەنها پەیوەست نیە بە حزبەوە،بەڵكو بە تێكــڕای كۆمەڵگەوە، بە سیاســەتی پەروەردەوە، واتە دەبێت پارتی ئیش لەسەر كۆمەڵگە بكات، لەســەر دوو ئاست، لە ڕێی هەردو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە، ئەویش لە ڕێی ئەنجامدانی گۆڕانی نوعــی لە مەنهەجەكانــی خوێندندا. بە شــێوەیەك قوتابیــەك بەرهەمبهێنێت كە شەخســی ئامادەیی تەواوكــرد چەكداربێت بە زانســت نەك بە دەرجە، بۆچی زانكۆ گەورەكان ئەوەندە گرنگی بە دەرجە نادەن، بەڵكو گرنگی بە ئاستی قوتابیەكە دەدەن، هەروەهــا دەبێــت لە زانكۆشــدا بناغە و پێوەركە زانست بێت نەك مەسەلەی دیكە، ئەم دو بوارە دەتوانن ئاســتی هۆشــیاری

**لە نەمسادا حزبی سۆشیال دیموكراتی حزبێكی دێرینە و لە ساڵی ١٨٩٩ دامەزراوە كە یەكێك بوو لەو حزبانەی لەو تەوژمە دروست بوو كە پێی دەوترێت تەوژمی ماركسیەتی نەمساوی، كە ئۆتۆباوەر سەركردە و مونەزیری ئەو حزبە بوو، لە دواییدا مونەزیری دیكە هاتن وەك برۆنۆكرایس كرەیز و فیشەر، ئەو حزبە لە ساڵی ١٩٨٠دا ڕۆژنامەیەكی هەبوو كە نزیكەی ٧٠ ساڵ بوو دەردەچوو بە ناوی ڕۆژنامەی كرێكاران، سەیریان كرد كە بۆ ماوەی ١٣ ساڵە حزبی ئیشتراكی لەسەر حوكمە، كرایس كرەیز سەرۆك وەزیرانە، كەچی ئەو ڕاستیەیان بۆ دەركەوت ڕۆژنامەكەیان لە ناو جەماوەردا ڕۆڵ و كاریگەری نەماوە، لەبەر ئەوەی دایانخست**

**بێ ڕەخنە هیچ فیکرێک پێشناکەوێت**

**من پرسیار دەکەم ئایا هاوڵاتی لەم وڵاتەدا کێشە و گیروگرفتی نیە، بە دڵنیاییەوە هەیەتی، بەڵام بۆچی ناچنە ناو ئەو خەڵکەوە و لە کێشەکانیان ناکۆڵنەوە و لەگەڵ هاوڵاتیەکی سادەدا دانانیشن**

**من پێم وایە دانانی ڕێژەی لە سەدا ٣٠ بۆ ئافرەتان لە پەرلەمان کارێک و بڕیارێکی باش نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وڵاتێکی وەک نەمسا، ئەوا ڕێژەی بەشداری ئافرەت لەو وڵاتەدا لە نێوان لە سەدا ١٥ بۆ لە سەدا ١٧دایە، ئەمە لە کاتێکدا پێش ٤٠٠ ساڵ لەو وڵاتە بڕیاری نەهێشتنی نەخوێندەورای دراوە**



بەرزبکەنەوە، کە ئاستی هۆشیاریش بەرز بوون ڕەخنە دەبێت، ئەو کاتە ملکەچی بۆ هەموو فەرمانێك ناکرێت. دواتر دەکرێت ئەم نەفەسە بهێنرێتە ناو حزب، ئەو کاتە حزبیش دەبێت ئامرازێك بۆ چاکسازیکردن و گۆڕینی کۆمەڵگە نەك بۆ ملکەچپێکردنی.

*** ئێوە ئاماژەتان بۆ فێرکردن و پەروەردە کرد، ئایا ئەم دوو لایەنە لە وڵاتی ئێمەدا بوونیان هەیە، ئایا ئاستی فێرکردن و قوتابخانەکانمان بەو شێوەیەن پەروەردە و فێرکردنیان تێدا هاوسەنگ بێت، چونکە ئێستا ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە قوتابخانەکانمان سێ دەوام و چوار دەوامی تێدادەکرێت، چۆن حزب دەتوانێت ئەم بارودۆخە بگۆڕێت؟**

- کاتی خۆی لە عێراقدا تاوەکو ساڵانە پەنجا و شەستەکانیش دەوامی قوتابخانە بەو شێوەیە بوو کە قوتابی تا سەعات ٤ دەمایەوە و تەنها یەك سەعات پشووی هەبوو و دەگەڕایە ماڵەوە دەهاتەوە، هەروەها دەوامی زانکۆکانیش تا سەعات و ٢ و ٣ بوون، بەڵام ئێستا ئامار هەیە باس لەوە دەکات ٤٠٠ قوتابخانە سێ دەوامیان تێدادەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا باس لەوەش دەکرێت کە هەندێ گوند هەیە قوتابخانەی هەیەو قوتابی نیە چونکە چۆڵ بووە، من پێم وایە لەبەر ئەوەی حزب دەسەڵاتدارە دەبێت بەرنامەکەی لە وەزارەتی پەروەردەدا جێ بەجێ بکات و لە بودجەی پەروەردە هەوڵبدات لە ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵدا چەندین بینایەی قوتابخانە دروستبکات. بۆ ئەوەی تا سەعات ٤ دەوام هەبێت.

*** لە وڵاتی ئێمەدا حزب کە دەبێتە حکومەت کار بۆ ئەندامەکانی خۆی دەکات، پرسیارەکەی من ئەوەیە دەبێت پەیوەندی حزب و حکومەت چۆن بێت؟ حزب چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا بکات؟**

- لە ڕاستیدا خەڵك بۆ ئەوە دەنگ بۆ پارتێکی دیاریکراو نادەن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و دەسەڵات بگرێتەدەست و ئیش بۆ ئەندامەکانی خۆی بکات، حزبیش لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەم بانگەشەیە ناکات، لەبەر ئەوەی میسداقیەتی حزبیش لەوەدایە بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی گرتەدەست، نەك پێچەوانەوەی ئەو بەرنامەیە کاربکات، هەروەها دەبێت ئەو دیاردەیە کەمبێتەوە کە حزب تەنها بۆ ئەندامەکانی خۆی ئیشبکات.

*** مەبەستمان ئەوەیە کاتێك کادرێکی پێشکەتووی حزب دەبێتە وەزیر دەبێت جیاوازیەکە چی بێت؟**

- لە ڕاستیدا لە حاڵەتی یەکەمدا ئەو تەنها مامەڵەی لەگەڵ ئەندامانی حزبدا کردووە، بەڵام لە وەزارەتدا مامەڵە لەگەڵ تێکڕای هاوڵاتیاندا دەکات کە هاوڵاتی تێدایە بەرهەڵستکاری ئەویشە، واتە دەبێت یاسایەك جێبەجێ بکات کە بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیانی تێدابێت، بۆ نموونە یاسای چاودێری تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی دەبێت هەموو هاوڵاتیان سوودی لێوەربگرن.

*** ئێوە بۆ ماوەی نزیکەی ١٠ ساڵە لە پۆستێکی گرنگدان، ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیران بوون بۆ کاروباری خوێندنی باڵا، ئایا خاڵە سلبیەکانی هەمو حزبەکان چین کە ئێوە لەو ماوەیەدا سەرنجتان داوە و درکتان پێکردووە؟**

- ئەوە ڕوونە کە دەستێوەردان زۆر بووە، فشار زۆربوە، هەندێ جار ڕەخنەی ئەوە لە من گیراوە کە کەسێکم مامەڵەیەکی ڕەق دەکەم، بەڵام هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من ئیشی نایاساییم

بەڕێنەکـــردووە، ئێمە دەبێـت کار بۆ ئەوە بکەیــن دیاردەی واســتە کەمبێتەوە، ئەو دیاردەیــە کەمبێتـــەوە کە لەبــەر خاتری کەسێك یاسا پێشـــێل بکەین. من هەست دەکەم ســەرکەوتو بوومە لەوەی ئیشـــی نایاســایم بەڕێنەکــردووە، زەرەرم کردووە، بەڵام سەرکەوتوش بوومە.

*** چۆن پارتی دەتوانێت ببێتە هۆکارێکی یارمەتیـدەر بــۆ حکومەت نــەك ببێتە بەربەست؟**

- دەبێت ڕێگەنەدات یاسـا پێشێلبکرێت، دەبێـت ئـەو دیاردەیــە کەمبکرێتەوە کە بەرپرسـێکی حزبی نووسراوێك دەکات بۆ کەسێك بۆ ئەوەی کارێکی لە حکومەتدا بۆ بەڕێبکرێت، هەروەها پێویستە بەو شێوەیە کادرەکانی ڕۆشـــنبیر بکات کە پێیان ڕابگەیەنێت ڕاستە ئێمە حکومەتمان وەرگرتووە، بەڵام دەبێت ئێمە یەکەم کەس نەبین سوودی لێوەربگرین، بەڵکو دەبێت دوایەمەین کەس بیــن و دەبێت هاوڵاتیــان یەکەم کەس بن سوود لە حکومەت وەربگرن.

*** ئێوە بە حوکمی ئەوەیی پرۆفیسۆری زانستی سیاسیین و چەندین ساڵە لە پۆستێکی هەستیاردا بوونە، ئایا تا چ ڕاددەیەك گەشبینن کە کاك نیچیرڤان بارزانی سەرکەوتوو دەبێت لەم هەوڵەیدا؟**

- من پێم وایە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە خەڵك لە حزبە سیاسییەکان نارازی و نائومێدن، لەبەر ئەوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت هۆکارەکانی ئەم نارازیبوونە چین، ئایا هۆکاری فیکرین یان ڕێکخستن، یان بارو و گوزەرانی ژیان، یاخود کادرەکانی حزب بە لووتبەرزییەوە ڕەفتار دەکەن یاخود حکومەت بەڵێنەکان جێبەجێ ناکات، چونکە ئێستا خەمساردیەکی سیاسی سلبی بوونی هەیە و دەکرێت پشت بە کەسانی پسپۆڕ ببەستێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەم هۆکارانە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، ئەم کارەش بە دروستکردنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە دەبێت کە ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن بوێر و ڕەخنەگر بن، نەك تەنها کەفائەتیان هەبێت، بەڵام بیروبۆچونی خۆیان دەرنەبڕن. هەروەها پێویستە نێچیرڤان بارزانی ئەو کولتوورە لای کادرانی پارتی بگۆڕێت کەتەنها جەخت لەسەر پارە بکەنەوە، بەواتایەکی دیکە نابێت کادرەکان لە دوای پارە بگەڕێن،بەڵکو دەبێت چالاك بن و بەدوای کارێك بگەڕێن کە بەرژەوەندی گشتی تێدا بێتلە چوارچێوەی سیاسیەتی حزبدا و بەمجۆرەش دەتوانن ئامانجەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، کەواتە گەران بە دوای پارە لەناو سیاسەت جێگەی نابێتەوە، ئەوەی بەدوای پارە دەگەڕێت دەبێت بچێتە ئەو شوێنەی بازرگانی لێدەکرێت.



**ئەگەر ڕاییگەیەنین کە پەیامی ڕاگەیاندن ئاشکراکردنی و واقیع و هەقیقەتە ئەوا ئەمە دەبێتە شۆڕشێک لە ڕاگەیاندندا**

**ئامار هەیە باس لەوە دەکات ٤٠٠ قوتابخانە سێ دەوامیان تێدادەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا باس لەوەش دەکرێت کە هەندێ گوند هەیە قوتابخانەی هەیەو قوتابی نیە چونکە چۆڵ بووە**

**خەڵک لە حزبە سیاسیەکان نارازی و نائومێدن، لەبەر ئەوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت هۆکارەکانی ئەم نارازیبوونە چین، ئایا هۆکاری فیکرین یان ڕێکخستن، یان بارو و گوزەرانی ژیان، یاخود کادرەکانی حزب بە لووتبەرزیەوە ڕەفتار دەکەن یاخود حکومەت بەڵێنەکان جێبەجێ ناکات**

## د.هاله مستەفا بۆ گوڵان:

# حزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەرزۆک و لاوازن و پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنیان لەخۆیاندا ئەنجام نەداوە



خاتوو هاله مستەفا سەرنوسەری گۆڤاری وەرزی سیاسەتی ئەهرامە (( Al-Ahram political quarterly )) بەناوی دیموکراتی (( AL-Dimocratiya )) ئەم گۆڤارەش یەکەمین بڵاوکراوەی ئەکادیمیە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە بە زمانی عەرەبی دەردەچێت و بایەخ بە پەرەپێدانی دیموکراتی و گەشەپێدانی بەهاکانی لیبرالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، خاتوو هاله یەکێکە لە نووسەرە سیاسی و ستوون نووسە بەناوبانگەکانی ڕۆژنامەی ئەهرام کە بەناوبانگترین ڕۆژنامەیە لەمیسردا، هەروەها بەناوبانگترین ڕۆژنامەی عەرەبییە کە لە وڵاتانی عەرەب دەردەچێت، لە ئاستی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە جیهانییەکانیش خاتوو هاله وتارەکانی لە ڕۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و نیویۆرك تایمز و فاینشیال تایمز بڵاو دەکاتەوەو لە ئامۆژگا بەناوبانگەکانی وەك ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و چەندین دیراساتی گرنگی بڵاوکردۆتەوە و خاوەنی چەندین کتێبی سیاسییە وەك (( ئوسولیەتی ئیسلام و پێکدادانی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا، کلتوری سیاسەتی عەرەبی و پارتە سیاسییەکان )).

خاتوو هاله یەکێکە لە چالاکوانەکانی بواری سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە مانگی ڕابردوو بووە سەردێڕی ڕۆژنامەکانی میسر و ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا کە پێشوازی لە بەرپرسێکی ئیسرائیلی کردووە، ئەمە لە کاتێکدا ماوەی ٣٠ ساڵە بەرەسمی باڵیوزخانەی ئیسرائیل بەرەسمی لە قاهیرە بوونی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر کلتوری پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و ئەو ڕەخنانەی لەماوەیە ڕووبەرووی بوونەوە، پەیوەندیمان بە د.هاله مستەفا کردو بەڕێزی لەگەڵ ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بۆ یەکێك لە کۆنفرانسە ئەکادیمیەکانی قاهیرە بانگهێشت کرابوو، زۆر سەرقاڵی ئەو کۆنفرانسە بوو، بەڵام دواکەوتنی ڕەتنەکردنەوەو کاتێکی تەرخانکرد بۆ ئەوەی بۆ گوڵان بێتە ئاخاوتن ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ئەوەی زۆرسوپاسی خاتوو هاله دەکەین کە کاتی خۆی بۆ تەرخانکردین، ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەی بەڕێزێتی بۆ گوڵان.

*** بەڕێزت وەك پسپۆڕێك لەبواری دیموكراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا ڕۆڵی حزبە سیاسییەكان لە كۆمەڵگە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ڕۆڵی پارتە سیاسییەكان یەكەم ئەوەیە بەدیل و ئیختیاری سیاسی جیاواز بخەنەڕوو، دووەم ئەدای حكومەت باشتر بكەن و بەرەو پێشەوەی ببەن و سێیەم ڕێژە و ئاستی بەشداری سیاسی بەرزتر بكەنەوە.

*** بەڵام پارتە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵات ناتوانن دیموكراسی بەرهەم بهێنن، ئایا هۆكاری نەتوانینی پارتە سیاسییەكانی ئەم وڵاتانە چین لە بەرهەم نەهێنانی دیموكراسیدا؟**

- پارتە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەرزۆك و لاوازن و پرۆسەی بە دامەزراویكردنیان لە خۆیاندا ئەنجام نەداوە، بەڵكو پتر پشت بە پەیوەندییە بنەماڵەیی و خزمایەتییەكان دەبەستن، یاخود پشت بە یارمەتی حكومەت دەبەستن بە تایبەتی لە ڕووی داراییەوە، كەواتە ناتوانین پێیان بڵێین سەربەخۆن. هەروەها یەكێكی دیكە لە هۆكارەكان لاوازی ئەزموونی سیاسییە لەم وڵاتانەدا.

*** تۆ باسی پارتە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتت بە لەرزۆك و لاواز كرد،بەڵام كاتێك ئەو پارتە سیاسیانە دەسەڵات دەگرنە دەست. حكومەت بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكاردەهێنن. پرسیارەكەی ئێمە ئەوەیە: دەبێت پارتە سیاسییەكان چۆن مامەڵە لەگەڵ حكومەتدا بكەن كاتێك لە دەسەڵاتدان؟**

- دەبێت پارتە سیاسییەكان جۆرێك پەیوەندییان هەبێت لەگەڵ حكومەتدا كە سەربەخۆبن و خاوەنی سەرچاوەی خۆیان بن، وەك سەرچاوە سیاسی و دارایی، هەروەها دەبێت كەناڵی ڕاگەیاندنی خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن كاریگەربن بەسەر ڕای گشتییەوە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ڕەفتاری پارتە سیاسییەكان گرێدراوە بە ئاستی ڕۆشنبیری كۆمەڵگەوە؟**

- لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باری ڕۆشنبیری دووچاری چەندین گیروگرفت بووە، وەك سیستەمی پەروەردەیی و ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری، هەروەها نوخبەی ڕۆشنبیریش گرێدراون بە نوخبەی دەسەڵاتدارەوە و سەربەخۆ نین، واتە خزمەتی چینی فەرمانڕەوا یان ڕژێمەكە دەكەن ئەمەش پاشماوەی حوكمڕانێتی تاكحزبیە كە لە ماوەی پێنج بۆ شەش دەیەی ڕابردوودا فەرمانڕەوایی كردووە. بە هەمان شێوە كێشە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانیش كاریگەری خۆیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵك بەرز نەبوو، ئەوا ئەمە كاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئاستی بەشداریكردن، چونكە لەم كاتەدا هاوڵاتییان سەرقاڵدەبن بە كێشە و گرفتە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانیانەوە.

*** كەواتە چۆن بتوانین زەمینەیەك دروست بكەین بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەكان بتوانن چاكسازی لە نێو خۆیاندا بكەن؟**

- لەم وڵاتانەدا پارتە بەرهەڵستكارەكان بوار و دەرفەتی پێویستیان نییە بۆ ئەوەی جوڵە و چالاكی و هەڵسوڕانی خۆیان ئەنجام بدەن و ڕاستەوخۆ ڕای گشتی بدوێنن و كێشە و گرفتە جۆراجۆرەكانیان بۆ بخەنەڕوو.

*** بە هەمان شێوە یەكێكی دیكە لە لایەنە سلبییەكانی پارتە سیاسیەكانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە ڕێژەی ئافرەتان لەم پارتانەدا زۆر نزمە. بە دەربڕینێكی دیكە، پارتە سیاسییەكان تەنها بۆ پیاوانن. كەواتە هۆكاری ئەمە چیە؟ ئایا چۆن بتوانین ئەم ڕێژەیە زیادبكەین؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد كە ئەمەش بۆ ئەو سنووربەندییە یاساییانە دەگەڕێتەوە كە لە سەر ئەم پارتە هەیە، بە هەمان شێوە هۆكارێكی دیكە لاوازی خودی پارتە سیاسییەكان خۆیانە، بۆ نموونە ئێمە نزیكەی ٢٧ پارتی سیاسیمان هەیە، بەڵام هاوڵاتییان ناوێك هەندێ لەو پارتانەی هەر نەبیستووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە هەندێ وڵاتدا، وەك پاكستان، لوبنان و عێراق پارتە سیاسییەكان لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی دروست دەبن، واتە وەك دامەزراوەگەلێكی تەقلیدی دەمێننەوە و هەنگاو بەرەو دامەزراییبوون نانێن.

*** ئایا چۆن پارتە سیاسییەكان دەتوانن بەرنامەی خۆیان جێبەجێ بكەن؟**

- ئەگەر ئێمە بەراوردی پارتە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پارتە سیاسییەكانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بكەین، ئەوا جیاوازی گەورە بەدی دەكەین، یەكەمیان جیاوازییە كەلتورییە، لەبەر ئەوەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەشێكە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و لە زۆر خاڵدا هاوبەشن، وەك ئەوەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات هیچ كێشەیەكی نییە لە مەسەلەی جیاكردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و دەسەڵات و چەند مەسەلەیەكی دیكە، ئەمە لە كاتێكدا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەدەست توندڕەوی و تێكەڵبوونی ئاین و دەسەڵات و چەندین نەریتی كۆمەڵایەتی دڵڕقانەوە ناڵاندویەتی، هەروەها بەدەست تایەفەگەری و مەزهەبگەراییەوە دەناڵێنێت، وەك ناكۆكیی نێوان شیعە و سوننەكان لە عێراق، یاخود ئەو بارودۆخەی لە یەمەندا هەیە، بە هەمان شێوە لوبنانیش كە ئەزموونێكی دیموكراسی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوراستدا دووچاری توندڕەوو تایەفەگەری بووە. لە لایەكی دیكەوە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا توانیویانە دەوڵەتی نەتەوەی خۆیان دروستبكەن، بەڵام ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوونەداوە و هێشتا ئەمە پرۆسەیەكە بە دەست چەندین گیروگرفتەوە دەناڵێنێت، وەك ناسەقامگیری و نەچەسپاندنی یاسا و نیزام و هتد.

*** ماوەیەك پێش ئێستا ناوی د. هالە مستەفا تێكەڵی هەواڵی ڕۆژنامەكان بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو كە دیدارتان لەگەڵ بەرپرسێكی ئیسرائیلی كردووە، ئایا ئەكرێت بە كورتی باس لە كێشەیەی خۆت بكەیت لەگەڵ ڕاگەیاندنی میسردا بەهۆی چاوپێكەوتن لەگەڵ باڵیۆزی ئیسرائیل؟**

- ئەوە ڕاستە كە میسر و ئیسرائیل هەر لە ساڵی ١٩٧٩وە ڕێككەوتنامەی ئاشتیان لە نێواندا هەیە، بەڵام ئەم ئاشتییە شۆڕنەبۆتەوە بۆ چینەكانی خوارەوەی كۆمەڵگە، هۆكاری ئەمەش بۆ مێژوو و پروپاگەندە و كەسایەتی ئەو كاتەی جەماڵ عەبدولناسر لە پەنجاكان و شەستەكانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. واتە لەبەر ئەوەی ڕێككەوتنی ئاشتی لە نێوان بەرپرسە ڕەسمییەكاندایە، ئەوا دانیشتن و چاوپێكەوتنێكی ناڕەسمی لەگەڵ ئیسرائیلیەكاندا ئەم كێشانەی لێدەكەوێتەوە. واتە لە دوای ڕێككەوتنی ئاشتییەوە پەیوەندییەكان ئاسایی نەبونەتەوەو تەنها لەسەر ئاستی ڕەسمییە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من پێم وایە دەبێت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئایندە بڕوانن و لە ڕابردوودا نەمێننەوە، لەبەر ئەوەی كێشەی جیهانی عەرەبی ئەوەیە لە ڕابردوودا خۆی قەتیس كردووە، واتە لە تێڕوانینیاندا بۆ پەیوەندی ئیسلام و سیاسەت، بۆ ئافرەت و كەمینەكان پابەندن بە تێڕوانینە تەقلیدییەكانی مێژووە، بە شێوەیەك كەلتوری سیاسی عەرەبی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە.



**ڕۆڵی پارتە سیاسییەكان یەكەم ئەوەیە بەدیل و ئیختیاری سیاسی جیاواز بخەنەڕوو، دووەم ئەدای حكومەت باشتر بكەن و بەرەو پێشەوەی ببەن و سێیەم ڕێژە و ئاستی بەشداری سیاسی بەرزتر بكەنەوە**

## پەیگ جۆهانسۆن تان بۆ گوڵان:

# لە زۆرێک لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پارتەکان بەرنامەیان نییەو وردەکارییان کەمە سەبارەت بەوەی سیاسەت چۆن دادەڕێژرێت

**پرۆفیسۆر پەیگ جۆهانسۆن ئوستادی کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی نۆرس کارۆلینا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە بواری حکومەت و پارتە سیاسییەکان و شارەزاو تایبەتمەندیشە لەسەر ژیانی سیاسیی وڵاتی ئەندەنووسیا، کە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە کێشەکی زۆری لە بواری بونیادی دیموکراتی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە تاوە پێگەیشتووەکاندا، خاتوو پەیگ جۆهانسۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**پارتەکان تەنها گەمەکارێکن لە تێکەڵەیەکی ئاڵۆزدا کە دەبێت بوونیان هەبێت بۆ ئەوەی دیموکراسی بەردەوام بێت**

**پارتە سیاسییەکان وەک کاری بازرگانیکردن وان. ئەوان هەڵدەستن بە فرۆشتنی ئایدیا و بیروبۆچوونەکان، پاڵێوراوەکان، رەمزەکان و رەنگە سیاسەتیش. ئەوا لە کاتی دەنگداندا «بەرامبەر» وەردەگرنەوە**

*** لە سیستمی دیموکراسیدا، پارتە سیاسییەکان گرنگترین دامەزراوەن بۆ دروستکردنی سیستمی دیموکراسی، کەواتە بەپێی بۆچوونی ئێوە گرنگی پارتە سیاسییەکان چییە بۆ سیستمی دیموکراسی؟**

- لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی سروشتی پارتی سیاسی بابەتێکە بۆ لێکۆڵینەوە لەبەر ئەوەی درێژەدان بە دیموکراسیەتێکی هاوچەرخ بێ بوونی پارتە سیاسییەکان زەحمەتە. پارتەکان توخمێکی گرنگن بۆ نوێنەرایەتیکردن لەبەر ئەوەی دەنگدەران پێویستیان بە پارتەکانە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ڕێگاچارانە هەڵبسەنگێنن کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەخرێنەڕوو. ئایا چۆن ئەو پاڵێوراوە کارەکانی ئەودا ئەکات لە کاتی گرتنەدەستی پۆستەکەیدا؟ بوونی پارتەکان ئەو ئیختیارانە ئاسان دەکات. ئایا هەموو کەسێك دەتوانێت هەموو شتێك لە بارەی پاڵێوراوەکانە بزانێت کە لە هەڵبژاردنەکاندا دخرێنەڕوو؟ ئایا چۆن دەنگدەران دەتوانن کاربەدەستەکان ڕوبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەنەوە لە بەرامبەر ئەو سیاسەتانەی دەیگرنەبەر؟ بێ بوونی پارتەکان، دەنگدەران تیرِوانین و بیروبۆچونی تەواویان نابێت بۆ ئەوەی بتوانن هەڵبژاردن لە نێویان ئیختیارەکاندا بکەن. هەروەها پەیداکردنی زانیاری بۆ مەبەستی بەشداریکردن ئەرکێکی گرانە. لەوەش زیاتر، یاسادارێژەران پێویستیان بە پارتەکان هەیە. لە حاڵەتی غیابی پارتە سیاسییەکاندا، یاسادانەران ناچاردەبن لەسەر هەموو مەسەلەیەك هاوپەیمانێتی نوێ پێکبهێنن بۆ ئەوەی یاسا دەربکەن.

*** لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پارتە سیاسییەکان بوونیان هەیە. لە هەمان کاتدا تا ڕاددەیەك دیاریکراو سیستمی فرەحزبیش بوونی هەیە، بەڵام پارتە سیاسییەکان ناتوانن دیموکراسی بەرهەمە بهێنن، ئایا هۆکاری نەتوانیتی پارتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە چین لە بەرهەمنەهێنانی دیموکراسیدا؟**

- بناغەی پرسیارەکەی ئێوە جێی سەرنج و ووردبونەوەیە: کە دەبێت پارتە سیاسییەکان «دیموکراسی بەرهەم بهێنن.» پارتەکان ناتوانن ئەم کارەبکەن. پارتەکان تەنها گەمەکارێکن لە تێکەڵەیەکی ئاڵۆزدا کە دەبێت بوونیان هەبێت بۆ ئەوەی دیموکراسی بەردەوام بێت. پارتەکان بەشێکن لە کۆمەڵگەی سیاسی، کە بەشەکانی دیکە بریتین لە دەستور، یاساکانی هەڵبژاردن. دەبێت کۆمەڵگەی سیاسی کاروبارەکانی بێ کێشە و گرفت بەڕێوەببات بۆ ئەوەی دیموکراسی سەرکەوتووبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت چەند شتێکی دیکەش لە ئارادابن: سەروەری یاسا، کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێویاندا ڕۆژنامەگەری ئازاد و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

بەهۆی بە دامەزراویبوونیانەوە، هەروەها بەهۆی بەدەستهێنانی بەها و سەقامگیربوونیانەوە پارتەکان دەتوانن بەشداری لە پتەوکردنی دیموکراسیدا بکەن. دەبێت پارتە سیاسییەکان بە شێوازێکی سەقامگیری ململانێی یەك بکەن. دەبێت پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەبێت. دەبێت پارتەکان و هەڵبژاردن وەك ئامرازێکی شەرعی سەیر بکرێن بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی کێ حکومڕانی دەکات. لە کۆتاییدا، دەبێت پارتەکان ئاستێك لە سەقامگیری بەدەست بهێنن. دەبێت لەنێوان هەڵبژاردنەکاندا بوونیان هەبێت. دەبێت

پرۆسەی ڕۆتینی بڕیاردانیان هەبێت. نابێت تەنها لەسەر بنەمای کەسایەتی یان کاریزمای کەسێك بنیاتنرابێتن.

*** بەو پێیەی بەڕێزت پسپۆریت لەسەر دیموکراتی و پارتە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵات هەیە، ئایا دەبێت پارتە سیاسییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا بکەن کاتێك لە دەسەڵاتدان؟**

- من زۆربەی ژیانم تەرخانکردووە بۆ دیراسەتکردنی ژیانی سیاسی ئەندەنوسیا، ئەمە وڵاتێکی زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن و سەرکەوتووانە هەنگاوی هەڵگرتووە بەرەو دیموکراسی. کە تا ئێستا سێ هەڵبژاردنی نیشتمانیان ئەنجام داوە، ئەم وڵاتە کێشەی هەبوو، هەروەك لە پرسیارەکەتاندا ڕەنگی داوەتەوە، لە کاتێکدا کە پارتە سیاسییەکان لە بەرژەوەندی خۆیان کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن، کە هاوپەیمانێتی خێرا پێکدەهێنن و بەرگری و هەڵوێستی داکۆکیکارانەیان لە ئاست هیچ شتێکدا نییە، هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی دەزگاکانی دەوڵەت بکەن بۆ ئەوەی دارایی بۆ کاروبارەکانی خۆیان دابین بکەن. من ئەم سەردەمەم ناو ناوە «حکومڕانێتی پارتەکان» لەگەڵ ئەوەشدا، بە تێپەڕبوونی کات، توانرا جڵەوی پارتەکان بکرێت، ئەویش لە ڕێی بڕیاری دادگان و گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنەکانەوە. هێشتا کاری زۆرتر ماوە ئەنجامبدرێن، بەڵام دەکرێت بەرەوپێشچوونی بەردەوام بهێنرێتەدی. دیموکراسی، سەروەری یاسا، ڕۆژنامەگەری ئازاد و پارتە سیاسییەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ دوای دەستپێکردنی قۆناغی ئینتیقالی بەرەو دیموکراسی ئەوپەڕی ڕۆڵ و توانای خۆیان ئەدا بکەن. بەڵکو ئەمە دەوەستێتەسەر هەڵوێستەکان، پرۆسەکان، بەهاکان و پرۆسەی پەروەردە کە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی جێگیربن.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ڕەفتاری پارتە سیاسییەکان گرێدراوە بە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەوە؟ ئایا پارتە سیاسییەکان ئاستی نزمی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئیستیغلال دەکەن؟**

- بە شێوەیەك لە شێوەکان پارتە سیاسییەکان وەك کاری بازرگانیکردن وان. ئەوان هەڵدەستن بە فرۆشتنی ئایدیا و بیروبۆچوونەکان، پاڵێوراوەکان، ڕەمزەکان و ڕەنگە سیاسەتیش. ئەوا لە کاتی دەنگداندا «بەرامبەر» وەردەگرنەوە. کەواتە پارتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن بە کاراترین شێوە دەنگ بەدەست بهێنن. لە ئەندەنوسیا، ئەمە بە مانای جۆشدانی هاوڵاتیان هات لەسەر بنەمای ئاین و نەریتە مێژووییەکان یاخود بەکارهێنانی کەسایەتییەکانی وەك میگاواتی سوکارنۆپۆتری، کە بە دایکە مێگا ناسراوە، یاخود سوسیلۆ بەمبانگ یۆدهۆنۆ کە حاڵی حازر سەرۆکە. کاتێك هاوڵاتیان داوای باشتر دەکەن، ئەوا باشتر بەدەست دەهێنن لەبەر ئەوەی پارتەکان وەڵامی خواست و داخوازی هاوڵاتیان دەدەنەوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا دەنگ بەدەست بهێنن. ئەگەر هاوڵاتیان داوای باشتر نەکەن، ئەوا باشتر بەدەست ناهێنن.

*** یەکێك لە لایەنە سلبیەکانی دیکەی پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگە تازەگەشەکردووەکان ئەوەیە پارتە سیاسییەکان ناتوانن پرۆسەی چاکسازی ناوخۆی لە نێو خۆیاندا ئەنجامبدەن. واتە هەوڵنادەن لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا گۆڕانکاری لە خۆیاندا بکەن. کەواتە چۆن بتوانین زەمینەیەك دروست بکەین بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بتوانن چاکسازی لە نێو خۆیاندا بکەن؟**

- ئەو کاتە پارتە سیاسییەکان گۆڕانکاری لە خۆیاندا دەکەن کە ئەمە ببێتەهۆی کاراکردنیان. بۆ نموونە، تا ئەو کاتەی سەرکردەی پارتە سیاسییەکە دەتوانێت بەهۆی کاریزمای خۆیەوە خەڵك ڕابکێشێت، ئەوا پێویست بە پەرەپێدانی زەمینەیەکی پتەو و بەهێز ناکات بۆ ڕێکخراوەکانی پارتە سیاسییەکان لەبەر ئەوەی ئاسانترە بەهۆی کەسایەتی خۆتەوە دەنگدەر بەلای خۆتدا ڕابکێشێت. بنیاتنانی ڕێکخراوێکی پتەو پێویستی بە کاری سەخت و داراییەکی زۆر هەیە. زۆربەی پارتەکان ڕێگا ئاسانەکە هەڵدەبژێرن. هەندێ لە پارتەکان هەوڵی بنیاتنانی ڕێکخراوگەلێکی پتەو دەدەن. هەوڵدەدەن بانکێك لە سیاسەت و کۆمەڵە خەڵکێکی بەهرەمەند پێکبهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، پارتەکان ناتوانن ململانێ و ڕکابەری ئەو پارتانە بکەن کە پشت بە کەسایەتی، میوزیکی پۆپ، تی شێرت و فیستڤاڵی ڕەنگەکانی پارتە بکەن. بۆ ئەوەی پارتەکان بتوان چاکسازی ئەنجام بدەن، دەبێت داواکارییەکە لەلایەن کۆمەڵگە و لە ڕێی یاسادانەرانەوە بێت بۆ ئەوەی پارتەکان ناچاربکەن گۆڕانکاری ئەنجامبدەن لە چۆنیەتی ململانێکردن، چۆنیەتی بەرزرکردنەوەی ڕاپۆرتی دارایی و چۆنیەتی ململانێکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

*** یەکێکی دیکە لە لایەنە سلبیەکانی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە ڕێژەی ئافرەتان لەم پارتانەدا زۆر نزمە. بە دەربڕینێکی دیکە، پارتە سیاسییەکان تەنها بۆ پیاوانن. کەواتە هۆکاری ئەمە چییە؟ ئایا چۆن بتوانین ئەم ڕێژەیە زیادبکەین؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بابەتێکی دژوارە، لەبەر ئەوەی دوو بەهای بە نرخ لە دژی یەکتر دادەنێت. یەکەمیان ئەو بیروبۆچونەیە کە دەبێت ئافرەتان بەشداربن لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کاریگەرییان دەبێت لەسەر خۆیان و خێزان و منداڵەکانیان. ئێمە بەهۆی لێکۆڵینەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوتووە ئەو وڵاتانەی ڕێژەیەکی بەرزی ئافرەتانیان هەیە لە دەسەڵاتی یاسادانانەدا، هەروەك وڵاتانی ئەسکەندەنافیا، ئەوا یاسایەکیان هەیە کە پتر پشتیوانی لە خێزان دەکەن. بیروبۆچونەکەی دیکە ئەوەیە دەبێت پاڵێوراوەکان بۆ پۆستی گشتی لەسەر بنەمای شایستەی بوون هەڵبژێردرێن. کەواتە دانانی کۆتا بۆ ئافرەتان دژی دیموکراسییە. وەڵامێکی ئاسان بۆ ئەم پرسیارە نییە. دەبێت هەر وڵاتە و شێوازی خۆی بگرێتەبەر. هیندستان سیستمی کۆتای لە سەدا ٣٠ بۆ ئافرەتان دانا لەسەر ئاستی مەحەلی و سەرکەوتنێکی گەورەشی بەدەستهێنا. ئەندەنوسیا کاری بە سیستمی کۆتا کرد، بەڵام ئافرەتان وەك پێویست نوێنەرایەتی ناکرێن.

*** دوا پرسیارمان ئەوەیە، هەر کاتێك پارتێکی سیاسی گەیشتە دەسەڵات و حکومەتی پێکهێنا، ئایا بە شێوەیەکی گشتی دەبێت چۆن ڕەفتار بکات؟ ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن بەرنامەی خۆیان جێبەجێ بکەن؟**

- گریمانەیەکی دیکەی جێی سەرنج لە پشت پرسیارەکەتانەوەیە: ئەویش پارتە سیاسییەکان بەرنامەیان هەیە. لە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا. پارتەکان بەرنامەیان نییە. ئەوان تەنها ئامرازێکن بۆ تۆڕێك لەپەیوەندی کەلەسەر بنەمای خزمایەتی و موکافەئە بنیاتنراوە. ڕەنگە ئایدیای سەرەکیان هەبێت: عەلمانیەت، ئیسلام، دەوڵەتێکی یەکگرتوو، دەوڵەتێکی فیدراڵی. بەڵام لە پشت ئەم ئایدیا گەورانەوە ووردەکارییەکی کەم بەدی دەکەین دەربارەی ئەوەی سیاسەت چۆن دادەڕێژرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت دیموکراسی دەست بە گەشەکردن بکات تەنانەت لە بارودۆخێکدا کە بەرنامەڕێژییەکی کەمیشی تێدابێت. پارتە سیاسییەکان تۆمارێك دروست دەکەن بۆ ئەو ماوەیەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەبوو، دەنگدەرانیش دەتوانن ئەو تۆمارە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیان بکەنەوە. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن یارمەتیدەربن لە ئاماژەکردن بەو تۆمارە تاوەکو کارئاسانی بۆ دەنگدەران بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاربدەن، ئایا ڕازین لە ئەدای ئەو پارتە لە کاتێکدا کە لە دەسەڵاتدا بوو. دەکرێت وورده ووردە ئەم تۆمارە بکرێتە جۆرێك لە بەرنامە.

**کاتێک هاوڵاتیان داوای باشتر دەکەن، ئەوا باشتر بەدەست دەهێنن لەبەر ئەوەی پارتەکان وەڵامی خواست و داخوازی هاوڵاتیان دەدەنەوە**

**لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا. پارتەکان بەرنامەیان نییە. ئەوان تەنها ئامرازێکن بۆ تۆڕێک لەپەیوەندی کەلەسەر بنەمای خزمایەتی و موکافەئە بنیاتنراوە**

## جۆن دۆگاس بۆ گوڵان:

# لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین کە خەڵک لە دەوری سەرکردە پۆپۆلیستەکان کۆدەبنەوە لەبەرئەوەیە حزبە سیاسییەکان ناتوانن خۆیان نوێبکەنەوە



**پرۆفسۆر جۆن دۆگاس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئیندیانە و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەت لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و پەرەپێدان لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن، ئەم سێ بوارەی پرۆفیسۆر دۆگاس تایبەتمەندی تێدا هەیە، حزبە سیاسییەکان رۆڵێکی گرنگی تیا دەگێڕن، بۆ هەڵسەنگاندنی رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە بواری پێشخستنی کۆمەڵگە پرۆفیسۆر دۆگاس بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

پارتە سیاسییەکان پێویستن بۆ ئەوەی دیموکراسی سەرکەوتو بێت و گەشەبکات، بەڵام بە تەنها بەس نین بۆ بەرهەمهێنانی دیموکراسی

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا پارتی سیایی بەدیلی نییە لەبەر ئەوەی تەنها دامەزراون کە بتوانن نوێنەرایەتی خەڵك بکەن، بەڵام هاوشانی حزبە سیاسییەکان چەندین رێکخراوی دیکە هەن هەمان کار دەکەن وەك رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئایا جیاوازی حزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چییە؟**

- ئەوەی پارتە سیاسییەکان لە گروپەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی یان ڕێکخراوە ناحکومییەکان جیادەکاتەوە بریتییە لە بوونی پاڵێوراو بۆ بەدەستهێنانی پۆستە گشتییەکان، هەروەها خاڵێکی دیکە کە پارتە سیاسییەکانی لە ڕێکخراوەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە پارتە سیاسییەکان بایەخ بە تێکڕای کێشەکانی کۆمەڵگە دەدەن، بە پێچەوانەی ڕێکخراوەکانەوە کە هەر یەکێکیان گرنگی بە بوارێکی دیاری کراو دەدات. بەو پێیە پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی بەشێکی کۆمەڵگە دەکەن لە سیستمە سیاسییەکەدا.

*** کەواتە بەڕای بەڕێزت پارتە سیاسییەکان سەرچاوەن بۆ بەرهەمهێنان یان بونیادی دیموکراسی، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەین لە زۆر وڵات سیستمی پەرلەمانیش هەیە و حزبی سیاسیی و فرە لایەنیش هەیە بەڵام دیموکراتی بوونی نییە؟**

- ئەگەر پێمان وابێت پارتە سیاسییەکان دیموکراسی بەرهەم دەهێنن ئەوا گریمانەیەکی هەڵەمان کردووە، پارتە سیاسییەکان پێویستن بۆ ئەوەی دیموکراسی سەرکەوتو بێت و گەشەبکات، بەڵام بە تەنها بەس نین بۆ بەرهەمهێنانی دیموکراسی.

* پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان و خەڵك لە کۆمەڵگەی دیموکراتی متمانەیە، کەواتە پارتە سیاسییەکان هەموو کات پێویستیان بەوەیە کە متمانەی خەڵکە نەدۆڕێنن، بەڵام لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە لە دەسپێکی دیموکراتیدان،دەبینن پارتەکان کە دەچنە دەسەڵات گوێ بەم متمانەیە نادەن،ئایا بەڕای تۆ هۆکاری ئەمە چییە؟

- هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە پارتە سیاسییەکان بەرەو گەندەڵی بچن و بەو شێوەیە کاربکەن کە تەنها کار بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی لایەنگرەکانیان بکەن، لەم حاڵەتەشدا زەحمەتە بتوانین دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوومان هەبێت، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد بوونی پارتە سیاسییەکان بەس نییە بۆ هێنانەدی دیموکراسی بەڵام توخمێکی پێویستن.

ناتوانرێت هەنگاو بۆ پتەوکردنی دیموکراسی هەڵبگیرێت ئەگەر هاتوو ئاستی هەژاری و نەخوێندەواری لە وڵاتەکەدا بەرز بوو

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ڕەفتاری پارتە سیاسییەکان گرێدراوە بە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاوە؟ ئایا پارتە سیاسییەکان ئاستی نزمی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئیستیغلال دەکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕاستە کە ناتوانرێت هەنگاو بۆ پتەوکردنی دیموکراسی هەڵبگیرێت ئەگەر هاتوو ئاستی هەژاری و نەخوێندەواری لە وڵاتەکەدا بەرز بوو. ئەوەش ڕاستە کە پارتە سیاسییەکان هەوڵی سوود وەرگرتن دەدەن لەم واقیعە، هەرچەندە هاوڵاتیانی سادە هەست بەم ئیستیغلالە دەکەن، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئەوان زانیارییەکی زۆریان نەبێت و خاوەنی هۆشیارییەکی بەرز نەبن، بەڵام ئەوان خەڵکانێکی گێل نین و هەست بە شتەکان دەکەن، بۆ نموونە لەو وڵاتانەی ئەمەریکای لاتینیدا دیاردەی پۆپۆلیزم هەیە کە کەسایەتییەکی سیاسی پشت بە کاریزمای خۆی دەبەستێت و خەڵك بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و بەڵێنی زۆریان پێدەدات ئەگەرچی ناتوانێت زۆرێك لە بەڵێنەکانیشی جێبەجێ بکات.

*** یەکێك لەلایەنە سلبییەکانی دیکەی پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵکە تازەگەشەکردووەکان ئەوەیە پارتە سیاسییەکان ناتوانن پرۆسەی چاکسازی ناوخۆی لە نێو خۆیاندا ئەنجامبدەن. واتە هەوڵنادەن لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا گۆڕانکاری لە خۆیاندا بکەن. کەواتە چۆن بتوانین زەمینەیەك دروست بکەین بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بتوانن چاکسازی لە نێوخۆیاندا بکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت پارتە سیاسییەکان لە ژیانی ناوخۆی خۆیاندا دیموکراتی و شەفاف بن و لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن، کەواتە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە دەبێت خودی ئەم پارتانە خۆیان پارتگەلێکی دیموکراسی بن.

*** لایەنێکی سلبی نێو پارتە سیاسییەکان بەگشتی و پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بە تایبەتی ئەوەیە، کە ئارێژەی بەشداری ئافرەت لەناو پارتەکاندا زۆر کەمە، ئایا چۆن دەتوانین ڕێژەی ئافرەت زیاتر بکەین؟**

- ئەوە پەیوەندی بەتێڕوانینی کۆمەڵگەوە هەیە بۆ ئافرەت، یان پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، کە بۆ ڕاستکردنەوەی بارودۆخەکە دەبێت کار بۆ گۆڕینی ئەم تیڕوانینە بکەین. یەکێکی دیکە لەڕێگاچارەکان بریتییە لەدیاریکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ ئافرەتان کە ئەمە تا ڕادەیەك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

*** ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن بەرنامەی خۆیان جێبەجێ بکەن؟**

- من پێم وایە دەبێت پابەندبن بە ڕێساکانی گەمەکەوە، بۆ نموونە ئەگەر پارتێکی سیاسی دیاریکراو زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستهێنا دەبێت پابەند بێت بە جێبەجێکردنی سەروەری یاساوە.

## کاریلس بۆیکس بۆ گوڵان:

# پرۆسەی خۆنوێکردنەوەی حزب لەهەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ناو حزب و چۆنیەتی کاندیدکردنی پاڵێوراوەکان دەست پێدەکات



**پرۆفیسۆر کاریلس بۆیکس یەکێکە لە تۆژە دیارەکانی ئامۆژگای بە ناوبانگی ۆردۆ ویلسن و ئوستادی زانستی سیاسەتیشە لە زانکۆی پریستۆن، ئەندامی دامەزراوەی مارشاڵە لە ئەڵمانیا و پسپۆر و تایبەتمەندیشە لەسەر رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە و چۆنیەتی دامەزراندی پارتە سیاسیەکان و ریفۆرم لە ناوحزبدا، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی حزبی سیاسیی و چۆنیەتی ئەنجامدانی ریفۆرم لە حزبە سیاسیەکاندا پۆفیسۆر بۆیکس بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

*** بە پێی بۆچوونی ئێوە گرنگی پارتە سیاسییەکان چییە بۆ سیستمی دیموکراسی؟**

- لە دیموکراسیدا نوێنەرایەتی هەیە، مەبەستم ئەوەیە بەهۆی پرۆسەی دەنگدانەوە خەڵکی نوێنەرەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و چەند ئەرکێکی دیاریکراو دەخەنە ئەستۆیان، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، یەکەم لەبەر ئەوەی ژمارەی خەڵکەکە زۆرە و مومیکن نییە هەموویان بەشداربن لە ڕاپەراندانی ئەم ئەرکانەدا، دووەم سەرقاڵبوونی خەڵکە بە کێشە و پرسەکانی خۆیانەوە، لەبەر ئەوە لە ڕێی ئەم نوێنەرایەنەوە ئەو کارانە ئەدا ئەکرێن، ئەم نوێنەرانەش ئەنجومەنی نیشتیمانی پێکدەهێنن و دواتر حکومەت، کە لێرەدا ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانە و ململانێکردن و دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکان بۆ ئەو پۆستانە لە ڕێی پارتە سیاسییەکانەوە دەکرێت.

*** لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پارتە سیاسییەکان بوونیان هەیە. لە هەمان کاتدا تا ڕاددەیەك دیاریکراو سیستمی فرەحزبیش بوونی هەیە. بەڵام پارتە سیاسییەکان ناتوانن دیموکراسی بەرهەمە بهێنن، ئایا هۆکاری نەتوانینی پارتە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە چین لە بەرهەم نەهێنانی دیموکراسیدا؟**

- پێموایە پرسیارەکەی ئێوە ئەوەیە ڕەنگە پارتە سیاسییەکان بوونیان هەبێت، بەڵام هیچ بەرژەوەندی و پاڵنەرێکیان نەبێت بۆ ئەوەی دیموکراسییانە ڕەفتار بکەن، من پێم وایە ئەو کاتە ئەگەری سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیموکراسی لە ئارادانابێت ئەگەر پارتە سیاسییەکان ئامادەی قبوڵکردنی دۆڕان نەبن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها ئەو پارتانەی دەسەڵات دەگرنە دەست ئەم دەسەڵاتە بۆ سەرکوتکردنی نەیارو بەرهەڵستکارەکانیان بەکاربهێنن. زۆرجار هۆکاری دیموکراسی نەبوونی وڵاتێك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ململانێ لەسەر سەروەت و سامانی وڵاتەکە دەکرێت، مەبەستم ئەوەیە لەوڵاتێکی هەژاردا ئەو پارتەی دەسەڵات دەگرێتە دەست دەست بە سەر داهاتی وڵاتەکەدا دەگرێت بۆ بەرژەوەندی خۆی لەبەر ئەوە بە ئاسانی ئامادەی بەشداری کردن نابێت لە هەڵبژارندا و ئەگەر بەشداریش بێت ئامادەی دۆڕاندن نابێت. هەروەها ئەو وڵاتانەی خاوەن سەرچاوەی سروشتی گەورەن، وەك نەوت، لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا ڕکابەرییەکە لە بارەی کۆنترۆڵکردنی ئەو سەرچاوانەوە دەبێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە زۆربەی وڵاتە دەوڵەمەند بە نەوت دیموکراسی نین.

*** لەو وڵاتانەی کلتوری دیموکراسی تازەیە،دیاردەیەك هەیە کە نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتی دیموکراتی بکرێت، ئایا بە بۆچوونی بەڕێزت دەبێت پارتە سیاسییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا بکەن کاتێك لە دەسەڵاتدان؟**

- لە هەڵبژاردنەکاندا پارتە سیاسییەکان بەشدار دەبن و بەڵێنی جۆراجۆر بە خەڵك و بە دەنگدەران دەدەن، کە دەبێت دواتر هەڵبستن بە جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانە. یەکێك لە لایەنە جوانەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە کاتێك ئەو پارتانەی دەگەنە دەسەڵات لە ئاست بەرپرسیارێتی و بەڵێنەکانی خۆیاندا نابن، ئەوا دەنگدەران دەتوانن متمانەیان لێوەرگرنەوە و جارێکی دیکەی دەنگیان پێنەدەن .

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ڕەفتاری پارتە سیاسییەکان گرێدراوە بە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەوە؟ ئایا پارتە سیاسییەکان ئاستی نزمی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئیستیغلال دەکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە هەمیشە سیاسییەکان و دیکتاتۆرەکان هەوڵی سوودوەگرتن و ئیستیغلالکردنی ئەم بارودۆخە دەدەن. بەڵام ئەوەی لە دیموکراسیەتە زیندوو و دێرینەکاندا دەبینرێت ئەوەیە هاوڵاتییان دەتوانن کاربەدەستان و سیاسییەکان ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەنەوە و فشاریان لەسەر دروست بکەن بۆ ئەوەی بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن تاوەکو لە ئاستی ئەرك و بەرپرسیارێتییەکاندا بن. کەواتە تاوەکو هۆشیاری و وریایی هاوڵاتیان زیاتر بێت، تاوەکو باشتر ئاگاداری کاروبارەکان بن و ڕۆژنامەکان بخوێننەوە ئەوا باشتر دەتوانن کاربەدەستان بخەنە بەردەم بەرپرسیارێتییەکانیان و گوشاریان لەسەر دروست بکەن بۆ جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانیان.

*** کەواتە چۆن بتوانین زەمینەیەك دروست بکەین بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بتوانن چاکسازی لە نێوخۆیاندا بکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە چەند شێواز و ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان پەرە بە پرۆسەی خۆنوێکردنەوەو چاکسازی بدەن، وەك بوونی هەڵبژاردنی ناوخۆیی و چۆنیەتی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکان. هەروەها یاسای هەڵبژاردنەکانیش کاریگەری هەیە لەسەر ئەم پرۆسەیە، بۆ نموونە لە وڵاتی بەریتانیا لەبەر ئەوەی کار بە سیستمی زۆرینە دەکرێت ئەوا گەیشتنی پاڵێوراوەکان بە پەرلەمان کارێکی زەحمەتە بە پێچەوانەی ئەو سیستمەی لە هۆڵەندا پیادەدەکرێت کە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەی پەیڕەودەکات.

*** یەکێکی دیکە لەلایەنە سلبیەکانی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە ڕێژەی ئافرەتان لەم پارتانەدا زۆر نزمە. ئایا چۆن بتوانین ئەم ڕێژەیە زیادبکەین؟**

- لەهەندێ لە وڵاتاندا ئافرەتان توانیویانە لە بواری گشتیدا دەربکەون و چالاك بن و بەمشێوەیە توانیویانە ڕێژەی خۆیان لە پۆستە گشتییەکان بەرزبکەنەوە، لە هەندێ وڵاتی دیکەدا کە هەست دەکرێت جیاکاری دژی ئافرەتان کراوە، هەوڵدەدرێت نەوەی نوێ بە شێوەیەکی جیاواز گۆشبکرێن و لە هەمان کاتدا هەوڵدەدەن سیستمی کۆتا بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی ئافرەتان بە شوێنی بڕیار هەرچەندە ئەمە لایەنی سلبیشی هەیە، چونکە دەبێت هۆی ئەوەی کەسەکان لەسەر حسابی کەفائەت و شایستەبوون دابنرێن.

*** ئایا چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن بەرنامەی خۆیان جێبەجێ بکەن؟**

- من پێم وایە ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی هاوڵاتیان چ هەڵوێستێکیان دەبێت، یاخود ئایا هاوڵاتیان ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە چاودێریکردنی پارتی دەسەڵاتدار و ڕووبەرووی بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی دەکەنەوە.

**ئەگەری سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیموکراسی لە ئارادانابێت ئەگەر پارتە سیاسییەکان ئامادەی قبوڵکردنی دۆڕان نەبن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا**

**یەکێک لە لایەنە جوانەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە کاتێک ئەو پارتانەی دەگەنە دەسەڵات لە ئاست بەرپرسیارێتی و بەڵێنەکانی خۆیاندا نابن، ئەوا دەنگدەران دەتوانن متمانەیان لێوەرگرنەوە و جارێکی دیکەی دەنگیان پێنەدەن**

# حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەنـ



**فوئاد سدیق**

دروستبوونی حزبی سیاسی لە جیهاندا لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی خێراو کتوپڕ نەبووە،بەڵکو پێوەندی بەو پرۆسە درێژخایەنەی دیموکراسییەوە هەبووە کە چەندین سەدە بەردەوامبووەو ئینجا چاکسازی ئایینی کە مارتن لۆسەر لە ئەڵمانیا لە ساڵی (١٥١٧)و جۆن کلڤن لە فەرەنسا لەساڵی (١٥٣٤)دەستیان پێکرد.کە لە ئەنجامدا نەهێشتنی کۆیلایەتی و سەرهەڵدانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسای لێکەوتەوە.ئەمانە هەمووی لەپێناوی تەواوکردنی دیموکراسی بوون.بەڵام بەچەندین بیروبۆچوونی جودا جوداوە،بۆنموونە لە سەردەمی چارلسی یەکەمی بەریتانیا(١٦٢٥-١٦٤٩) ئەنجوومەنی گشتی دووبۆچوونی جیاوازیان هەبوو،بەشێکیان کۆنەپارێزبوون دەیانویست هەر لەگەڵ شانشیندا بن و ڕۆڵی کەنیسەو ڕەوشی کەنیسە وەك خۆی بمێنێتەوە،بەڵام بەشەکەی تر کە رادیکاڵ و نوێخواز بوون،داوایاندەکرد دەسەڵات بۆ ئەو ئەنجوومەنە بێت کە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە،دەیانوت نابێت حوکمی میر چیدی حوکمێکی خوایی بێت.ئەنجام بەهۆی شەڕێکی سەختەوەلەنێوان لایەنگرانی پەرلەمان(کە باڵە رادیکاڵەکەبوون)لەگەڵ سوپای میر (کە کۆنەپارێزەکان بوون)،چارلسی یەکەم لە سێدارەدراو، ئیتر ئینگلتەرا بوو بەدەوڵەتێکی کۆماری. ئەمە بووە سەرەتایەك کە حزبی لیبرال و حزبی پارێزگاران لەو وڵاتە لە ساڵانی (١٨٣٠)بەدواوە دابمەزرێن. لە ئەمریکاش کاتێك دەستوور لە ساڵی (١٧٨٧)دانرا ئاماژەیەك بۆ دروستکردنی حزب نەکرابوو،چونکە جۆرج واشنتۆن کە بە باوکی دامەزرێنەری ئەمریکا دادەنرێ،لەگەڵ دروستبوونی حزب نەبوو،تا لەساڵی (١٨٠٠)کە تۆماس جیفرسۆن بۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرا ئینجا سیستەمی حزبی پیڕەوکرا.دوای ئەم مێژووە لە فەرەنساو وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا دروستبوونی حزب هاتنە ئاراوە،لە وڵاتانی عەرەبیش یەکەمین سەرهەڵدانی حزب لە،وڵاتی میسر بوو کە بە ناوی حزبی نیشتمانی لە ساڵی ١٨٧٩ دامەزرا.

هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە دروستبوونی حزب دیاردەیەکی نوێیەو لەگەڵ پێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی و بیروڕای جیاواز هاتۆتە ئاراوە.هەرچەندە (مۆریس دۆڤرجێ)لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا(حزبە سیاسیەکان) نووسیویەتی،سەرهەڵدانی حزبی سیاسی تا ساڵی (١٨٥٠) ئەمریکای لێ دەرچێ بەمانای ئێستا بوونیان نەبووە. دەشکرێ بڵێین دۆڤرجێ یەکەمین لێکۆڵەرو تۆژەری زانستییە کە لەساڵی (١٩٥١)لەسەر حزبە سیاسییەکانی نووسیوە،لەکاتێکدا دۆڤرجێ پێناسەیەکی وردی بۆ حزب نەکردبوو لەو کتێبەیدا.

هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن،لەبەرئەوەی سەرهەڵدانی حزب لە بنەڕەتداو بەگشتی بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە،بۆیە لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بوارە ئەوەندە کەڵەکەبوو نین،بەتایبەت کاتێك ئێمە مەبەستمانە قسە لەسەر وڵاتی خۆمان کە کوردستانە بکەین.ئەگەرچی پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند حزب و ڕێکخراوێك هەبوون وەك حزبی رزگاری و شۆڕش و.... بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمانە ڕێکخراو یا گرووپ بوون،پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەمین حزبی نەتەوەییە کە لەکوردستانی باشوور دامەزراوە لە ساڵی (١٩٤٦).ناچینە سەر ئەو مێژووە،بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە ئایا ئیمرۆ حزبەکانی کوردستان نەکەوتوونەتە قەیرانێکی قووڵەوە؟ئایادەتوانن بەم هەموو قەیرانەوە بەردەوام بن؟ بۆچی نایانەوێ خۆیان نوێ بکەنەوە؟بەربەست بۆ نوێکردنەویان چییە؟ئایا هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حزبەکان لەگەڵ ئەوەدان کە حزبەکانیان هەر بەمشێوەیەی ئێستایان بن،یان بەشێکی زۆری ئەو ئەندام و لایەنگرانە لەگەڵ نوێبوونەوەی حزبەکانیان؟ئەگەر وایە حیکمەت لە نوێنەبوونەوەیان چییە؟ئەی ئەگەر خۆیان نوێنەکەنەوە چۆن دەتوانن درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن؟ئایا خەڵکی کوردستان هوشیاری سیاسی و نەتەوەیی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە باش بڵێن باش و بە خراپ بڵێن خراپ؟دڵنیاین ئەو هوشیارییە دروستبووە،ئەوەتا بە گلەیی و دەنگی ناڕەزایی ئەو خەڵکەوە دیارە،بەڵام ئەی بۆچی کادیرانی حزب ئەم ڕۆڵی نوێبوونەوەیە ناگەیەنن بە سەرکردایەتی و لەبری ئەوە زۆر جار سەرکردایەتیش لە خشتە دەبەن؟ئەمانەو زۆر پرسیاری دیکە پێویستیان بە وەڵامی ڕاست و دروست هەیە،چونکە قۆناخی هەلومەرجی ناسك، دوژمنمان زۆرە،جاری قسەمەکەن،..هتد بەسەرچوو،ئێستا کاتی ئەوەیە بە شێنەیی بەڵام بەجیدی بیر لە ئایندە بکەینەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرێنەرەکەی کە باوکی کورد مستەفا بارزانی یە،بە پێچەوانەی ئەو حزبانەی لە ئەمریکا،ئینگلتەرا، فەرەنساو....هتد دامەزران،پارتی دروستکرد،واتا پارتی لەباروودۆخێکی جیاواز لە هی ڕۆژئاوا سەریهەڵدا، پارتی لەرووی زوڵم و زۆرداری

# ـێوان نوێبوونەو ئێکسپایەربوونیاندا

دامەزرا،بۆداکۆکی لە مافی نەتەوەیی و نیشتمانی،کورد دەنگی لە پەرلەمانی عێراقدا نەبوو،تا گرووپێکی کوردی دروستبن و دواتر ببن بە حزب وەك لە رۆژئاوا وا دروستبوون. بەڵکو پارتی دروستبوو بۆئەوەی قوربانی بدات،بۆئەوەی کۆتایی بە چەوسانەوە بهێنێت،بۆیە بارزانی نەمر کە خەباتی شاخی گرتەبەر،جوانترین دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەو سنوورانەی کەوتبوونە ژێردەسەڵاتی شۆڕشەوە پێڕەو پیادە دەکرد.نەك تەنها نموونەیەك، بەڵکو سەدان نموونەی زیندوو هەن کە بارزانی نەمر چۆن بواری ئەوەی نەدەدا،مشەخۆر لەناو شۆڕش پەرەبسێنن،بواری ئەوەیشی نەدەدا بەناوی شۆڕشەوە خەڵکێك ئازار بدرێت،هەربۆیە بارزانی نەمر تا لە ژیاندابوو،نەك هەر شۆڕشگێڕێکی راستەقینەی گەل بوو،باشترین دادوەریش بوو.بۆیە دوای وەفاتی،گەل نازناوی (باوکی کورد)ی بەباڵادا بڕی.

ئێستا حزبەسیاسیەکانی کوردستان بەگشتی لە قەیراندان،چەندیان دەتوانن نوێببنەوە،چەندیان میللەت مەدالیای ئێکسپایەربوونیان بەگەردنەوە هەڵدەواسی،چەندیان چەقیون و ئومێدی پێشکەوتنیان لێ بەدی ناکرێ، ئایندە وەڵامی هەموو ئەوانە دەداتەوە،بەڵام ئەوکات کار لەکار دەترازێ و ئیتر حزبەکانی ئێکسپایەربوو هیچ دادی مانەوەیان نادات.

لێرەوە قسەیەك لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین،کە لە نێو هەموو ئەو حزبانەی لە کوردستان کاری مەیدانی و چالاکی خۆیان دەکەن،بە ئەزموونترین حزبی سیاسییەو هەروەها تا نووسینی ئەو سەروتارەش بەهێزترین پێگەی سیاسی لە کوردستان هەیەو،بەجەماوەریترینیشی انە،بەڵام هەموو ئەمانە مانای ئەوە نییە ئەو رێژەیەی جەماوەریبوونە ئیتر نەگۆڕەو هەر وا دەبێت،هەروەك بینیمان رێژەی هەندێك لە حزبەکانی تر بەردەوام لەگۆڕانی زەق بووە،بۆ نموونە بزووتنەوەی ئیسلامی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان،یەکگرتووی ئیسلامی،حزبی شیوعی کوردستان، هەموو ئەمانە ئێستا خۆزگە بە رابردوویان دەخوازن، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان هێشتا خاوەنی ئەو هێزەیە کە لەناو خەڵکی کوردستان شانازی بەخۆیەوە بکات،بەڵام بەردەوامبوونی پارتی لەسەر هەندێ هەڵەی ناوەخۆی کە پێوەندی بە زۆرکردنی گەندەڵکارو مشەخۆرانەوە هەیە لە ریزەکەی،گلۆپێکی سووری خەڵکی کوردستانە لەبەرامبەریدا دایانگیرساندووە،بۆیە ناکرێت کەسانێکی زۆر لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵێك ئیمتیازاتی ناشەرعییەوە،خۆیان وادابنێن کە پارتی عەیار بیست و چوارن،ناکرێت خەڵکی بێ تواناو هیچ لەبارنەبوو رۆڵی گرنگ لەناو حزبەکە وەربگرن و خەڵکی بەتواناش دووربخرێنەوە،بەردەوامبوونی خەڵکی بێ تواناو گەندەڵ لە بەرپرسیارێتی پارتی وەکو خواردنەوەی ئەو ژەهرە وایە کە رۆژ لە دوای رۆژ سیس و لاوازتری بکات.

پارتی پێویستی بە ریفۆرم هەیە؟پێموایە نەك پارتی کە ئەمڕۆ زۆر زۆر پێویستی بە ریفۆرم هەیە،بەڵکو هەموو حزبێك بەردەوام پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە،بێگومان نوێبوونەوە، بەرژەوەندی شەخسی ئەم بەرپرس یا ئەو بەرپرس بچووکدەکاتەوە،بەڵام رای گشتی وەدەستدەهێنێت، رێکخراوی فتح لە فەلەستین و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق دوو نموونەن کە میللەت لە هەڵبژاردندا نەك تەنها گلەیی بەڵکو پەیامی تووڕەییەکانی خۆیانیان پێگەیاند،پێویستە پارتی سوود لەو ئەزموونانە وەربگرێت و ئیتر دیاردەی واسیتەو واسیتەکاری و پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان بەرپرسان نەهێڵێت،ئاخرخەڵکی بە توانا چ پێویستییەکی بە شەفاعەتی بەرپرسێکی گەندەڵ هەبێت؟تا بوارێکی بۆ بڕەخسێنێت بۆ کارکردنی لەو حزبە.

ژیان لەگۆڕاندایە،بۆیە پێویستە هەموو حزبەکانیش بەپێی ئەو گۆڕانە گۆڕان لە خۆیان بکەن،بە تایبەت پارتی کە هەموو جومگە گرنگەکانی حوکمڕانی،سیاسی،جەماوەری بەدەستەوەیە،بەتایبەت کەسایەتی سیاسی و نەتەوەیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان باشترین هۆکارن بۆ نوێکردنەوەی پارتی،ناشکرێت حزبێك کە بارزانی نەمر هێڵە گشتییەکانی سیاسەتەکەی رەنگرێژ کردو خەباتی سەختی بۆ ئەنجامدا،تەنانەت وەك جەمال عەبدولناسر کە چۆن بەهۆی شکستەکەی ساڵی ١٩٦٧ بە نائومێدی سەری نایەوە، بارزانی نەمریش لەخەمی شکستی ١٩٧٥ و بەم هەموو پیلانەی دوای شکستی ١٩٧٥ یش بەردەوام بوون لەسەری، ناچارکرا لە ئاوارەیی ماڵئاوایی لە میللەتەکەی بکات، ئەمجۆرە ماڵئاواییە کردی بە باوکی رووحی نەتەوەیەك، بۆیە ناکرێت حزبێك بارزانی نەمر بەم هەموو قوربانیدانەی پەروەردەی کردو گەورەی کرد،ئێستا بەهۆی مشەخۆرانەوە لەبەرچاوی هەر ئەو خەڵکە ناشیرین بکرێت. کەس ئەمە قەبووڵ ناکات ماستاوچی و مشەخۆرەکان نەبن.